## چاپکراوی نوێ

چاپی یەکەم و بەرگی یەکەمی پەرتووکی (هێگل پەیڤدارێن ل سەر مێژووا فەلسەفێ دە) نووسینی دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە بە زمانی کوردی لاتینی لە توێی (٥٥٦) لاپەڕەدا بڵاوکرایەوە. وێڕای پیرۆزبایی لە نووسەری بەڕێز هیوادارین کاروانی دەوڵەمەندکردنی پەرتووکخانەی کوردی بەردەوام و پڕبەرهەم بێت.







# کۆتایی سایکس- پیکۆ یان کۆتایی مێژوو

**دەرهاویشتەکانی (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی کوردستان هاوتای رووخانی دیواری بەرلین جیهانی سەرقاڵ کردووە**

**جیاوازیی نێوان بەغداو کوردستان ئەوەیە کە بەهۆی سیاسەتی هەڵەی دەسەڵاتدارانی بەغدا داعش دروست بوو، بەڵام سیاسەتی حەکیمانەی کوردستان داعشی تێکشکاند و ئەفسانەی داعشی بەتاڵ کردەوە**

**ئەمریکا ئەوەندە یەکپارچەیی عێراقی دەوێت، تا بزانێت ئایا لەناو عەرەبی شیعەی عێراقدا دەوڵەتمەدارێک هەڵدەکەوێت کە بتوانێت ئایندەی عێراق بە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە گرێ نەدات**

**ئەمریکا کاتێک پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە پابەندە بە یەکپارچەیی عێراق، مەبەستی ئەوە نییە عێراقێکی یەکپارچە تەسلیمی کەسێک بکات کە لە بچووکترین کێشەدا بەرگی مەدەنی فڕێ بدات و عەمامەیەکی ڕەش لەسەر بکات و هەڕەشە لە کوردستان بکات و عێراق بکاتە دیاری بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵکو مەبەستی ئەمریکا ئەوەیە عێراق یەکپارچە بێت هەتا ئەو کاتەی عەرەبی سوننە وەک پێکهاتەیەکی عێراقی دێنەوە سەرخۆیان و بڕیار لەسەر ئایندەی خۆیان دەدەن**

تەلەفزیۆنی CNN کە زۆر جار بۆ پیشاندانی کاریگەرییەکەی لەسەر سیاسەتی جیهانی پێی دەڵێن: (ئەندامی شەشەمی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی)، لەژێر تایتڵی (کورد تەحەددای هەموو جیهانی کردو ریفراندۆمی ئەنجامدا و بە ڕێژەی سەرووی ٩٠٪ بە بەڵێ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا) ڕوومالی هەواڵەکەی دەکرد، لەمەش زیاتر تامارا قیبلاوی پەیامنێریشی کە لە هەولێرەوە ڕوومالی پرۆسەی ریفراندۆمی بۆ هەمان کەناڵ دەکرد، راپۆرتێکی بە ناونیشانی (دوای ئەوەی تەحەددای داعشیان کرد، ئیدی کورد لە هیچ شتێك ناترسێت) بۆ CNNی ئامادە کردووە.

هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم تایتڵەی CNN و خوێندنەوەی دەرهاویشتەکانی ئەم پرۆسەیە کە ئیرادەی خەڵکی کوردستان پیشانی جیهانی دا، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەم کەناڵە وەك گەیاندنی زانیارییەك بۆ رای گشتیی جیهانی ئەو تایتڵەی هەڵبژاردووەو دەیەوێت بە هەموو جیهان بڵێت: (ئیرادەی خەڵکی کوردستان تەحەددای جیهانی کردو جیهانیش هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نییە، بێجگە لەوەی کە دەبێت ئەو تەحەددایە قبووڵ بکات). ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بەرجەستەکردنی ئەو بنەمایانەیە کە خودی ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەسەر دامەزراوە، گەلی کوردستانیش بە پشت بەستن بە بنەما و بڕیارەکانی ئەو ڕێکخراوە پرۆسەی ریفراندۆمی ئەنجام داوە.

هەڵوێستی تەواوی دەوڵەتانی جیهان بێجگە لە (عێراق و تورکیا و ئێران) بە تێکڕای ١٥ ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایشیشەوە، ڕێزگرتنە لە خواست و ئیرادەی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش (بەریتانیا، ئەمریکا، فەرەنسا، رووسیا، چین) کە سەرسامیی خۆیان بەرامبەر ئەو ئاستە بەرزەی بەشداریکردن لە پرۆسەکە و ئاستی زۆر بەرزی بەڵێی خەڵکی کوردستان نەشاردۆتەوە و رایانگەیاندووە کە ڕێز لەو ئیرادەیە دەگرن، بەڵام لە هەمانکاتیشدا هەموویان جەخت لەوە دەکەنەوە کە نابێت ئەم ئاکامە هەڕەشە لە یەکپارچەیی عێراق بکات، ئەمەش لەترسی ئەوەیە کە لە دایکبوونی دەوڵەتی کوردستان تەنیا پرسێك نییە پەیوەندی بە گۆڕانکاریی جوگرافی لەناو نەخشەی سیاسیی عێراقدا هەبێت، بەڵکو وەرچەرخانێکە کە کۆتایی بە سیستمە کۆنەکەی جیهان دەهێنێت و زەمینە بۆ لەدایکبوونی سیستمێکی تازەی جیهان خۆش دەکات، کە سەرلەنوێ پێناسەی تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتەوە. لەمەش زیاتر وەرچەرخانێکە کە بە هاوشێوەی پرۆسەی گلاسنۆستی گۆرباچۆف سەیر دەکرێت، هەروەك چۆن گۆرباچۆف بە گلاسنۆست سەرە قاپی ئەو مەنجەڵی هەڵمەپەستەی کێشەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشانی هەڵدایەوە و پاشان نەیتوانی سەرە قاپەکە دابنێتەوە و بە ڕووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان کۆتایی هات، بەهەمان شێوە ئێستا جیهان پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆم بە هەڵدانەوەی سەرەقاپی مەنجەڵە هەڵمپەستەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانێت، زۆر باشیش دەزانن جارێکی دیکە ناتوانن سەرەقاپی ئەو مەنجەڵە دابنێنەوە کە کێشەکانی ١٠٠ ساڵەی سایکس- پیکۆ لەناوەوە دەیکولێنێت.

## ● ڕووخانی دیواری بەرلین و بەڵێی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان

یەکێك لەو ڕووداوە مێژووییە گرنگانەی هەموو دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی رۆژئاوا و جیهانی ئازاد شانازی پێوە دەکەن، ڕووخانی دیواری بەرلینە بە ئیرادەی گەلی ئەڵمانیا، کە ئەوکات دابەش کرابوو و پێیان دەگوت (ئەڵمانیای رۆژهەڵات)، ئەم ڕووداوە لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتا پەیوەست بوو بە خواستی گەلی ئەڵمانیا بۆ دووبارە یەکگرتنەوەو کۆتاییهێنان بە دابەشکردن، بەڵام لەبەر ئەوەی لە بەشە دابەشکراوەکەی ئەڵمانیای رۆژهەڵات و بە ڕێگەی خۆپیشاندانی مەدەنییانە هەڵیانکوتایە سەر دیوارەکە و پەڕینەوە بۆ ئەڵمانیای رۆژئاوا، ئەوا ئەم ڕووداوە بووە سەرەتای ڕاگەیاندنی شکستی حوکمڕانیی سۆسیالیزم و سەرکەوتنی سیستمی حوکمڕانی دیموکراتی.

ڕووخانی دیواری بەرلین، پرۆسەیەکی پلان بۆ دانراو نەبوو، بەڵکو بریتی بوو لە تەقینەوەی ناخی پەنگخواردووی گەلی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و دروستکردنی دیوارێك بۆ جیاکردنەوەی لە گەلی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، هەر بۆیە ئەو دیوارەی کە ماوەی نزیکەی ٣٠ ساڵ هەردوو بەرەی جیهانی جووت جەمسەری ئەو کات بە بنەمای پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان و هاوسەنگی هێزی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دادەنرا، لەبەردەم ئیرادەی گەلی ئەڵمانیادا ڕووخا و جیهان بەرەو قۆناخێکی تازە هەنگاوی هەڵگرت، کە ئەویش لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و سەرکەوتنی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بوو لە جیهاندا.

ڕووخانی دیواری بەرلین هەرگیز وەك ڕووداوێکی تایبەت لە وڵاتێکی دیاریکراو لە جیهاندا سەیرنەکراوە، هەر بۆیە ئەم ڕووداوە وەك جیاکردنەوەی دوو سەردەم لە جیهاندا سەیر دەکرێت و ئاماژەیە بۆ کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و دووجەمسەری لە جیهان و سەرکەوتنی دیموکراسی. ئەمە لەو چوارچێوەیەدا ئەگەر ڕووخانی دیواری بەرلین ڕووداوێك بووبێت و لە وڵاتێکدا ڕوویدابێت، ئەوا دەرهاویشتەی ئەم ڕووداوە کاریگەری لەسەر تەواوی سیاسەتی جیهانی هەبووە و بە سەرەتای قۆناخێکی نوێ لە سیستمی جیهانی لەقەڵەم دەدرێت.

ئەگەر لە بازنەی کاریگەریی ڕووخانی دیواری بەرلینەوە، سەیری پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستان بکەین کە گەلی کوردستان بڕیاری دا خواستی خۆی پیشانی جیهان بدات، بەوەی سیستمی سیاسی لە دەوڵەتی عێراقدا چیدیکە شایستەی ئەوە نییە کە گەلی کوردستان وەك گەلێکی ئاشتیخواز و لێبووردە لە ناو ئەو سیستمە ئایینی و تایفەگەرایەدا بژی و دەیەوێت خاوەنی دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و دیموکراتی و سەربەخۆی خۆی بێت، دەبینین بە هاوشێوەی ڕووخانی دیواری بەرلین، دەرهاویشتەی بڕیاردانی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی کاریگەری لەسەر تەواوی سیاسەتی جیهانی دروست کردووەو جیهان بە جۆرێك بە پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستانەوە سەرقاڵ بووە، وەك ئەوەیە دیوارێکی دیکەی بەرلین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووخێندرابێت.

دیارە هەڵکوتانە سەر دیواری بەرلین ڕووداوێکی عەفوییانەی جەماوەری بوو، پاشان جیهان ئاکامەکەی بینی و مامەڵەیەکی ئیجابییانەی لەگەڵ ئاکامەکەی کرد، بەڵام ئەگەر لێرەوە وای دابنێین بۆ نموونە، گەلی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات پێش ڕووداوەکە خۆی ڕۆژی ٩ی ١١ی ١٩٨٩ی بۆ ڕووخانی دیوارەکە دیاری بکردایەو بیگوتایە لەم ڕۆژەدا دیوارەکە دەڕووخێنین، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هەموو جیهانی سەردەمی شەڕی سارد و کۆبوونەوە و وتووێژەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش بەرامبەر ئەم بڕیارەی گەلی ئەڵمانیا چۆن دەبوو؟ ئایا پێیان دەگوتن جارێ کاتی نییە و چاوەڕێ بکەن، یان هەر بە ڤیتۆکانی ناو ئەنجومەنی ئاسایش هەڕەشە بە شەڕێکی دیکەی جیهانی دەکرا؟

جیاوازیی نێوان ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم لەگەڵ ڕووخانی دیواری بەرلین تەنیا لەوەدایە کە کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان دیاریکراو بووەو، جیهان بەتایبەتیش نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و هاوپەیمانیی نیودەوڵەتی، ئاگاداربوون کە گەلی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ئەو پرۆسەیە ئەنجامدەدات، بۆیە هەموویان مەبەستیان بوو ئەم پرۆسە دوابخرێت و ئەنجام نەدرێت، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی لەوە بترسن، یان نەزانن ئاکامی ئەم ریفراندۆمە چۆن دەبێت، یان ئەگەر بەڵێ بێت بەو جۆرە دەبێت و نەخێر بێت بە شێوەیەکی دیکە دەبێت، نەخێر، ئەوان زۆر باش دەیانزانی کە عێراق و کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم، هەمان کوردستان و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم نابێت.

ئەگەر بۆ زیاتر ڕووی لێکچوویی کاریگەری پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستان و ڕووخانی دیواری بەرلین بەراوردێکی دیکە لەنێوان کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١ی کوردستان (کە ئەویش هەر ریفراندۆم بوو، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە) لەگەڵ ڕووخانی دیواری بەرلین بکەین، کە

**ریچارد هاس ڕاسپاردەی بۆ ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا ئەوەیە، کوردستان ریفراندۆمی ئەنجامداو بڕایەوە، ئێستا ئەرکی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا ئەوەیە ببنە بەشێك لە پرۆسەی دیالۆگی نێوان کوردستان و عێراق بۆ ئەوەی لەسەر پرسی خاك و داهات ڕێکبکەون، یان دابەشی بکەن، نەك ئەمریکا دژایەتی ئاکامی ریفراندۆمی کوردستان بکات**

**لەوانەیە باشترین نموونە بۆ دوایین شکستی سیاسەتی ئەمریکا، گرەوکردنی بووبێت لەسەر حەیدەر عەبادی، بەڵام دەرکەوت لە بچووکترین جیاوازیی بیروبۆچوون لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، خەریکە ئەوەی ئەمریکا ١٤ ساڵە هەوڵی بۆ دەدات، جارێکی دیکە بە خەساری بدات**

**کوردستان کە ڕۆڵێکی دیار و چالاکی لەشەڕی دژی داعشدا هەبووە، لە دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆییش نەك هەر هەمان ڕۆڵی دەبێت لە تێکشکاندنی سەربازیی تیرۆریستانی داعشدا، بەڵکو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەبێتە وێستگەی یەکەمی لە ڕیشەهەڵکێشانی فیکری ڕادیکالیزمی ئیسلامی لە سەرانسەری ناوچەکەدا**

داڤید دیڤۆس کارمەندی (USAID) لە وتارێکیدا بۆ ویکلی ستاندەر:

# کاتێک پێشمەرگە داعشی تێکدەشکاند سەربازانی عێراق هەڵدەهاتن و جلەکانیان دادەکەند و چەکانیان فڕێ دەدا


دیسان گەلی کوردستان رەتیکردەوە لە عێراقی ژێر دەسەڵاتی رژێمی سەدام حوسێن بژی، ئەوا دەبینین لەم حاڵەتەیاندا، لەبەر ئەوەی کۆڕەوی کوردستان بە هاوشێوەی رووخانی دیواری بەرلین، رووداوێکی عەفەوییانەی جەماوەری بوو، کە پێشوەختە بەرواری بۆ دیڤید دیڤۆس کە ماوەی پینج ساڵ لەگەڵ ئاژانسی (USAID) لە عێراقدا کاریکردووەو شارەزایە لەسەر بارودۆخی کوردستان و ناوەڕاست و باشووری عێراق، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (کوردەکان رێگەی خۆیان دەستکەوت. The Kurds Get Under Way) کە رۆژی ٩ی ئۆکتۆبەر لە گۆڤاری ویکلی ستاندەر بڵاو دەبێتەوە، باس لە پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەنیا راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە بەرژەوەندی ئەمریکا و سەرکەوتنی شەڕی دژی داعشدایە، بەڵام ئەمریکا ئەم راستییە نایەدەگرێت و خەو بەوەوە دەبینێت، عێراق بکاتە فنلەندایەکی ئیسلامی، بەڵام عێراق و ئێران بێجگە لە دوو دەوڵەتی ئایینی پرۆپەترۆڵ شتێکی دیکە نین. لەبەر گرنگیی وتارەکە چەند پەرەگرافێکی بەکوردی بڵاو دەکەینەوە:

«کورد لە عێراقدا خاکی خۆیان کۆنترۆڵ کردووەو سوپای خۆیان پاراستووە و کەلتوور و زمانێکی هاوبەشیان هەیە، هەروەها تا ئەو پەڕی خواستی ئەوەیان هەیە لە عێراق جیاببنەوە و ببنە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، بەڵام ئایا دەتوانرێت ئەم دیفاکتۆیە بگۆڕێت بە دەوڵەتێکی فیعلی، ئەگەر دیپلۆماتیەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانی پێدا بنێت و کورسییەکی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دابین بکرێت؟

ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە سەرۆك مسعود بارزانی هەفتەی رابردوو لە میانەی پرۆسەی ریفراندۆمدا رووبەڕووی بووەوە. ئەم هەرێمەی ئەو ریفراندۆمەی تێدا ئەنجامدرا، نزیکەی ٤,٥ ملیۆن دەنگدەر مافی دەنگدانی هەبوو بۆ ئەوەی دەنگ بە سەربەخۆیی بدەن، بە رێژەی زیاتر لە ٧٠٪ بەشدارییان تێداکردو زیاتر لە ٩٠٪یان دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا.

لەگەڵ ئەوەی ئەنجامدانی ریفراندۆم کارێکی ناسرووشتی نییە و لە ساڵی ١٩٩٩ نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتیی ریفراندۆمی تەیموری رۆژهەڵاتی کرد بۆ جیابوونەوە لە ئەندەنووسیا، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٤ سکۆتلەندییەکان لە ریفراندۆمێکدا دەنگیان بەوە دا کە لەگەڵ بەریتانیا بمێننەوە، بەڵام لە ٢٠١٦ بەریتانیا خۆی بڕیاری دا لە یەکێتی ئەوروپا بێتە دەرەوە، هەروەها لە ١٩٩٣ بڕیار درا چیکۆسلۆڤاکیا هەڵبوەشێندرێتەوە و ئەمەش بووە هۆی دامەزراندنی کۆماری چیك و سلۆڤاکیا وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ و هیچ کێشەو ئاڵۆزییەکیش لە ئەوروپا رووی نەدا،

دیسان گەلی کوردستان رەتیکردەوە لە عێراقی ژێر دەسەڵاتی رژێمی سەدام حوسێن بژی، ئەوا دەبینین لەم حاڵەتەیاندا، لەبەر ئەوەی کۆڕەوی کوردستان بە هاوشێوەی رووخانی دیواری بەرلین، رووداوێکی عەفەوییانەی جەماوەری بوو، کە پێشوەختە بەرواری بۆ دیاری نەکرابوو، ئەوا جیهان ناچار بوو وەك خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکات و لەمەش زیاتر ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد بۆ ئەوەی نەوای ئارام بۆ کوردستان دروست



بەڵام بەداخەوە ئەوانەی لایەنگریی یەکپارچەیی عێراق دەکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کوردستان حاڵەتێکی جیاوازە، ئەو کاتەی دەوڵەتێکی سەروەریی کوردی لە عێراق جیادەبێتەوە کە دانیشتووانەکەی ٦ ملیۆن کەسن، ئەمە کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی زیاتر لە ٢٢,٥ ملیۆن کوردی دیکەی تورکیا و ئێران و سووریا دەبێت. سیاسەتمەداران لە هەولێر دەڵێن لەوانەیە سەربەخۆیی ببێتە هۆکاری ناسەقامگیری ئەگەر بە ڕێگەیەکی ڕێکوپێك و مەنهەجی مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، بەڵام واشنتۆن ئەم پرسە ڕەتدەکاتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەر هەنگاوێك بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەبێتە هۆی ئەوەی تەرکیز لەسەر شەڕی دژی داعش کەم ببێتەوە و هەروەها دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەو پشتگیرانە کەم ببنەوە کە ئەمریکا دەیەوێت لە دانوستاندنی کوردستان لەگەڵ بەغدا پێشکەشی بکات.

بەڵام دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین، کاتێ داعش هێرشی دەست پێکرد، ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبوایە، ئێستا عێراق دەوڵەتێکی تیرۆریستی دەبوو، کە داعش هات سوپای عێراق بەرگی ڕەسمی سەربازی داکەند و چەکەکانی فڕێ دا و هەڵات بۆ باشووری بەغدا و بواری دا موسڵ و ڕومادی و فەلوجە و تەواوی سیگۆشەی سوننەنشین خۆیان تیکەڵی گرووپی تیرۆریستی خەلافەتی ئیسلامیی داعش بکەن، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دووری تەنیا ١٧ میل لە باشووری کەرکوکەوە توانی هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش رابگرێت، کاتێك سنجار هێرشی کرایە سەر و داگیرکرا، هێزە کوردییەکان توانییان هێرشەکانی داعش رابگرن و ڕێگەیان نەدا کۆمەڵکوژیی تەواوی ئیزیدییەکان بکرێت، لەماوەی سێ ساڵی شەڕی هێزی پێشمەرگە دژی تیرۆریستانی داعش، زیاتر لە ١٨٠٠ پێشمەرگە شەهید بوون. (ئەمەش مانای ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگە ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی هەبووە لە شەڕی دژی داعشدا- وەرگێڕ). هەربۆیە وێڕای ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشدارییەکی زۆر کارای لە شەڕەکە هەبووە و هەولێر ئیعجابی خۆی بۆ ئەمریکا نەشاردۆتەوە، بەڵام هەتا ئێستا ئەمریکا پشتگیرییەکی بەهێزی بەغدا دەکات و هەتا ئێستاش خەو بەوەوە دەبینێت کە عێراق بکاتە فنلەندایەکی ئیسلامی و شیعەو سوننە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێك جیادەکاتەوە. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر پشتگیری کورد بکات، مەترسی دەکەوێتە سەر عێراق و ئێران کە دوو دەوڵەتی تیوکراتی پڕۆپەترۆڵن و یەدەگی نەوتی عێراق و ئێران پێکەوە هێندەی دوو لەسەر سێی یەدەگی نەوتی عەرەبستانی سعودیە دەبێت.»

بکرێت و چیدیکە کورد لەژێر دەستی ڕژێمی سەدام حوسێن نەژی.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا جیهان دەیەویت ڕێز لە بەڵێی خەڵکی کوردستان نەگرێت، یان لە بنەڕەتدا دژی ئەنجامدانی پرۆسەکە بووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە کاردانەوە و هەڵوێستەکانی تەواوی جیهان لە پێش و پاش ئەنجامدانی پرۆسەکە دەیداتەوە و پێمان دەڵێت، جیهان نەیدەویست پرۆسەی ریفراندۆم لە کوردستان ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوەی

**لەبەرامبەر ئەو ئەگەر و پێشهاتانەی کە چاوەڕێی عێراق و وڵاتانی دەوروبەری دەکات، بێ ئومێدبوونی هەموو لایەک لەسەر ئەوەیە، کە ئەو دەوڵەتانە نە خۆیان دەگۆڕن بۆ سیستمێک کە گەلەکانی خۆیان ڕازی بکەن، نە دەشتوانن تاسەر گەلەکانیان سەرکوت بکەن**

**پرسەکە تەنیا بریتی نییە لە پیشاندانی خواستی گەلێک بۆ سەربەخۆیی و دەستپێکردنەوەی دیالۆگ لە نێوان کوردستان و بەغدا بۆ ئەوەی پەیوەندی داهاتووی نێوانیان ڕێکبخرێتەوە، بەڵکو ئەمە جاڕدانی کۆتاییهاتنی ئەو سیستمە کۆنەیە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردۆتە ناوچەیەکی بێ سیستم و پاشاگەردانی و سەرەتای لەدایکبوونی سیستمێکی نوێیە کە دووبارە بە شێوەیەکی تازە هەموو ناوچەکە ڕێکدەخاتەوە و کۆی هاوکێشە سیاسییەکان پێناسە دەکاتەوە**

جیهان باش دەزانێت ئەو دەرهاویشتانەی لە ئاکامی ڕاپرسیی خەڵکی کوردستان دێتەئاراوە و بە هاوشێوەی ڕووخانی دیواری بەرلین، دەرهاویشتەگەلێکن کە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی سیستمی جیهانی دەگرێتەوە، پرسەکە تەنیا بریتی نییە لە پیشاندانی خواستی گەلێك بۆ سەربەخۆیی و دەستپێکردنەوەی دیالۆگ لە نێوان کوردستان و بەغدا بۆ ئەوەی پەیوەندی داهاتووی نێوانیان ڕێکبخرێتەوە، بەڵکو ئەمە جاڕدانی کۆتاییهاتنی ئەو سیستمە کۆنەیە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردۆتە ناوچەیەکی بێ سیستم و پاشاگەردانی و سەرەتای لەدایکبوونی سیستمێکی نوێیە کە دووبارە بە شێوەیەکی تازە هەموو ناوچەکە ڕێکدەخاتەوە و کۆی هاوکێشە سیاسییەکان پێناسە دەکاتەوە.

خاڵی گرنگ کە بە ڕاشکاوی لە ئێستادا لە هەڵوێستی نێودەوڵەتی دەخوێندرێتەوە ئەوەیە کە داوا دەکەن، کوردستان دوای ئەوەی ریفراندۆمی ئەنجامدا، هەنگاوی دیکە هەڵنەگرێت، ئەمەش بەو مانایەی ئاکامی ریفراندۆمەکە تەرجەمە نەکات بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش، بۆچی ئەوەندە دەترسن کە نەتوانرێت ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دوابخرێت، لەکاتێکدا گەلی کوردستان و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی ئامادەباشی پیشانداوە لەسەر ئەم پرسە ماوەی ٢-٣ ساڵ، دانوستاندن و وتووێژ بکات و ئەگەر پێویست بکات ئەو ماوەیەش زیاتر درێژ بکاتەوە؟ ئایا لەوە دەترسن گەلی کوردستان دواخستنی ڕاگەیاندنی دەوڵەت لە سەرکردایەتییەکەی قبووڵ نەکات و جەخت لەسەر ڕاگەیاندنی دەوڵەت بکات و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش نەتوانێت لە بڕیاری گەلی خۆی دەربچێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ خوێندنەوەی ڕووداوەکان لە چوارچێوەی جوگرافیای کوردستاندا بەو جۆرەیە، کە لە نێوان گەلی کوردستان و بڕیاری سەرکردایەتییە سیاسییەکەی لێکتێگەیشتن و هەماهەنگییەکی



باش هەیە و بەوجۆرە کەلێن دروست نابێت کە مەترسی ئەوەی لێبکرێت گەلی کوردستان خواستێکی هەبێ و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی بڕیارێکی دیکە بدات، هەروەها ئەو مەترسییانەی سەرکردایەتی سیاسی هەستی پێدەکات بە هەمان شێوە گەلی کوردستانیش هەستی پێدەکات، بەڵام مەترسیی سەرەکی ئەوەیە ئەو دەوڵەتانەی ئێستا خۆیان بە ئیمپراتۆریەت دەزانن!! و پێیانوایە دەبێت ئاراستەی ڕووداوەکان




بە کەیفی ئەوان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رەسم بکرێت، ئەوان ترسی ئەوەیان هەیە کاریگەریی ئیرادەی خەڵکی کوردستان ببێتە ئیلهامبەخشی گەلەکانی خۆیان و کاتێك بڕیاریان دا وەك تونس و میسر و لیبیا هەموویان رابماڵێت. بە واتەیەکی دیکە، کاتێك گەلی کوردستان لەسەر بنەمای نەمانی شەراکەت و هاوبەشی راستەقینە و گۆڕینی سیستمی دیموکراتی بۆ سیستمێکی ئایینی و تایفەگەرایی، بڕیار دەدات لە عێراق جیا ببێتەوە و بەشێك نەبێت لەو رژێمە تائیفییە، ئەوا سبەی عەرەبی سوننە لەبەر ئەوەی عەرەبە و مەزهەبەکەی سوننەیە، ئەو رژێمە سیاسییەی ئێستای عێراق رەتدەکاتەوە، هەروەها عەرەبی شیعەی عێراق کە نایەوێت ببێتە پاشکۆی نەتەوەیەکی دیکە لەسەر بنەمای مەزهەبگەرایی و نایەوێت لە ژینگە عەرەبییەکەی دابڕێت، ئەو رژێمە ئایینی و تائیفیە رەتبکاتەوە.



لەبەرامبەر ئەو ئەگەر و پێشهاتانەی کە چاوەڕێی عێراق و وڵاتانی دەورووبەری دەکات، بێ ئومێدبوونی هەموو لایەك لەسەر ئەوەیە، کە ئەو دەوڵەتانە نە خۆیان دەگۆڕێن بۆ سیستمێك کە گەلەکانی خۆیان رازی بکەن، نە دەشتوانن تاسەر گەلەکانیان سەرکوت بکەن، بۆیە لەنێوان ئەم دوو دژوارییەدا، بژارەی سەرەکی بۆتە ئەوەی پارێزگاری بە وەزعی راهینەوە بکرێت، بۆ ئەوەی لانیکەم هەتا شەڕی دژی داعش کۆتایی دێت، گۆڕانکارییەکان دوابخرێن، بەڵام کاتێك کاتی گۆڕانکاری هات و گەلەکان بڕیاریاندا ئەوە باشترە جیهان وەڵامدانەوەی گونجاو و پێویستی بۆ ئەو گۆڕانکارییانە هەبێت، نەك وەك راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ٢٠١١ مامەڵەی لەگەڵ بکەن، کە هەتا ئێستاش بە دەست پاشاگەردانییەوە دەناڵێنن، بۆ کوردستان کە رۆڵێکی دیار و چالاکی لەشەڕی دژی داعشدا هەبووە، لە دوای راگەیاندنی سەربەخۆییش نەك هەر هەمان رۆڵی دەبێت لە تێکشکاندنی سەربازیی تیرۆریستانی داعشدا، بەڵکو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەبێتە وێستگەی یەکەمی لە ریشەهەڵکێشانی فیکری رادیکالیزمی ئیسلامی لە سەرانسەری ناوچەکەدا.

## ● هیستریای شیعە بەرامبەر دەوڵەتی کوردستان و مەستبوونیان بە پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ یەکپارچەیی عێراق

نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعشیش، ئەگەر بیانزانیایە دەتوانن عێراق بە یەکگرتوویی بهێڵنەوە و لە پارچە پارچە بوون بیپارێزن، زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی بانگەشە بۆ کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بکەن و لەو کۆنگرەیەدا کۆمەڵێك بڕیاریان دەردەکردو هەموو لایەنە عێراقییەکانیش ناچاربوون پێوەی



پابەند ببن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هیچ دەوڵەت و کیانێکی سیاسی ناتوانێت تەحەددای ئیرادەی هەموو جیهان بکات.

ئەگەر خوێنەرانی ئەم دێڕانە بگەڕێنەوە بۆ پرۆسەی سیاسی لە عێراق لە ماوەی ٢٠-٢٥ ساڵی رابردوودا، راشکاوانە ئەرشیفی رووداوەکان دێتەوە بەرچاویان کە هەوڵەکان بۆ رێکخستنەوەی عێراقی دوای رژێمی سەدام حوسێن هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٤ەوە و لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەگوترا کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی هەوڵی بۆ درابوو، بەڵام ئەم هەوڵانە لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، هەر لەساڵی ٢٠٠٢ەوە بوونە هەوڵی نێودەوڵەتی و لە پایتەختەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا، چەندین کۆنگرەی گرنگ بۆ بڕیاردان لەسەر جێگرەوەی رژێمی سەدام حوسێن و سیستمی سیاسی داهاتووی عێراق گرێدرابوو، لەناو هەر یەك لەم کۆنگرانە لایەنی کوردستانی ئەجیندای خۆی لە چوارچێوەی سیستمێکی فیدراڵی و دیموکراتی بۆ عێراقی دوای رژێمی سەدام حوسێن دەستنیشان کردبوو کە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی عێراقەوە پەسەند کرابوو.

ئەوکات کێشەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوە بوو، چۆن سیستمێکی سیاسی لە عێراقی دوای سەدام حوسێن دابمەزرێت کە بتوانرێت هاوسەنگی لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق (کورد و شیعە و سوننە) دروست بکات و کۆتایی بە ناسەقامگیری و شەڕی ٨٠ساڵەی عێراق لەگەڵ گەلانی خۆی بهێنێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا بواری ئەوە هەبوو بیر لە سیستمی سیاسی دوای رژێمی سەدام حوسێن بکرێتەوە. بەڵام ئێستا کێشەی عێراق لە چوارچێوەی سیاسەتی شیعەگەرایی دەسەڵاتدارانی بەغدا

**جیهان نەیدەویست پرۆسەی ریفراندۆم لە کوردستان ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوەی جیهان باش دەزانێت ئەو دەرهاویشتانەی لە ئاکامی راپرسیی خەڵکی کوردستان دێتەئاراوە و بە هاوشێوەی رووخانی دیواری بەرلین، دەرهاویشتەگەلێکن کە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی سیستمی جیهانی دەگرێتەوە**

**لەبەر ئەوەی کۆڕەوی کوردستان بە هاوشێوەی رووخانی دیواری بەرلین، رووداوێکی عەفەوییانەی جەماوەری بوو، کە پێشوەختە بەرواری بۆ دیاری نەکرابوو، ئەوا جیهان ناچار بوو وەک خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکات و لەمەش زیاتر ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد بۆ ئەوەی نەوای ئارام بۆ کوردستان دروست بکرێت و چیدیکە کورد لە ژێر دەستی رژێمی سەدام حوسێن نەژی**

**گەلی کوردستان بڕیاری دا خواستی خۆی پیشانی جیهان بدات، بەوەی سیستمی سیاسی لە دەوڵەتی عێراقدا چیدیکە شایستەی ئەوە نییە کە گەلی کوردستان وەک گەلێکی ئاشتیخواز و لێبوردە لە ناو ئەو سیستمە ئایینی و تایفەگەرایەدا بژی و دەیەوێت خاوەنی دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و سەربەخۆی خۆی بێت**

چۆتە چوارچێوەیەکی دیکەو کێشەکە بۆتە ئەوەی چی بکرێت بۆ ئەوەی سەرچاوەی فیکری توندڕۆیی و ژینگەی لەبار بۆ گەشەی تیرۆریستانی داعش و هاوشێوەی داعش کۆتایی پێبهێنرێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە سەرهەڵدانی داعش دەرهاویشتەی سیاسەتی شیعەگەرایی حکومەتی بەغدایەو ئەم سیاسەتەش لەژێر کاریگەری ئێراندایەو هەر لەو چوارچێوەیەشدا بەڕێوەدەچێت، هەر بۆیە ستراتیژیەتی تێکشاندن و لە ریشە دەرهێنانی فیکری داعش، چەند پێویستی بە تێکشکاندنی سەربازییانە هەیە، هێندە زیاتریش پێویستی بە رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی و گۆڕینی ئەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراقدا هەیە، لە ئێستادا بۆ تێکشکاندنی داعش لە رووی سەربازییەوە ئەمریکا پێویستی بە هێزی سەربازی عێراق و ئەو هێزانەی پرۆئێرانیش لەسەر زەوی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەمریکا و رۆژئاواش ناتوانن هێزی پێویست لەسەر زەوی بۆ تێکشاندنی داعش دابین بکەن، بەڵام ناشتوانن لە سەدا سەد پشت بەو هێزانەش ببەستن، بۆیە ستراتیژیەتی خۆیان گۆڕیوە بۆ ئەوەی وردە وردە نفووزی خۆیان زیاد بکەن و هێزە عێراقییەکان لە هێزە پرۆئێرانییەکان جیابکەنەوە، ئەمەش بەو هیوایەی بتوانن پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بەوجۆرە رێکبخەنەوە کە خۆیان ئاواتی بۆ دەخوازن، ئەوجا ئەمە تاچەند ئامانجێکی پەسەندە، ئەوا ئەمریکا تاقی دەکاتەوە و ئەگەر سەرکەوتوو بوو، ئەوکات بیر لەوە دەکاتەوە چۆن پەیوەندی ئایندەی نێوان کوردستان و عێراق رێکبخاتەوە. کە ئەمەش لەلایەن گەلی کوردستانەوە رەتدەکرێتەوە و لە ٢٥ ی ئەیلوول بڕیاری خۆی بۆ ئەمریکا و تەواوی جیهان ئاشکرا کردووە.

لەناو ئەم هاوکێشەیەدا، حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق بەوجۆرە خۆی نمایش کردووە کە ئەو ئاراستەی حوکمڕانی بەرەو ئەوە دەبات خۆی لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی دژی داعش بەرجەستە بکات، ئەوەشی خستۆتەڕوو کە ئەو مەبەستیەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی مەدەنی رێکبخاتەوە و لە شێوازی کۆماری ئیسلامی دووری بخاتەوە، ئەوجا بۆ ئەوەی عەبادی لەم ئاراستەیەی سەرکەوتوو بێت و لەلایەن رای گشتی عەرەبی شیعە و سوننەوە پشتگیری لێ بکرێت، پشتگیریی ئەمریکای مسۆگەر کردووە کە سەرکەوتنەکانی شەڕی دژی داعشی بۆ بکاتە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوودا جارێکی دیکە عەبادی ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران، هەر بۆیەشە ئەگەر سەرنج لە بیانووەکانی ئەمریکا بەرامبەر پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستان بدەین، ئێستاش و ئەو کاتیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە هۆکاری ئەوەی تەرکیز لەسەر شەڕی دژی داعش کەم ببێتەوە، هەروەها ببێتە هۆکارێك کە عەبادی لاواز بێت و هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بدۆڕێنێت. بەڵام توێژەران و لێکۆڵەرانی ئەمریکا بەتایبەتی ئەوانەی ماوەی چەند ساڵێك بە کردەیی لە عێراق کاریان کردووە، راشکاوانە نەیانشاردۆتەوە کە ئیدارەی ئەمریکی چ لە سەردەمی جۆرج دەبلیو بوش و چ لەسەردەمی باراك ئۆباما، نەیانتوانیوە سایکۆلۆژیەتی سیاسیی عەرەبی عێراق و هەروەها سایکۆلۆژیەتی سیاسیی عەرەبی شیعە بەرامبەر عەرەبی سوننە و بەپێچەوانەشەوە، بە دروستی بخوێننەوە و پلانی سەرکەوتوو و گونجاوی بۆ دابڕێژن، هەر بۆیە وێڕای ئەو هەموو خەرجی و تێچووە و ئەو هەموو قوربانییەی سەربازانی ئەمریکا لە ٢٠٠٣وە تا ئێستا، کەچی ئەمریکا هەر سیاسەتێکی لە عێراقدا جێبەجێ کردبێت، سەرکەوتوو نەبووە، هەموو ئەو قوربانی و خەرجییەشی لەو شەڕانەدا سەرفکراون بە هەدەر چوون. لەوانەیە باشترین نموونەش بۆ دوایین شکستی سیاسەتی ئەمریکا، گرەوکردنی بوویێت لەسەر حەیدەر عەبادی، بەڵام دەرکەوت لە بچووکترین جیاوازیی بیروبۆچوون لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، خەریکە ئەوەی ئەمریکا ١٤ ساڵە هەوڵی بۆ دەدات، جارێکی دیکە بە خەساری بدات.

حەیدەر عەبادی کە ئێستا لەبری ئەوەی وەك سەرۆك وەزیرانێکی دەوڵەتمەدار لەگەڵ

هەمـوو کێشـەکانی عێراق و کوردسـتان مامەڵـە بـکات، بـەڵام لەبەرامبـەر پرۆسـەی ریفراندۆمـی کوردسـتاندا، زۆر توندتـر لـە سـەرکردەیەکی حەشـدی شـەعبی و پرۆئێرانـی قسـە دەکات، لەمـەش زیاتـر هەمـوو دامەزراوەکانـی دەوڵـەت و تـەواوی دەسـەڵاتەکانی وەك سـەرۆك وەزیـران کردۆتـە چەکێـك و شـەڕی هەرێمـی کوردسـتانی پێدەکات، ئەمـە لەکاتێکدا ئەگـەر عەبادی ئـەو دەوڵەتمـەدارە بوایـە کـە ئەمریـکا گرەوی لەسـەر کـردووە، دەیتوانـی بـە تەنیـا چەنـد وشـەیەك بارودۆخەکـە ئاسایی بکاتـەوەو هـەم دڵـی خەڵکی کوردسـتان لـە خـۆی نەڕەنجێنێـت و هەمیـش دەیتوانـی پرۆسـەی دەوڵەتـی کوردسـتان بـۆ دوای شـەڕی دژی داعـش دوابخـات و بەمـەش هـەم کێشـەکانی عێراقـی چارەسـەر دەکـرد، هەمیـش پشـتگیری ئەمریـکای بـۆ عێـراق زیاتـر دەکـرد، بـەڵام ئـەو شـێوازی مەزهەبـی و دیکتاتۆرییانـەی بەرامبـەر کوردسـتان نوانـد. وەك بیرمەنـدی ئەمریکـی ریچـارد هـاس لەسـەر ئاکامـی ریفراندۆمەکـەی کوردسـتان نووسـیویەتی، گەلـی کوردسـتان تەنیـا خواسـتی خـۆی دیاریکـردووە، جێبەجیکردنـی ئـەم خواسـتە بـە تەنیـا بـە بریـاری کـورد تـەواو نابێـت و پێویسـتی بـە مامەڵـەی دروسـتە لەگـەڵ ئـەم خواسـتەی ئـەم گەلـە پیشـانی داوە، بـەڵام بەمجـۆرە مامەڵـە لەگـەڵ خواسـتی گەلێـك بکرێـت و بەوجـۆرە نامـۆ و نامرۆڤایەتییـە ڕەتبکرێتـەوە، یـان هەوڵبدرێـت گەلێـك گەمـارۆ بدرێـت، تەنیـا لەبـەر ئـەوەی خواسـتی خـۆی دەربڕیـوە، ئەمـە لـە هەمـوو دابونەریتێکـی سیاسـی دوورە و پێویسـتی بـە پێداچوونـەوە هەیـە، ریچـارد هـاس راسـپاردەی بـۆ ئەمریـکا و یەکێتـی ئەوروپـا ئەوەیـە، کوردسـتان ریفراندۆمـی ئەنجامـداو بڕایـەوە، ئێسـتا ئەرکـی ئەمریـکا و یەکێتیـی ئەوروپـا ئەوەیـە ببنـە بەشـێك لـە پرۆسـەی دیالۆگـی نێـوان کوردسـتان و عێـراق بـۆ ئـەوەی لەسـەر پرسـی خـاك و داهـات رێکبکـەون، یـان دابەشـی بکـەن، نـەك ئەمریـکا دژایەتـی ئاکامـی ریفراندۆمـی کوردسـتان بـکات، ئـەم قسـانەی هـاس کـە خـۆی لـە ئیدارەی جۆرج دەبلیـو بـوش بەڕێوەبـەری سیاسـەتی پلاندانانـی وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا بـووە، ئاماژەیەکـی روونـە کـە ئەمریـکا سیاسـەتێکی روون و ئاشـکرای بـۆ ئاینـدەی عێـراق نییـە و پێویسـتە ئـەو سیاسـەتەی بـە روون و ئاشـکرایی هەبێـت.

ئـەوەی لـە کـۆی ئـەم خوێندنەوەیـە پێویسـتە جەختـی لەسـەر بکەینـەوە ئەوەیـە، ئەمریـکا کاتێـك پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکات کـە پابەنـدە بـە یەکپارچەیـی عێـراق، مەبەسـتی ئـەوە نییـە عێراقێکـی یەکپارچـە تەسـلیمی کەسـێك بـکات کـە لـە بچووکتریـن کێشـەدا بەرگـی مەدەنـی فڕێ بـدات و عەمامەیەکـی ڕەش لەسـەر بـکات و هەڕەشـە لـە کوردسـتان بـکات و عێـراق بکاتـە دیـاری بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، بەڵکـو مەبەسـتی ئەمریـکا ئەوەیـە عێـراق یەکپارچـە بێـت هەتـا ئـەو کاتـەی عەرەبـی سـوننە وەك پێکهاتەیەکـی عێراقـی دێنـەوە سـەرخۆیان و بڕیـار لەسـەر ئاینـدەی خۆیـان دەدەن، ئەمریـکا ئەوەنـدە یەکپارچەیـی عێراقـی دەوێـت، تـا بزانیـت ئایـا لەنـاو عەرەبـی شـیعەی عێراقـدا دەوڵەتمەدارێـك هەڵدەکەوێـت کـە بتوانێـت ئاینـدەی عێـراق بـە کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـەوە گـرێ نـەدات، ئەمریـکا تـا ئـەو کاتـە عێراقـی بـە یەکپارچەیـی دەوێـت، ئایـا سیسـتمێکی سیاسـی لـە بەغـدا دروسـت دەکرێـت کـە دان بـەوەدا بنێـت رێـز لـە ئیـرادەی خەڵکـی کوردسـتان دەگرێـت.

حەیـدەر عەبـادی لەنێـوان هەمـوو وردەکارییەکانـی ئەمریـکا و هاوپەیمانـان و نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ پشـتگیریکردن لـە یەکپارچەیـی عێراق، تەنیا وشـەی یەکپارچەیی عێراقی کردۆتە دروشـمی ڕەفتـارە ناسیاسـی و نایاسـاییەکانی بەرامبـەر بـە هەرێمـی کوردسـتان، ئـەو ئێسـتا ئـەوەی لەبیرخـۆی بردۆتـەوە، کـە کوردسـتان لـە سـتراتیژیەتی هاوپەیمانیـی نێودەوڵەتـی دژی داعـش ئـەو میحوەرەیـە کـە هەمـوو ئامانجەکانـی جیهانـی ئـازادو تێکشـکاندنی تیرۆریسـتان پێکـەوە کۆدەکاتـەوە، لەمـەش زیاتـر ئەگـەر عەبـادی بـە هـۆش خـۆی نەیەتـەوە و هاوپەیمانـان ناچار بـکات لـە نێوان کوردستان و بەغدا یەکێکیـان هەڵبژێریـن، دڵنیـای دەکەینـەوە کوردسـتان هەڵدەبژێریـن، لەبـەر ئـەوەی جیاوازیی نێـوان بەغـداو کوردسـتان ئەوەیە کـە بەهـۆی سیاسـەتی هەڵـەی دەسـەڵاتدارانی بەغـدا داعـش دروسـت بـوو، بـەڵام سیاسـەتی حەکیمانـەی کوردسـتان داعشـی تێکشـکاند و ئەفسـانەی داعشـی بەتـاڵ کـردەوە.

**ڕووخانی دیواری بەرلین هەرگیز وەک ڕووداوێکی تایبەت لە وڵاتێکی دیاریکراو لە جیهاندا سەیرنەکراوە، هەر بۆیە ئەم ڕووداوە وەک جیاکردنەوەی دوو سەردەم لە جیهاندا سەیر دەکرێت و ئاماژەیە بۆ کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و دووجەمسەری لە جیهان و سەرکەوتنی دیموکراسی**

**عێراق و کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم، هەمان کوردستان و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم نابێت**

**لە دایکبوونی دەوڵەتی کوردستان تەنیا پرسێک نییە پەیوەندی بە گۆڕانکاریی جوگرافی لەناو نەخشەی سیاسیی عێراقدا هەبێت، بەڵکو وەرچەرخانێکە کە کۆتایی بە سیستمە کۆنەکەی جیهان دەهێنێت و زەمینە بۆ لەدایکبوونی سیستمێکی تازەی جیهان خۆش دەکات، کە سەرلەنوێ پێناسەی تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتەوە**

**ریچارد هاس**

**سەرۆکی ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوە لە وتارێکیدا بۆ سەندیکەیت پرۆجێکت:**

# دەبێت ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا ببنە بەشێک لە دانوستاندنی نێوان هەولێر و بەغدا و هەولێر و ئەنکەرا

ریچارد هاس کە ئێستا سەرۆکی ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکایە، لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٣ بەڕێوەبەری سیاسەتی پلاندانان بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو نوێنەری تایبەتی سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش بووە بۆ ئیرلەندەی باکوور و ڕێکخەری ئایندەی ئەفغانستان بووە و نووسەری کتێبی (جیهان لە پاشا گەردانیدا: سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و تەنگژەکانی سیستمە کۆنەکەی جیهان)یشە. هاس کە لەسەر ئاستی جیهان وەك کەسێکی پراکتیشنەر لە دیپلۆماتیەت و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەستنیشان دەکرێت، لەسەر ئاکامی ریفراندۆم و دەنگدان بە بەڵی و هەنگاوهەڵگرتن بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ڕۆژی ٢٩ی ئەیلوول لە سایتی سەندیکەیت پرۆجێکت لە وتارێکدا بەناونیشانی (هاتنەوەی ڕۆڵی کورد — The turn of the Kurds)، ڕاسپاردەی خۆی خستۆتەڕوو بەوەی چۆن ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا مامەڵە لەگەڵ ئاکامی ریفراندۆمەکەی کوردستان بکەن، لەبەر گرنگیی ئەم بابەتە، بەشێکی بە زمانی کوردی بڵاو دەکەینەوە:

«با بگەڕێینەوە بۆ ئەو دیمەنەی کە پیشانمان دەدات زیاتر لە ٦ ملیۆن کوردی عێراق بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز لە سەرووی ٩٠٪ لە پرۆسەیەکی دەنگداندا بۆ سەربەخۆیی دەنگیان داوە، بەڵام بەشی زۆری جیهان لەگەڵیاندا هاوسۆز نین، ئەمە لە کاتێکدا دامەزراندنی دەوڵەت پشت بە دانپێدانانی دەوڵەتانی دیکە دەبەستێت، بۆیە پرسیار ئەوەیە ئایا ئێستا دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم چی ڕوودەدات؟

گومانی تێدا نییە کە جێبەجێکردنی مافی چارەنووس بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نابێت، دیارە ئەم پرسە بە نیسبەتی گەلانی کۆلۆنیالی لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی ئەو بوارەی پێدراوە کە بڕیار لەسەر سەربەخۆیی خۆیان بدەن، بەڵام ئەوە پرسێکی تەواو جیاوازە کە هەرێمێك لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ جیا ببێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی جیهانێك جیابوونەوەی بەردەوامی تێدا بێت، زۆر لەو جیهانە پاشاگەردانیتر دەبێت وەك لەو جیهانەی ئەمڕۆ هەمانە، بەڵام ئەو پرسیارەی بە شێوەیەکی سرووشتی دێتە پێشەوە، ئەوەیە کە ئایا لەژێر چ بارودۆخێکدا دەبێت پشتگیری سەرکردە و گەلەکەی بکرێت کە دەیانەوێت لە وڵاتێکی دیکە جیاببنەوەو دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن؟ لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك پێوەری پەسەندکراوی جیهانی بوونی نییە، بەڵام ڕێگەم بدەن پێشنیاری چەند خاڵێکی پراکتیکی بکەم:

١. مێژوویەك هەبێت کە بە ڕاشکاوی ناسنامەی بە کۆمەڵی ئەو گەلە دیاری بکات.

٢. بەڵگەی تەواوی لۆژیکی هەبێت، بەو مانایەی ئەو خەڵکە توانای ئەوەیان هەیە کە بیسەلمێنن بارودۆخی وەزعی ڕاهێن باجێکی گەورەی سیاسی و ماددی و ئابووریان دەخاتە ئەستۆ.

٣. دانیشتووان بە ڕاشکاوی ئەوە بسەلمێنن کە پشتگیری بارودۆخی تازەی سیاسی و سەربەخۆیی دەکەن.

٤. ئەو دەوڵەتە تازەیە دەبێت توانای مانەوەی هەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە جیهان پێویستی بە دەوڵەتی شکستخواردوو نییە.

# هەموو پێوەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەت لە کوردستانی عێراقدا بوونی هەیە

٥. ئەم جیابوونەوەیە نەبێتە هۆکاری ئەوەی سەلامەتیی دەوڵەتیی ئێستا بخاتە مەترسییەوە، یان مەترسی لەسەر ئاسایشی دەوڵەتانی دراوسێ دروست بکات.

بەپێی ئەم پێوەرانە، کەیسی کوردستان بۆ سەربەخۆیی حاڵەتێکی پەسەندکراوە، لەبەر ئەوەی ئەو پێوەرانە هەموویان بەسەر ئەو کەیسەدا جێبەجێ دەبن. کورد هەستێکی بەهێزیان بۆ مێژووی هاوبەش و ناسنامەی نیشتمانی خۆیان هەیە، بەڵام لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی نەیانتوانی دەوڵەتی خۆیان دروست بکەن، کوردی عێراقیش زۆر نەهامەتییان بەسەردا هاتووە (یەکێك لەو نەهامەتییانە ئەوە بوو بە چەکی کیمایی هێرش کراوەتە سەریان لەسەر دەستی رژێمی سەدام حوسێن)، هەروەها کوردستانێکی سەربەخۆ لەبەر ئەوەی خاوەنی یەدەگێکی گەورەی وزەیە، توانای ئەوەی هەیە ئابوورییەکی باشی هەبێت، لەمەش زیاتر عێراقیش بەبێ کوردستان دیسان وەك دەوڵەتێك هاوشێوەی دەوڵەتانی دیکەی دراوسێ توانای بەردەوامی و مانەوەی هەیە.

کەچی لەبەرامبەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، حکومەتی ناوەندی عێراق گەمارۆی ئاسمانی خستۆتەسەر کوردستان و رێگەنادات هیچ فرۆکەیەك لێوەی بفرێت، یان بنیشێتەوە. تورکیا هەڕەشەی بڕینی ئەو بۆرییە نەوتانە دەکات کە کوردستان بۆ هەناردەکردنی نەوت پشتی پێدەبەستێت، ئەم جۆرە رەفتارانە ئیمکانیەتی ئەو کیانە سیاسییە تازەیە دەخاتە مەترسییەوە، ئەمە بێجگە لەوەی مەترسیی ئەوەش هەیە کە پێکدادانی سەربازی رووبدات، ئەمریکاش بەرهەڵستی سەربەخۆیی کوردستان دەکات و ترسی ئەوەی هەیە کە دژایەتی دەوڵەتانی دراوسێ لەسەر ئەم پرسە هێندەی دیکە بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵۆزتر بکات، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کورد توانیویەتی چەندین پێوەری گرنگ بۆ دامەزراندنی دەوڵەت دابین بکات، سیستمێکی سیاسی بەڕێوە بەرێت کە سیمایەکی دیموکراتی هەبێت و هاوپەیمانێکی دلسۆزی رۆژئاوا بووە و کاراکتەرێکی چالاکیش بووە لەشەڕی دژی داعش، بەڵام دژایەتی تورکیای نالیبراڵی و ئیمپراتۆریەتی ئێران و عێراقیش کە لە ژێر کاریگەریی ئێراندایە، هەروەها رژێمی سووریاش کە قەرزداری رووسیا و ئێرانە بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا، ئەمانە بوونە بیانووی جیۆپۆلیتیکی لەبەردەم دەوڵەتی کوردستاندا.



یەکێك لە بژارەکان لە بەردەم ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا کە هەتا ئێستا ساردوسڕییان سەبارەت بە فیکرەی سەربەخۆیی کوردستان پیشانداوە، ئەوەیە کە پشتگیربن و بەشداربن لە دانوستاندنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی لە بەغدا، ئەمجۆرە دانوستاندنە پێویستی بە سازشکردن دەبێت لەسەر پرسەکانی خاك و داهات، ئەمەش یان ئەوەیە هاوبەش بێت، یان دابەش بکرێت لە نێوان هەردوولادا، بەهەمان ئاست ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا ببنە بەشێك لە دانوستانەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا لەسەر چارەسەرکردنی مەترسییان لەسەر لە هەردوو بواری ئابووری و ئاسایشدا.

دەبێت ئەمریکاو یەکێتیی ئەوروپا ئەوە روون بکەنەوە کە پشتگیری ئەوان بۆ سەربەخۆیی کورد نابێتە

**ڤلادیسلاڤ سۆتیرۆڤیچ**

**شارەزای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:**

# پەیوەندییەکانی ئەمریکاو رووسیا رۆژگارێکی نوێی نائارامی جیهانی هێناوەتە ئاراوە

*** ئایا دەتوانین بڵێین لە ئێستادا دەستەواژەی کۆتایی مێژوو زیندوویەتی خۆی لەدەست نەداوە؟**

- چەند ساڵێکی کەم دوای کۆتاییهاتنی رۆژگاری شەڕی سارد لە ساڵی ١٩٨٩دا بارودۆخێك هاتەئاراوە کە گەشبینییەکی نێودەوڵەتی هەبوو، بەوەی بە راستی دەکرێت بیرۆکەی کۆتایی مێژوو راست دەرچێت، کە باوەڕی وابوو هیچ هۆکارێك نەماوە بۆ ململانێی جیوپۆلەتیکی لە نێوان دەوڵەتە هەرە بەهێزەکانداو لە بنەڕەتدا بەو شێوەیە لە دەستەواژەی سیستمی نوێی جیهانی -کە بۆ یەکەم جار لەلایەن بەڕێز گۆڕباچۆف ـەوە ئاماژەی پێکرا کاتێك لە ٧ی کانونی یەکەمی ١٩٨٨ و لە میانەی وتارێکیدا لە نەتەوە یەکگرتووەکان گوزاشتی لێکرد- دەڕوانرا کە بریتیە لە سیستمی شەراکەتی یەکسان لە سیاسەتی جیهاندا و رەنگدانەوەی هەلومەرجە نێودەوڵەتییە تەواو جیاوازەکەیە لە دوای شەڕی ساردەوە .بەداخەوە رۆژگاری شەڕی سارد بەسەرچوو بە بێ ئەوەی کۆتایی مێژوو بە دوای خۆیدا بهێنێت، چونکە ئەمریکا هەمان سیاسەتی شەڕی سارد پیادە دەکات لە دژی مۆسکۆ- بەڵام لە ئێستادا دژی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو نا، بەڵکو دژی جێگرەوەکەی کە رووسیایە. لەبەر ئەوە، بەلای پەنتاگۆنەوە هەرگیز شەڕی سارد کۆتایی نەهاتووە، لەبەر ئەوەی پێیانوایە هێشتا ئەرکە سیاسییە بنەڕەتییەکە بۆ راماڵینی رووسیا لەسەر نەخشەی سیاسەتی جیهانی نەهاتۆتەدی. بە چاوپۆشین لەو راستیەی کە لە ساڵی ١٩٨٩دا کۆمۆنیزم داڕووخا لە ئەورووپای رۆژهەڵاتدا، کە دواتریش کۆتایی هاتنی یەکێتی سۆڤییەتی بەدوادا هات لە ساڵی ١٩٩١دا، کە ئەوەش ئەگەرێکی راستەقینەی دروستکرد بۆ دروستکردنی سیستمێکی نوێی جیهانی و ئاسایش لە جیهاندا. لە راستیدا بەرفراوانبوونی ناتۆ بە ئاراستەی رۆژهەڵاتدا- رۆژهەڵاتی ئەورووپا- لە ساڵی ١٩٩٩ (چوارەم بەرفراوان بوون) بە دواوە بەڵگەیەکی روونە لەسەر بەردەوامیدان بە شەڕی سارد لەلایەن ئەمریکاوە لە ئاست مۆسکۆدا. کە لە راستیدا ئەم سیاسەتەش نادڵنیایی دروستکردووە لەبارەی ئایندەی ئاسایشی جیهانییەوە. لە



**پرۆفیسۆر ڤلادیسلاڤ سۆتیرۆڤیچ وانەبێژە لە ئەنستیتوی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی مایکۆلاس رۆمێریس لە لیتوانیا، شارەزای پرسەکانی پەیوەست بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیستەمی جیهان و چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدارە، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە سیستەمی جیهانی و ئاسایشی جیهانی و ململانێی جیۆپۆلەتیکی نێوان هێزە مەزنەکان، بەتایبەتی رووسیاو ئەمریکا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەکردو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

دوای داڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و شەڕی سارد چەندین بەرپرسی حکومی و کەسایەتی ئەکادیمی رۆژئاوایی لە سەرەتادا پرسیاری ئەوەیان دەکرد بۆچی هەر ناتۆ بمێنێتەوە و دواتر پرسیاریان ئەوەیان دەکرد، بۆچی ئەم هاوپەیمانێتیە سەربازییە کە ئەرکە فەرمییەکەی بەرگرییە، بەرفراوان دەبێت و ئەندامی دیکە وەردەگرێت لە کاتێکدا کە دەکرێت کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا — کە دەزگایەکی هەمەلایەنترە- (ئێستاش بۆتە رێکخراوی ئەمنی و هاوکاری لە ئەوروپا) چوارچێوەی پێویست دەستەبەر بکات بۆ هاوکاری ئەمنی لە ئەوروپا لە نێویاندا رووسیا. هەرچۆنێك بێت ناتۆ هەڵنەوەشێنرایەوە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، هەمان سیاسەتی پیادەکرد لە بەرفراوانبوون بە ئاراستەی رۆژهەڵاتدا، بە هەمان شێوە یەکێتی ئەوروپاش. قەیرانی کۆسۆڤۆ لەساڵی ١٩٩٨-١٩٩٩ بووە پاساوێکی فەرمی بۆ بەرفراوانکردنی هەردوو ئەم رێکخراوەی ژێر سایە و سێبەری ئەمریکا، ئەویش بە قسەی خۆیان لە پێناو ئاسایشێکی باشتر بۆ ئەوروپا. سەرۆکی کۆمیسۆنی یەکێتی ئەوروپا، رۆمانۆ پرۆدی لە وتەیەکدا لەبەردەم پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩ زۆر بە روونی گوزارشتی لەمە کرد. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر ئێمە بزانین کە قەیرانی کۆسۆڤۆ دەستتێوەردانی (دەستدرێژیکردنی سەربازی) ناتۆی لێکەوتەوە لە دژی سربیا و مۆنتینیگرۆ کە ئەوەش بە پاڵنەری تەواوی ئیدارەی ئەمریکا کرا، ئەوە زۆر لە راستییەوە دوور نییە کە بڵێین قەیرانی کۆسۆڤۆ لەلایەن واشنتۆنەوە خوڵقێنرا و درێژەی پێدرا بۆ کۆمەڵێك ئامانج، لە نێویاندا بۆ ئەوەی ببێتە پاساوێکی فەرمی بۆ ئەوەی یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ پتر بە ئاراستەی رۆژهەڵاتدا بەرفراوان بکات.

ئەوە کشاندنەوەی یەکێتی سۆڤییەت بوو لەلایەن بەڕێز گۆرباچۆفەوە لە ساڵی ١٩٨٩-١٩٩١ کە بۆشاییەکی گەورەی دەسەڵاتی دروستکرد لە ناوەڕاستی ئەوروپا و ئەوروپای رۆژهەڵاتدا کە لە ساڵانی دواتردا لەلایەن ناتۆ و یەکێتی ئەوروپاوە پڕکرایەوە. بەرفراوانبوونی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا بە ئاراستەی رۆژهەڵاتدا لە کاتێکی گونجاودا هاتەئاراوە کە

**سیاسەتی دەرەکیی نوێی ڕووسیا لە سەدەی ٢١دا پتر بەو ئاراستەیەدایە کە ئەو پێشبینییە لەبار بێت کە پێیوابوو سەدەی نوێی هەزارەی نوێ پتر سەدە و هەزارەیەکی ئەمریکی دەبێت بە بەراورد بە ڕۆژگاری پێشتر، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ڕووسیا لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ەوە لە سیستمی نوێی جیهانی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بەرەو دووبارە دارشتنەوەی پەیوەندیگەلێکی فرەجەمسەر دەڕوات**

**هانتینگتۆن بەو وتارە و دواتر کتێبەکەی لەبارەی پێکدادانی شارستانیەتە دژ بە یەکەکانەوە- بەوەی سیستمی بەهاکانیان جیاوازییەکی قووڵیان هەیە- ڕێگەیەکی ئەکادیمی بۆ پەنتاگۆن خۆشکرد بۆ داتاشینی دوژمنگەلێکی نوێ و سوودبەخش، چونکە ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا ڕۆڵێکی نوێ ببینێت و بووە پاساوێک بۆ درێژەدان بە هەژمونگەرایی ئەمریکا لە جیهانی دوای ڕووخانی کۆمۆنیستییەوە**

بووە ئامرازێکی سەرەکی بە دەست واشنتۆنەوە بۆ ئەوەی وردە وردە کۆنترۆڵی ئەو خاکانەی دەوروبەری ڕووسیا بکات کە پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکاندا بوون. ئەو وتە باوەی لە نێو ناوەندی ئەکادیمی ڕۆژئاواییدا هەیە -کاتێک لەبارەی بەرفراوانبوونی یەکێتی ئەورووپا بە ئاراستی ڕۆژهەڵاتی دەڕۆن- ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتانەی یەکێتی ئەورووپا کە پێشتر لەژێر حوکمرانی کۆمۆنیستدا بوون، ویستیان بێنە نێو یانەی وڵاتە ئارام و گەشەکردووە دیموکراتییەکانەوە، کە تا ڕاددەیەک حوکمرانییەکی باشیان تێدایە. ئەوان پێیانوابوو بە شێوەیەکی سرووشتی خۆیان بە بەشێك لە ئەورووپا دەزانن، بەڵام هەیمەنەی سۆڤییەت و خۆبەدەستەوەدانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بۆ ئەو بارودۆخەی لەئارادا بوو، دەرفەتی دیموکراسی و بازاڕی ئازادی لەدەست دابوون. لەگەڵ ڕووخانی کۆمۆنیزمدا دەبوو ئەم نادادییە مێژووییە ڕاست بکرایەتەوە، ڕێگەپێدانیان بۆ هاتنە نێو یەکێتی ئەورووپا بۆ ئەوە بوو بوونەوەیان بە بەشێك لە ئەورووپا کامڵ بێت. هەرچۆنێك بێت، ئەوە ڕوون نییە کە بۆچی ئەو حەوت وڵاتەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە لە دەرەوەی یەکێتی ئەورووپان، ناتوانن لایەنە باشەکانی — کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا- بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا ببینین. تەنانەت یەکێك لە دەوڵەتە ئەندامەکان (بەریتانیا) لە ساڵی ٢٠١٦دا بڕیاریدا کە یانەکە (برێکست) جێبهێڵێت و یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم بڕیارەش دەقاودەق بەرفراوانبوون بوو بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتدا، وەك بیرۆکەیەکی گرنگ بۆ سەرجەم دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە بچنە نێو یەکێتی ئەورووپاوە، ئەوەش بە واتای ئەوە دێت لەژێر سایەی پشتیوانی دارایی وڵاتانی بەشی ڕۆژئاوای یەکێتی ئەورووپادا بژین. هەرچۆنێك بێت، لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە ئەو دەوڵەتە ئەندامە نوێیانە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە هاتن ( لە بەرفراوانبوونی ٢٠٠٤ بە سەرەوە) بریتین لە ئەسپی تەروادەی ئەمریکا لەم یانەیەدا، کە بە ئاشکرا پشتیوانی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکەن کە خەونێکی ئیمپریالی هەیە و، ئەرکی سەرەکیشیان وەك ئەندامی ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا ئەوەیە بەشدارییەکی چالاکانە بکەن لە هەڵمەتی سەربازی ڕۆژئاوا لە داهاتوودا لە دژی ڕووسیا کە ئەویش لە شێوەی جەنگی سێیەمی جیهانیدا دەبێت. هەرچۆنێك بێت، وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات یەکەم وڵات دەبن کە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە دەبنەوە، وەك بەشێکی گرنگی هێڵی پێشەوەی شەڕەکە —لە ڕۆژئاوا- لە دژی ڕووسیا.

*** ئایا بەرفراوانبوونی ناتۆ بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتدا کاریگەری لەسەر ئاوێتەبوونی جیۆپۆلەتیکی ئەمریکا لەگەڵ ڕووسیا هەبووە؟**

- بە دڵنیاییەوە، یەکێك لە هەرە بنەڕەتیترین کردەوەکانی دژ بە ڕووسیا لە ئەورووپا و لە دوای داڕووخانی یەکێتی سۆڤییەتەوە بریتی بوو لە بڕیارەکەی ئەمریکا بۆ بەرفراوانکردنی ناتۆ بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتدا لە ڕێی پێدانی ئەندامێتی تەواو بە سێ ئەندامی پێشوو هاوپەیمانی وارشۆ کە بریتین لە پۆلەندا، کۆماری چیك و هەنگاریا. بەو پێیە ڕێککەوتنی ڕێگان-گۆرباچۆڤ لە ڕەیکجاڤیك لە ساڵی ١٩٨٨ بە شێوەیەك تاکلایەنە و زەق لەلایەن واشنتۆنەوە پێشێل کرا بە پاساوی ڕوودانی کۆمەڵێك هۆکار. وەك بردنەوەی ژیرینۆڤیسکی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٣ لە ڕووسیا، فشارە ناوخۆییەکانی سەر ئیدارەی بیل کلینتۆن لەلایەن ڕکابەرە کۆمارییەکانی نێو کۆنگرێس و ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا بە شکستی یەکێتی ئەورووپای لە قەڵەمدا لە دەستەبەرکردنی چارەسەرێکی بۆ کێشەی ئەورووپا لەو کاتەدا کە بریتی بوو لە شەڕی ناوخۆیی یوگسلافیا (١٩٩١-١٩٩٩). واشنتۆن زۆر بە خێرایی ئەورووپییەکانی تۆمەتبار کرد بەوەی ناتوانن مامەڵە لەگەڵ قەیرانی یوگسلافیادا بکەن کە ئەوەش تاقیکردنەوەیەکی گەورە بوو کە یەکێتی ئەورووپا تێیدا سەرکەوتوو نەبوو. بەڵام ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێین، سەرجەم هەوڵە ئاشتیخوازەکانی یەکێتی ئەورووپا لە بەرامبەر قەیرانی یوگسلافیادا لەبەر ئەوە شکستیان هێنا، چونکە دیپلۆماسیەتی ئەمریکا ڕاستەوخۆ ئەو هەوڵانەی لەباربرد. هەرچۆنێك بێت، یەکەم کاری ناتۆ —دوای بەرفراوانبوونی-،

واتە تەنیا دوو هەفتە دوای چوارەم بەرفراوانبوونی، بۆردومانێکی توندی سربیا بوو، ئەویش لە پێناوی ئەوی کۆسۆڤۆ بخرێتەژێر داگیرکاری ناتۆوە. ئەم کارەش ڤلادیمیر پۆتینی ناچارکرد کە بۆریس یەلتسینی گاڵتەجاڕی رۆژئاوا ناچار بە دەست لەکارکێشانەوە بکات لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩. دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە جیهانی دوو جەمسەری سەردەمی شەڕی سارد لە دوای ساڵی ١٩٨٩وە و بەلای کەمەوە تاوەکو ٢٠٠٨، گۆڕاو بە جیهانی تاکجەمسەری بە سەرۆکایەتی ئەمریکا- واتە جۆرێك لە دەسەڵاتی کەڵەکەبوونی هەژمونگەرایی ئەمریکا تەحەددییەکی تەواو نوێی بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دروستکرد. هەرچۆنێك بێت، دوای رووداوەکانی ٩/١١، ئیدارەی ئەمریکا بە رەوتێکی خێراتر دەستی دایە زیاترکردنی هێزی سەربازی و سیاسی باڵادەستی خۆی لە جیهاندا لە دوای شەڕی ساردەوە، ئەویش لە پێناو ئەوەی ببێتە هێزێکی هەژمونگەرای جیهانی. کە ئیدارەی ئەمریکا، وای خستەڕوو هێرشەکەی ٩/١١ کە مەبەستیشی هەبوو لەمەیاندا، تەنیا کاری تۆڕی ئەلقاعیدەیە، ئەو رێکخراوە تیرۆریستییەی کە ئوسامە بن لادن سەرۆکایەتی دەکرد کە کوڕی میلیۆنێرێکی سعودی بوو، لە هەمان کاتدا بە هاوکاری ئەمریکا فێری پیشەی تیرۆریستی بوو لە میانی شەڕکردنیدا لە دژی هێزەکانی سۆڤییەت لە ئەفغانستاندا لە ساڵانی هەشتاکاندا.

ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی جۆرج دەبلیو بۆش کاردانەوەی خێرای هەبوو و لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١دا رژێمی تالیبان لە ئەفغانستان- کە رژێمێکی ئیسلامی رادیکاڵ بوو و داڵدەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەلقاعیدەی دەدا- راماڵدرا و بەشێکی زۆری وڵاتەکەش داگیر کرا، یان کۆنترۆڵ کرا لەلایەن هاوپەیمانێتییەکەوە کە دەوڵەتە پاشکۆکانی ئەمریکای لەخۆ گرتبوو. ئەوە سەرەتای ئەو شەڕە بوو کە بە شەڕی دژ بە تیرۆر ناسرابوو کە لە راستیدا بووە بیانوویەك بۆ بەهێزکردنی زیاتری پێگەی ئەمریکا وەك پۆلیسی جیهان کە دواتر داگیرکاری عێراقیشی لێکەوتەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا. بەو پێیە سیاسەتی جیهانی تاکجەمسەری- دۆخێکی سیاسەتی جیهانییە کە تێیدا سیستمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن یەك هێزی باڵادەست هەژمونگەراوە دەسەپێنرێت کە توانای تەواوی هەیە بۆ باڵادەستبوون بەسەر وڵاتانی دیکەدا- ئەوە بووە دۆخی باڵادەست بۆ پەنتاگۆن و کۆشکی سپی. بە داگیرکردنی سەربازی ئەفغانستان-٢٠٠١- و عێراق-٢٠٠٣- ئەمریکا بە تەنیا مایەوە (هاوشان بە پشتیوانی سەربازی بەریتانیا وەك دەوڵەتێکی بنەڕەتی پشتیوانیکار لە ئەمریکا لە دوای ١٩٨٩وە) لە لوتکەی هەرەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی جیهانی و ئەمەش تاوەکو ساڵی ٢٠٠٨ درێژەی کێشا، کاتێك لە کۆتاییدا رووسیا بڕیاریدا هەڵبستێت بە پاراستنی بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکی و مێژووییەکانی لە هەندێ شوێنی جیهاندا- بەتایبەتی لە ناوچەی قەوقاز. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەمریکا لە ساڵی ١٩٨٩ تا ٢٠٠٨ بووە تاکە دەوڵەت لە جیهاندا کە توانایەکی سەربازی و سیاسی ئەوتۆی هەبوو کە ببێتە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە لە بواری سیاسەتی جیهانی و لە هەر گۆشە و کەنارێکی جیهانیشدا. خەرجییە سەربازییەکانی ئەمریکا لەم ساڵانەی دواییدا، خەرجییە سەربازییەکانی تێکڕای وڵاتانی دیکەی پێکەوە تێپەڕاندووە، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ سیاسەتی هەژمونگەرای جیهانیی واشنتۆن. وا دەرکەوت کە ئەمریکا توانایەکی مێژوویی نائاسایی هەبێت بۆ دەستنیشانکردنی ئایندەی جیهان بەپێی خواستەکانی خۆی، ئەویش کاتێك ئەمریکا بووە تاکە هێزی باڵادەستی جیهان وەك ئیمپراتۆرێکی جیهانی بەهێزتر لە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، یان بەریتانی. هەر دەستەواژەی ئیمپراتۆریەتیش بە مانای بوونی دەوڵەتێکی جیهانی دێت کە هێزێکی گەورەی هەبێت و لە پێگەیەکدا بێت بتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بە بێ هیچ کۆت و بەندێك هەڵسوکەوت بکات. بەو پێیە، ئیمپراتۆریەت بە تەنیا کاردەکات، لەبری ئەوەی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا کار بکات، یاخود بەلای کەمەوە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا کە ئێمە پێیان دەڵێین -هێزی مەزن - کە ئەوەش هەڵە و

**تیۆری هانتینگتۆن لەبارەی پێکدادانی حەتمی کەلتوورە دژ بە یەکەکان لە رۆژگاری دوای رووخانی یەکێتی سۆڤییەتدا لە بنەڕەتدا پشتڕاستکردنەوەیەکی ئەکادیمی بوو بۆ درێژەدانی ئەمریکا بە سیاسەتە جیهانییە هەژمونگەراکەی لە دوای ساڵی ١٩٨٩وە**

**بەپەلەترین ئەرکی ئەمریکا لە مامەڵەکردن لەگەڵ رووسیادا لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ەوە ئەوەیە رێگە بگرێت لە رووسیا تاوەکو بلۆکی ئابووری و جیۆپۆلەتیکی ئۆراسیا دروست نەکات**

**گرووپی وڵاتانی بریکس لە ئێستادا بوونەتە بەرجەستەکەری دیاردەیەکی جیهانی کە بریتییە لە هەڵکشانی هێزەکانی دیکە لە ئاست هەژمونی تاکجەمسەری ئەمریکادا**

خەتایەکی گەورەیە، چونکە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی وورووژاندنی دوژمنایەتییەکی جیهانی و پێکدادان لەگەڵ باقی جیهاندا. لە رووی مێژووییەوە، ئەم دوژمنایەتییە دوای ماوەیەك کاردانەوە بە دوای خۆیدا دەهێنێت لەلایەن ئەوانی دیکەوە، کە لە حاڵەتی ئەمریکادا، ئەم کاردانەوەیە لەلایەن رووسیاوە هات لە ساڵی ٢٠٠٨دا. لەئێستادا، قەوقاز و رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا و رۆژئاوای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونەتە ناوچەگەلێکی پێکدادانی راستەوخۆی بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکان لەسەر شانۆی جیهانی لەنێوان ئیمراتۆرییەتی داکشاوی ئەمریکا و هێزی ئابووری، سیاسی، دارایی و سەربازی هەڵکشاوی رووسیا. تەنانەت ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٠ـەوە (شەڕی یەکەمی کەنداو) سنوورە مۆراڵییەکانی تێپەڕاند بە بەکارهێنانی خراپی دەسەڵاتە باڵاکەی کاتێك دەستی دایەی رەفتارێکی دڵڕەقانە و لوتبەرزانەی تاکلایەنی، واتە بە چەشنی هەموو دەوڵەتە جیهانییەکان (ئیمپراتۆریەتەکان) بووە شارستانییەتێکی لادەر (دەوڵەتێکی لادەری ئاژاوەگێڕ بە گوێرەی ستیڤن لێندمان) کە بووە جێی رقلێبوونەوە و سڵەمینەوە. دەوڵەتی جیهانی بە گوێرەی رێسا و بەها و نۆرم و پێداویستییەکانی خۆی هەڵسوکەوت دەکات بە چەشنی ئەوەی ئەمریکا و دەوڵەتە پاشکۆکانی لە ناتۆ کردیان کاتێك لە ساڵی ١٩٩٩دا و بۆ ماوەی ٧٨ رۆژ بۆردومانێکی بەربەرییانەی کۆماری فیدراڵی یوگسلافیایان کرد. بەپێی نعوم چۆمسکی، لە ساڵی ٢٠٠٢ بەهێزترین دەوڵەت کە لە مێژوودا هاتبێتەئاراوە هەڵسا بە راگەیاندنی بنەما بنەڕەتییەکەی خۆی لە پەیوەندی بە ستراتیژیەتە ئیمپریالییە بەرفراوانەکەیەوە و نیازی خۆی ئاشکرا کرد بۆ درێژەدان بە باڵادەستیی جیهانی خۆی لە رێی هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزە سەربازییە مەزنەکەیەوە کە ئەمەش گرنگترین رەهەندی هێزی ئەمریکایە کە بە هۆیەوە ئەمریکا بۆتە هێزێکی باڵادەست لە جیهاندا، ئەمەش بە روونی لەلایەن کۆشکی سپی و لە ١٧ی ئەیلوولی ٢٠٠٢دا دووپات کرایەوە وەك بەشێك لە ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا کە چیتر پابەند نابێت بەو ئەو ئەحکامانەی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە پەیوەستن بە بەکارهێنانی هێزەوە، بەوەی هێزەکانمان وەك پێویست توانای ئەوەیان هەیە هەر رکابەرێك پاشگەز بکەنەوە لە گرتنەبەری رێگای کەڵەکردنی هێزی سەربازی بە ئامانجی تێپەڕاندن یان هاوشانبوون بە هێزی ئەمریکا، هەروەها هەڵۆکانی هەژمونگەرای ئەمریکا بەسەر سیستمی جیهانییەوە لە ساڵی ١٩٨٩دا بە ئاشکرا جەختیان لەسەر پێویستی ئەوە کردەوە کە دەبێت ئەمریکا رۆڵێکی بەرچاو و باڵادەستی بەرژەوەندخوازانەی هەبێت لە سیاسەتی جیهانیدا، بۆ نموونە هیلاری کلینتۆن لە دانیشتنی بوون بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٩ گوتی: دەرفەتم بدەن بە روونی بیڵێم، ئەمریکا دەتوانێت سەرکردایەتی ئەم سەدەی نوێیە بکات و دەبێت بیکات و دەشیکات... جیهان چاوی لە ئێمەیە، چونکە ئێمە خاوەنی توانا و ئیرادەین بۆ خستنەگەڕی هەوڵی هاوبەش کە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر ئاستی جیهاندا- ئەویش لە کاتی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانمان، بەڵکو وەك هێزێکیش بۆ بەرەوپێشچوون. لەم رووەوە ئێمە رکابەرمان نییە. هەرچۆنێك بێت، قسەکانی هیلاری کلینتۆن بە چەشنێك بوو وەك ئەوەی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا لە پرۆسەی داکشاندا بێت. ناکرێت بە بێ تێگەیشتنی پێشوەختە لەبارەی سروشت و پاڵنەرەکانی سیستمی ئیمپراتۆری لە داکشانی لەسەرخۆ و رەنگە داڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا -لە کۆتاییدا، وەك ئمیپراتۆرییەکانی دیکە لە مێژوویدا- تێبگەین. لە دوای ساڵی ١٩٩١ـەوە ئەمریکا وەك کۆمەڵگەیەکی سەربازی هەڵدەسووڕێت، بە چەشنی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، یان سەڵتەنەتی عوسمانی. ئەگەر وردتر گوزارشتی لێبکەین، پاڵنەری ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا بۆتە پاڵنەرێکی دەرەکی، واتە ئەمریکا پێیوایە پێویستە سەرلەنوێ جیهان لەسەر بنەمای بەهاو نۆرمەکانی ئەو دابڕێژرێنەوە. هەرچۆنێك بێت، ئەم پرۆژە بەرزەفڕانەیە پێویستی بە سیاسەتێکی سیستماتیکی هەیە بۆ جۆشدانی تێکڕای کۆمەڵگە، ئابووری و سیاسەت. ئەم جۆشدانەش

**لە ساڵی ٢٠٠٨ـەوە جیهان لە پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵاتدایە کە بە دڵنیاییەوە ئەمەش رۆژگارێکی مەترسیدارە لەبەر ئەوەی هێزی باڵادەستیی ئەمریکا رووبەڕووی تەحەددی راستەوخۆ بۆتەوە بەهۆی هەڵکشانی هێزی رکابەرەکانی**

**وەک سیستمێکی جیهانی کە زیاد لە دوو سەنتەر و ناوەندی دەسەڵاتی باڵادەست هەبێت، بە ئاشکرا لەلایەن حکومەتەکەی ڤلادمیری پۆتینەوە لە کرملین پشتیوانی لێدەکرێت و بە سیستمێکی باشتر لە تاکجەمسەری، یان دوو جەمسەری دادەنرێت**

**ژمارەیەک لە توێژەرانی وەک چۆمسکی، چۆسودۆڤسکی و... هتد)و بەرپرسانی حکوومی ( وەک پی کەی رۆبەرتس) پێشبینی ئەوە دەکەن کە دوای کۆتاییهاتنی رۆژگاری پاکس ئەمریکانا سیستمێکی فەرەجەمسەری پەیوەندییە نێودوەڵەتییەکان بێتەئاراوە**



هەمیشە ئەوە لەخۆدەگرێت کە دەبێت بەشێکی ئابووریی وڵاتەکە لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە فراوانخوازییەدا بخرێنەگەڕ، هەڵسووڕانی سیستمەکەش پێویستی بەوەیە کە ئەو سەرچاوانە پڕبکرێنەوە کە لە قۆناغەکانی رابردوودا بەکارهێنراون، ئەوەش ئەو پێویستییەیە کە ئەمریکا ناتوانێت سەرکەوتووانە بەدەستی بهێنێت.

*** ئایا بەم دواییە چەمکی پاکس-ئەمریکانا بۆ ئاسایشی جیهانی چەمکێکی کارا بووە؟**

- لە ئێستادا ئەمریکا ئەو راستییەی بۆ دەرکەوتووە کە درێژەدان بە باڵادەستیی سەربازیی خۆی لە جیهاندا باجێکی زۆری دەوێت. ئەمریکا هێزی لە نزیکەی ٨٠ دەوڵەتدا جێگیر کردووە، هەر لە بەلقانەوە بۆ قەوقاز و هەر لە کەنداوی عەدەنەوە تاوەکو نیمچە دورگەی کۆریا و هایتی. لە ئێستادا ئیدارەی ئەمریکا زیاد لە بەرە ئیمپریالییەکەی پێی راکێشاوە و ئەمەش کاریگەری لەسەر دروست کردووە، واتە ئەو کەلێنەی هەیە لە نێوان سەرچاوەکان و ئامانجەکاندا، بەتایبەتی لە سیاسەتی (ئیمپریالی) دەرەکیدا کە پێشتر بە پێداویستییەکانی ئاسایشی ناوخۆ، یان ئەرکی مرۆیی نێودەوڵەتی گوزارشتیان لێدەکرد. بێگومان گرتنبەری رێگای ئیمپریالیەت و بەتایبەتی خەرجییە سەربازییەکان، ئابووریی ئەمریکای لاواز کردووە بە بەراورد بە رکابەرە سەرەکییەکانی — چین و رووسیا. ژمارەیەك لە توێژەرانی وەك چۆمسکی، چۆسودۆڤسکی و...هتد)و بەرپرسانی حکوومی ( وەك پی کەی رۆبەرتس) پێشبینی ئەوە دەکەن کە دوای کۆتاییهاتنی رۆژگاری پاکس ئەمریکانا سیستمێکی فەرەجەمسەری پەیوەندییە نێودوەڵەتییەکان بێتەئاراوە. لە راستیدا فرەجەمسەرێتیش، وەك سیستمێکی جیهانی کە زیاد لە دوو سەنتەر و ناوەندی دەسەڵاتی باڵادەست هەبێت، بە ئاشکرا لەلایەن حکومەتەکەی ڤلادمیری پۆتینەوە لە کرملین پشتیوانی لێدەکرێت و بە سیستمێکی باشتر لە تاکجەمسەری، یان دوو جەمسەری دادەنرێت. دەبێت ئەم چەمکی فرەجەمسەرییە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لە پاڵ ئەمریکاو ئەو وڵاتانەی ئابوورییەکانیان

**ئێستا رووسیا و چین تەحەددی ئەو هەژمونگەراییەی ئەمریکا دەکەن. لەئێستادا ئەم دوو دەوڵەتە لە پرۆسەی دروستکردنی بلۆکێکی هاوپەیمانێکی تایبەت بە خۆیانن و پشتیوانی لە فرەجەمسەرێتی دەکەن**

**ئەمریکا ئەو راستییەی بۆ دەرکەوتووە کە درێژەدان بە باڵادەستیی سەربازیی خۆی لە جیهاندا باجێکی زۆری دەوێت. ئەمریکا هێزی لە نزیکەی ٨٠ دەوڵەتدا جێگیر کردووە، هەر لە بەلقانەوە بۆ قەوقاز و هەر لە کەنداوی عەدەنەوە تاوەکو نیمچە دورگەی کۆریا و هایتی**

**جیهانی دوو جەمسەری سەردەمی شەڕی سارد لە دوای ساڵی ١٩٨٩وە و بەلای کەمەوە تاوەکو ٢٠٠٨، گۆڕاو بە جیهانی تاکجەمسەری بە سەرۆکایەتی ئەمریکا- واتە جۆرێک لە دەسەڵاتی کەڵەکەبوونی هەژمونگەرایی ئەمریکا تەحەددییەکی تەواو نوێی بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دروستکرد**

**سەرجەم هەوڵە ئاشتیخوازەکانی یەکێتی ئەوروپا لە بەرامبەر قەیرانی یوگسلافیادا لەبەر ئەوە شکستیان هێنا، چونکە دیپلۆماسیەتی ئەمریکا راستەوخۆ ئەو هەوڵانەی لەباربرد**

بە خێرایی گەشە دەکەن (وڵاتانی بریکس کە بریتین لە رووسیا، هیندستان، چین، باشووری ئەفریقیا و بەرازیل)، یابان و یەکێتیی ئەورووپاش لەخۆ بگرێت. لەبەر ئەوەی سیستمی فرەجەمسەری چەند هێزێکی مەزنی هاوشان و هاوئاست بەیەکی تێدایە، ئەوە لە سروشتی خۆیدا سیستمێکی ئاڵۆزەو ئومێدەکەش ئەوەیە پتر ببێتەهۆی پاراستنی ئاسایشی جیهانی. لە راستیدا لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە جیهان لە پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵاتدایە کە بە دڵنیاییەوە ئەمەش رۆژگارێکی مەترسیدارە لەبەر ئەوەی هێزی باڵادەستیی ئەمریکا رووبەڕووی تەحەددی راستەوخۆ بۆتەوە بەهۆی هەڵکشانی هێزی رکابەرەکانی- رووسیا و چین، قەیرانی ئۆکرانیا و سووریاش دەرئەنجامی (وەك دەرهاویشتەیەکی لاوەکی و زیانبەخش لەسەر ئاستی جیهان) ئەم قۆناغی گواستنەوەی هێزەیە کە بۆتە سیمای شەڕێکی ساردی دیکە کە بۆی هەیە بەم نزیکانە بگۆڕێت بۆ رۆژگاری ئاشتییەکی گەرم. هەرچۆنێك بێت، ئیدارەی ئەمریکا لە پێگەیەکدا نییە کە عەقیدەکەی بوش جێبەجێ بکات- واتە ستراتیژیەتە تاکلایەنە مەزنەکەی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش بۆ پاراستنی جیهانێکی تاکجەمسەری لە سایەی هەژموونی ئەمریکادا لە رێی درێژەدان بە توانای سەربازی ئەمریکا بە چەشنێك کە هیچ وڵاتێکی دیکە نەتوانێت تەحەددی بکات- چونکە ئێستا رووسیا و چین تەحەددی ئەو هەژموونگەراییەی ئەمریکا دەکەن. لە ئێستادا ئەم دوو دەوڵەتە لە پرۆسەی دروستکردنی بلۆکێکی هاوپەیمانێکی تایبەت بە خۆیانن و پشتیوانی لە فرەجەمسەریێتی دەکەن وەك شێوازێکی هاوکاری بۆ ئیدارەدانی کێشە جیهانییە هاوبەشەکان و پاراستنی ئاسایشی جەماعی لە رێی گرتنەبەری کاری دەستەجەمعی و هاوکارییەوە (لە رێی بیرکردنەوەی هاوبەش) لەلایەن هێزە مەزنەکانەوە. ئەرکی بنەڕەتی سیاسەتی ئەمریکا لە دوای ساڵی ١٩٨٩وە بریتییە لە پاراستنی چەمك و هەڵسووڕانی سیستمی جیوپۆلەتیکی تاکجەمسەری، لە کاتێکدا کە رووسیا و وڵاتانی دیکە هەوڵدەدەن کە سیستمێکی جیوپۆلەتکی جیهانی فرەجەمسەری دروست بکەن. گرووپی وڵاتانی بریکس لە ئێستادا بوونەتە بەرجەستەکەری دیاردەیەکی جیهانی کە بریتییە لە هەڵکشانی هێزەکانی دیکە لە ئاست هەژمونی تاکجەمسەری ئەمریکادا. هەڵکشانی وڵاتانی بریکس ئاماژەیە بە ئاڵوگۆڕێکی یەکلاکەرەوە لە پارسەنگی هێز لە جیهاندا بەرەو کۆتاییهاتنی هەژموونی ئەمریکا. گرنگیی ئەم چوار وڵاتە کە ئابورییەکانیان بە رەوتێکی خێرا گەشە دەکات و هێزە جیۆپۆلەتیکییە جیهانییەکەشیان لە ئێستادا بۆتە حاڵەتێکی بەرچاو و پێشبنی دەکرێت لە ساڵی ٢٠٢١دا وڵاتانی بریکس هێزی وڵاتانی گروپی ٧ تێپەڕێنن. بەو پێیە، لێرەدا ئێمە مامەڵ لەگەڵ دوو چەمکی جیۆپۆلەتیکی تەواو دژ بەیەك بۆ سیستمی جیهانی لە سەدەی ٢١دا دەکەین. قەیرانی ئێستای ئۆکرانیا و سووریا تەنیا دەرهاویشتەن. لە دیدگا و تێڕوانینێکی گشتییەوە، بەرهەڵستیکردنی ئیدارەی ئەمریکا بۆ پرۆژە جیوپۆلەتیکییەکانی رووسیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە ترسی لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی یەکێتی سۆڤییەت هەبێت، بەڵکو ئەم کارە لە پێناوی بەدیهێنانی پرۆژە جیۆپۆلەتیکییە جیهانییەکەیدا دەکات کە بە پێی ئەم پرۆژەیە دەبێت رووسیا کۆلۆنییەکی سیاسی و ئابووری رۆژئاوا بێت بە چەشنی سەرجەم کۆمارەکانی یوگسلافیای پێشوو کە لە ئێستادا هەر بە ناو وەك دەوڵەتی سەربەخۆ بوونیان هەیە. بەپەلەترین ئەرکی ئەمریکا لە مامەڵەکردن لەگەڵ رووسیادا لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ەوە ئەوەیە رێگە بگرێت لە رووسیا تاوەکو بلۆکی ئابووری و جیۆپۆلەتیکی ئۆراسیا دروست نەکات، ئەویش بە (خراپ) بەکارهێنانی سیاسەتەکانی یەکێتیی ئەورووپا و ناتۆ بە بەرفراوانکردنیان بە ئاراستەی رۆژهەڵات لە رۆژهەڵاتی ئەورووپا و بەلقاندا. لەم رووەوە ئۆکرانیا رولێکی بنەڕەتی هەیە، هەروەك کەسایەتی ناسراوی ئەمریکی — بە رەچەڵەك پۆلەندی و کەسێکی دژ بە رووسیا- برژنسکی باسی لێوە دەکات- ئۆکرانیا پانتاییەکی نوێ و گرنگە لەسەر شانۆی ئۆراسیا — وەك ئاڵوگۆڕێکی جیۆپۆلەتیکی- لەبەر ئەوەی بوونی وەك وڵاتێکی سەربەخۆ رێگەنادات رووسیا

ببێتە ئیمپراتۆری ئۆراسیا، کە سەنتەری هێزی جیهانی پێکدەهێنێت. بەو پێیە، دەبێت سیاسەتی ئەمریکا لە ئەوروپای رۆژهەڵات تەرکیز لەسەر ئەوە بکات کە هەموو وڵاتانی ئەو ناوچەیە دژی رووسیا بن، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی ئۆکرانیا کە دەبێت رۆڵێکی گرنگی هەبێت لە چەقاندنی خەنجەرێك لەسەر بڕەبڕەی پشتی رووسیا. لە راستیدا تیۆری هانتینگتۆن لەبارەی پێکدادانی حەتمی کەلتوورە دژ بە یەکەکان لە رۆژگاری دوای رووخانی یەکێتی سۆڤییەتدا لە بنەڕەتدا پشتڕاستکردنەوەیەکی ئەکادیمی بوو بۆ درێژەدانی ئەمریکا بە سیاسەتە جیهانییە هەژمونگەراکەی لە دوای ساڵی ١٩٨٩وە. خودی نووسەرەکە خۆی لە بەشێکیدا کەسێکی ئەکادیمی دیارو لە بەشێکیدا راوێژکاری سیاسی چەند ئیدارەیەکی ئەمریکا بوو- و لە کۆتاییەکانی ساڵانی پەنجاکانەوە ئەو پێگە گرنگەی بەدەستهێنابوو، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە هانیتنگتۆن راستەوخۆ بەشداربوو لە ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژگاری شەڕی ساردا. هەرچۆنێك بێت، یەکێتی سۆڤییەت و دەوڵەتە کۆمۆنیستە پاشکۆکانی شەڕەکەیان دۆڕاند، بەڵام دەبوو سیاسەتی ئەمریکا —پاکس ئەمریکانا- بەردەوام بووایە لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردیش. لە راستیدا هانتینگتۆن بەو وتارە و دواتر کتێبەکەی لەبارەی پێکدادانی شارستانیەتە دژ بە یەکەکانەوە- بەوەی سیستمی بەهاکانیان جیاوازییەکی قووڵیان هەیە- رێگەیەکی ئەکادیمی بۆ پەنتاگۆن خۆشکرد بۆ داتاشینی دوژمنگەلێکی نوێ و سوودبەخش، چونکە ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا رۆڵێکی نوێ ببینێت و بووە پاساوێك بۆ درێژەدان بە هەژموونگەرایی ئەمریکا لە جیهانی دوای رووخانی کۆمۆنیستییەوە. یەکێك لەم دوژمنانە بریتی بوو لە رووسیای سەردەمی بۆریتس یەڵتسن کە وڵاتێك بوو بڕیاری دابوو بەرهەڵستی هەژموونگەرایی جیهانی بکات، هەر لایەنێك ئاڵاهەڵگری بێت.

*** ئایا ئاراستەی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی رووسیا لە رۆژگاری دوای یەڵتسندا چییە؟**

سیاسەتی دەرەکیی نوێی رووسیا لە سەدەی ٢١دا پتر بەو ئاراستەیەدایە کە ئەو پێشبینییە لەبار ببات کە پێیوابوو سەدەی نوێی هەزارەی نوێ پتر سەدە و هەزارەیەکی ئەمریکی دەبێت بە بەراورد بە رۆژگاری پێشتر، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و رووسیا لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ـەوە لە سیستمی نوێی جیهانی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بەرەو دووبارە داڕشتنەوەی پەیوەندیگەلێکی فەرجەمسەر دەڕوات. دوایین سەرکەوتنی سەربازی پرۆژەی جیۆپۆلەتیکی پاکس ئەمریکانا بریتی بوو لە جەنگی دووەمی کەنداو (شەڕی عێراق) لە ساڵی ٢٠٠٣دا کە لایەن سەرۆکی —نیوموحافیزکار- جۆرج دەبلیو بوشەوە هەڵگیرسێنرا، ئەویش نەك تەنیا بۆ تێپەڕاندنی گرێی ڤێتنام، بەڵکو لەوە گرنگتر بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەو شارەزایانەی پێشتر پێشبینیی داخورانی دەستڕۆیشتوویی ئەمریکایان لە سیاسەتی جیهانیدا دەکرد. ئەندازیارییانە جیۆپۆلەتیکی رووسیای دوای یەڵتسن، کە سەرجەم رەخنەگرانی پاکس- ئەمریکانا هاوڕان لەگەڵیدا، جەخت لەسەر کاریگەری مەترسیداری هێزی نەرمی ئەمریکا دەکەن لەسەر کەلتوور، شێوازی پۆشین جلوبەرگ و خواردنی خێرا و مۆسیقا و ...هتد. کە ئەمانە وەك بەرهەمی کەلتوورێکی سەرەتایی، یان نیچمە شارستانی وێنا دەکرێن. بەو پێیە، ئەرکی جیهانی، شارستانیەتییەکان لە سەروەختی پێکدادانی شارستانیەتییەکاندا بریتییە لە شەڕکردن لە دژی نیمچە شارستانیەتێك کە رواڵەتی مرۆڤایەتی شێواندووە لە جیهاندا. ئەمە یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی رووسیا- وەك یەکێك لە هێزە مەزنە هەڵکشاوەکان- لە سیاسەتی جیهانیدا لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ـەوە. واتە رووسیای دوای یەڵتسن وەك هێزێکی هەڵکشاو و وەك یەکێك لەو وڵاتانەی کە تەحەددای هەژموونگەرایی تاکجەمسەری ئەمریکا دەکات، کە ئەمەش دەبێت لەو روانگەیەوە لێی بڕوانرێت کە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٨ رووسیا سەرکەوتووە بە لە دووهێندەکردنی تێکڕای داهاتی ناوخۆی و سێ هێندەکردنی کرێ و کەمکردنەوەی بێکاری و هەژاری.

واشنتۆن زۆر بە خێرایی ئەوروپییەکانی تۆمەتبار کرد بەوەی ناتوانن مامەڵە لەگەڵ قەیرانی یوگسلافیادا بکەن کە ئەوەش تاقیکردنەوەیەکی گەورە بوو کە یەکێتیی ئەوروپا تێیدا سەرکەوتوو نەبوو

یەکێک لە هەرە بنەڕەتیترین کردەوەکانی دژ بە رووسیا لە ئەوروپا و لە دوای داڕووخانی یەکێتی سۆڤییەتەوە بریتی بوو لە بڕیارەکەی ئەمریکا بۆ بەرفراوانکردنی ناتۆ بە ئاراستەی رۆژهەڵاتدا لە رێی پێدانی ئەندامێتی تەواو بە سێ ئەندامی پێشوو هاوپەیمانی وارشۆ کە بریتین لە پۆڵەندا، کۆماری چیک و هەنگاریا

بەرفراوانبوونی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا بە ئاراستەی رۆژهەڵاتدا لە کاتێکی گونجاودا هاتەئاراوە کە بووە ئامرازێکی سەرەکی بە دەست واشنتۆنەوە بۆ ئەوەی وردە وردە کۆنترۆڵی ئەو خاکانەی دەوروبەری رووسیا بکات کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکاندا بوون

# لەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆم پێویستە ئەمریکا رۆڵی خۆی لە کوردستاندا بگێڕێت


**«سەپاندنی گەمارۆ و سزادانی کوردستان لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم، سەرەڕای ئەوەی دەرفەت دروست دەکات بۆ خۆکۆکردنەوەی داعش، لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی باڵادەستبوونی ئێران و لەوانەشە کاردانەوەی ئەوەی هەبێت کوردی ئێرانیش بجووڵێت. لەبەرامبەر ئەمەدا ئەندامانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بە سەرۆکایەتی ئەمریکا پێیان ناخۆشە کە ریفراندۆمەکەی کوردستان ئاڵۆزیی زیاتر بەدوای خۆیدا بهێنێت، بەڵام نابێت بچنە ژێرباری هیچ هەوڵێکەوە بۆ لەباربردنی توانای هەرێمی کوردستان بۆ هەنگاوهەڵگرتن بە شێوەیەکی سەربەخۆ، چونکە ئەمە گرنگییەکی زۆری دەبێت ئەگەر هاتوو وەکیلە ئێرانییەکان باڵادەست بوون لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی داهاتووی عێراقدا کە بڕیارە لە نیسانی ٢٠١٨ بەڕێوەبچێت.»**

کوردی عێراق دراوسێکانی تووڕە کردووە، بەڵام ڕێوشوێنەکانی سزادان بۆی هەیە بە ڕەوتێکی خێرا پێگەی ئێران بەهێز بکەن و زیان بە شەڕی دژ بە داعش بگەیەنن.

ریفراندۆمی سەربەخۆیی ٢٥ی ئەیلوول لە هەرێمی کوردستاندا ڕێژەیەکی بەرزی بەدەست هێنا، کە تێیدا لە سەدا ٩٢,٧ی دەنگدەران بە بەڵێ دەنگیان دا. ئەگەرچی ئەنجامەکە هیچ گۆڕانکارییەکی ئیداری بە دوای خۆیدا نەهێنا، بەڵام حکومەتی و پەرلەمانی عێراق کاردانەوەی توندیان هەبوو، ئەمە لە کاتێکدا دەوڵەتە دراوسێکان، وەك تورکیا و ئێران هەماهەنگی لەگەڵ عێراقدا دەکەن بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی سزادان. بۆی هەیە هەندێ لەو سزایانەی پێشنیارکراون زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بگەیەنن و ببنەهۆی برەودان بە دەستڕۆیشتوویی ئێران، کە بڕیارە سەرۆکی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە ٤ی ئەم مانگەدا سەردانی بکات. پێش ئەو گەشتە دەبێت ئەمریکا زۆر بە خێرایی کاربکات بۆ دووبارە دارِشتنەوەی حیساباتی تورکیا و عێراق لە بارەی سیاسەتەکەیانەوە بۆ دۆخی دوای ریفراندۆم، کە باشترە ئەم کارە بە هاوکاری لەگەڵ یۆنامی – سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان- و هاوپەیمانێتی شەڕی دژ بە داعش ئەنجام بدات.

**● ئەو ڕێکارانەی کە تاوتوێ کراون بۆ ئەوەی دژی کوردستان بگیرێنەبەر**

لە بەغدا، پەرلەمانە ناجێگیرەکە بڕیارێکی سیانزە خاڵی وەك کاردانەوەیەك لەبەرامبەر دەنگدانی ریفراندۆمی کوردستان دەرکرد. ئەگەرچی بڕیارەکە، یاسا نییە، چونکە لە بنەڕەتدا لە کابینەی حکومەتەوە نەهاتووە، بەڵام چەند هەنگاوێکی توندی لە خۆ گرتووە:



## مایکڵ نایتس

**ئـەم وتـارە ڕۆژی ٢٩ی ئەیلوول لە ئامۆژگای واشـنتۆن بـۆ دیراسـەتی ڕۆژهەڵاتـی نزیـك بڵاوكراوەتەوە.**

گرتنەبـەری ڕێگاچـارەی سـەربازی لـە دژی ئـەو ناوچـە ناكۆكـی لەسـەرانەی بەدەسـتی كوردەوەن، وەك كەركـووك، دەركردنـی ئـەو فەرمانبـەرە كوردانـەی لـە حكومەتـی فیدراڵیـدان، ئەوانـەی بەشدارییان كـردووە لـە ریفراندۆمەكـەدا، لادانـی پارێـزگاری كەركـووك نەجمەدیـن كەریـم لـە ڕێـی بەكارهێنانـی هێـزەوە، داخسـتنی سـنوورەكانی هەرێمـی كوردسـتان بـە هـاوكاری لەگـەڵ دەوڵەتـە دراوسـێكاندا، ڕاگرتنـی هەناردەكردنـی نـەوت، داخسـتنی كونسـوڵخانەی وڵاتانـی بیانـی لـە هەرێمـی كوردسـتاندا، گرتنەبـەری ڕێوشـوێنی یاسایی لـە دژی سـەرۆكی هەرێمـی كوردسـتان، مسـعود بارزانـی، هەروەهـا ئامادەكاریكـردن بـۆ لادانـی سـەرۆك كۆمـار، فوئـاد مەعسـوم كـە كەسـێكی كـوردە.

لەگـەڵ ئەوەشدا، ئەگـەری ئـەوە نییـە سـەرۆك وەزیـران حەیـدەر ئـەل عەبـادی هەنـگاو بگرێتەبـەر لـە ڕووی هەڵكشـاندنی دۆخـە سـەربازییەكەوە، بـەڵام ئامـاژەی بـەوە كـردووە كـە ئەگـەری ئـەوە هەیـە ڕێوشـوێنی ئابـووری بگرێتەبـەر و داوای لـە هەرێمـی كوردسـتان كـردووە سـەرجەم دەروازە سـنوورییەكان، فڕۆكەخانـەكان و هەناردەی نەوتـی ڕادەست بكاتـەوە. دەسـەڵاتی فڕۆكەوانـی مەدەنـی عێراقـی ئامـاژەی بـەوە كـرد كـە ئاسـمانی كوردسـتان بـە ڕووی گەشـتە نێودەوڵەتییەكانـدا دادەخـات لـە كاتژمێـر ٦ی سـەر لـە ئێـوارەی- بـە كاتـی مەحەلـی- ڕۆژی ٢٩ی ئەیلـوول، كـە ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی هێڵەكانـی فڕۆكەوانـی گەشـتەكانیان بـۆ هەرێمـی كوردسـتان ڕابگـرن.

ئـەوەی پەیوەنـدی بـەم لایەنـەوە هەبێـت، ئـەوا پێدەچێـت توركیـا و ئێـران ئامادەبـن هـاوكاری عەبـادی بكـەن لـە وەرگرتنـەوەی ئـەم دەروازانـە. لـە ئێسـتادا بەغـداد كار لەگـەڵ ئەنقـەرە و تاراندا دەكات

**لە ئێستادا دەتوانین بارودۆخەکە باشتر بکەین لە عێراقدا و درێژە بە شەڕی دژ بە داعش بدەین و لە بەرامبەر تەحەددییەکانی ئێران و رووسیادا پارێزگاری لە بایەخی هاوپەیمانێتییەکە بکەین**

**ڕێگەدان بە رووسیا و ئێران بۆ ئەوەی زاڵبن بەسەر تێڕوانینی تورکیا لەم قەیرانەدا لە بەرژەوەندی ئەمریکا نییە، بەتایبەتی هیچ یەکێک لەو دوو وڵاتە بەرژەوەندییان نییە لە سەرکەوتنی شەڕی دژ بە داعشدا و هەردووکیان هەوڵی کەمکردنەوەی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەدەن**

بۆ ئەوەی فەرمانگەی گومرگی لەنێو خاکی تورکیادا دابمەزرێنێت بۆ وەرگرتنی باج پێش ئەوەی کوردستان ئەم باجەیان بەسەردا بسەپێنێت. ئەمەش لەگەڵ خواستی عێراق و تورکیادا یەکدەگرێتەوە کە نایانەوێت سەرکردەکانی کورد بە بێ مۆڵەتی بەغدا ئەو ناوچەیە جێبهێڵن. لە هەمان کاتدا، ڕێگای بازرگانی تورکیا لەگەڵ عێراقدا گۆڕدراوە بۆ ئەوەی بە ئێراندا تێپەڕ ببێت و، ڕەنگە عێراق هەڵبستێت بە پێوانەکردنی ئەو نەوتەی هەرێم کە بە خاکی تورکیادا هەناردەی دەکات. لەم حاڵەتەدا بۆی هەیە تورکیا مافی سەرپەرشتیکردن و بە بازاڕکردن بداتە سۆمۆ- کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوتی عێراق-، لەبەرامبەریشدا بەغدا مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بدات.

### ● ئایا دۆخەکە لە بەرژەوەندیی داعش و ئێرانە؟

ئەگەر بە ئەمری واقیع کوردستان بخرێتە ژێر باری گەمارۆیەکی ئابوورییەوە، ئەوا بۆی هەیە ئەمە کاریگەری زۆر گەورەی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەبێت. چونکە ئەمە زیان بە شەڕی دژ بە داعش دەگەیەنێت، لە نێویاندا ئۆپەراسیۆنی بەردەوامی ڕزگارکردنی حەویجە، کە ئامانجی لێی پاککردنەوەی گەورەترین و مەترسیداترین مۆڵگەی گرووپەکەیە لە باکووری عێراقدا. بۆی هەیە کاری تۆپخانە و هەواڵگری و هاوکاری لۆجیستی لەلایەن هاوپەیمانێتیەکەوە ڕابوەستن، ئەگەر هاتوو کورد کاردانەوەیەکی توندیان هەبوو لەبەرامبەر گەمارۆکەدا، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کوردستان لە ماوەی چەند هەفتەیەك، یان مانگێکدا ڕووبەڕووی کارەسات ببێتەوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە عێراق بە خێرایی قەرەبووی نەمانی داهاتی نەوت و باج و ڕسووماتی گومرگی بکاتەوە، کە ئەمەش ناسەقامگیری و نارەزایەتی و شەڕی لایەنەکانی لێدەکەوێتەوە. چونکە ئەو پێشمەرگانەی کە سەنگەرێکی دوورودرێژ لە دژی داعش دەپارێزن بە خێرایی مووچەیان نامێنێت و ڕەنگە زۆریشیان ناچار بن دەستهەڵگرن بۆ ئەوەی بچن بژێوی بۆ خێزانەکانیان دابین بکەن.

سەرەڕای دروستبوونی دەرفەت بۆ خۆکۆکردنەوەی داعش، ئەوا ئەم گەمارۆیە برەو بە دەستڕۆیشتویی ئێران دەدات، کە دەیەوێت بە توندی سزای کوردستان بدات لەبەرامبەر ئەو ریفراندۆمەی ئەنجامیدا کە بۆی هەیە کوردی ئێرانیش بجووڵێنێت. زۆرێك لە بەرپرسانی نێو هاوپەیمانێتەکە- بە سەرۆکایەتی ئەمریکا- پێیان ناخۆشە کە ریفراندۆمەکەی کوردستان ئاڵۆزیی زیاتری بەدوای خۆیدا هێناوە، بەڵام نابێت بچنە ژێرباری هیچ هەوڵێکەوە بۆ لەباربردنی توانای هەرێمی کوردستان بۆ هەنگاوهەڵگرتن بە شێوەیەکی سەربەخۆ، چونکە ئەمە گرنگییەکی زۆری دەبێت ئەگەر هاتوو وەکیلە ئێرانییەکان باڵادەست بوون لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا کە بڕیارە لە نیسانی ساڵی ٢٠١٦دا بکرێت. هەمیشە کوردستان پلانی (ب)ی ئەمریکا دەبێت ئەگەر هاتوو عێراق بە تەواوەتی داخزایە نێو فەلەکی ئێرانەوە، چونکە کورد تەنیا کاراکتەری مەحەلی بوون کە بە ڕووی قاسم سلێمانی- فەرمانەدەی هێزی قودس لە سوپای پاسدارانی ئێران- وەستانەوە. ئەگەرچی دەبێت واشنتۆن هۆشیار بێت و هەوڵی پاراستنی پرسە گەورەکە بدات – واتە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا- بەڵام پلانی پاڵپشت – کە هەرێمی کوردستانە- بەهایەکی زۆری بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەبێت و ڕەنگە بۆ تورکیاش ئەگەر هاتوو ئەم لێکنزیکبوونەوەیەی لەگەڵ بەغدا کێشەی تێکەوت. کەواتە دەبێت ئیدارەی ترەمپ بە پەلە هەنگاو هەڵبگرێت بۆ پارێزگاریکردن لەو متمانە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییانەی لە ئاست و لەگەڵ کوردستاندا هەیە.

### ● ڕاسپاردەکان بۆ ئەمریکا

لە ئێستادا کوردی عێراق ڕووبەڕووی واقیعێکی نوێ بۆتەوە: ئەوان پانتاییەکیان لە نێوان خۆیان و نزیکترین هاوپەیمانەکانیاندا دروست کردووە، هاوپەیمانێتی – دژ بە داعش- بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و تورکیا، ئیدی بە شێوەیەکی کاتی بێت یان نا. ئەوان ئەم سەرکێشییەیان قبووڵکرد بە ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەو ئێستاش دەبێت دەرئەنجامەکانی قبووڵ بکەن. بەڵام ئەو ڕێوشوێنانەی سزادان کە هەڕەشەی گرتنەبەریان دەکرێت مەترسیی گەورە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانێتییەکە لە عێراقدا دروست دەکەن.

من ناڵێم دەبێت واشنتۆن ڕۆڵی پارێزەری کورد لە بەغدا ببینێت. بەڵکو لەبری ئەوە دەبێت

تەركیزی هەوڵی میانگیریی ئەمریكا لە ئەنقەرە بێت، لەبەر ئەوەی هەنگاوی داهاتووی توركیا یەكلاكەرەوە دەبێت بۆ بەردەوامبوونی هەڵسووڕاندنی كاروبارەكان لەلایەن هەرێمی كوردستانەوە. ئەردۆغان لە ٢٨ی ئەیلوولدا لە ئەنقەرە كۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆكی رووسیا ڤلادمیر پوتین كرد و لە رۆژی ٤ی ئەم مانگەشەدا دەچێتە تاران. دوای ئەم راوێژانە، چاوەڕوان دەكرێت بڕیاری ئەوە بدات كامە لەم رێوشوێنانەی تۆڵەسەندنەوە دەستبەجێ جێبەجێ بكات، كە رەنگە ئەوەش لە كۆتایی هەفتەدا روون ببێتەوە. بە دڵنیاییەوە رێگەدان بە رووسیا و ئێران بۆ ئەوەی زاڵبن بەسەر تێڕوانینی توركیا لەم قەیرانەدا لە بەرژەوەندی ئەمریكا نییە، بەتایبەتی هیچ یەكێك لەو دوو وڵاتە بەرژەوەندییان نییە لە سەركەوتنی شەڕی دژ بە داعشدا و هەردووكیان هەوڵی كەمكردنەوەی كاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئەمریكا لە ناوچەكەدا دەدەن.

بەپەلەترین هەنگاوی ئیدارەی ترەمپ ئەوەیە كە هەڵبستێت بە رەوانەكردنی نێردراوێكی مەدەنی بۆ چارەسەركردنی قەیرانەكە، كەسێك بێت كە خەلفیەتێكی سلبی نەبێت لەگەڵ تورك و كورد، یان بەغدا. پێویستە ئەم نێردراوەش تەركیز لەسەر ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بكات:

- پاڵنەرە سیاسییە ناوخۆییەكان لەبەرچاو بگرێت. پێویستە هەوڵی میانگیریی ئەمریكا ئەو رێوشوێنانە دەستنیشان بكات كە دەبنەهۆی چارەسەركردنی نیگەرانییە سیاسییە ناوخۆیی راستەقینەكان كە لەلایەن ئەردۆغان، عەبادی و بارزانی-یەوە گوزارشتیان لێكرا. هەر یەكە لەم سەركردانە هەڵوێستێكی بەهێزیان گرتەبەر بۆ پشتوانیكردن، یان دژایەتیكردنی ریفراندۆم كە لە بنەڕەتدا ئەم هەڵوێستانە بۆ رازیكردنی لایەنگرانی سیاسی ناوخۆیی بوون، ئەم هۆكارەش هێشتا لە ئارادا ماوە. نەتوانرا پێش دەنگدانەكە قەیرانەكە چارەسەر بكرێت، لەبەر ئەوەی كاراكتەرەكان نەیانتوانی پاڵنەری سیاسی ناوخۆیی ئەوانی دیكە بە راست و دروستی بخۆێننەوە، نابێت نێردراوی نوێی ئەمریكا ئەم هەڵەیە دووبارە بكاتەوە.
- دەستبەجێ هەنگاو بنرێت بۆ هێوركردنەوەی بارودۆخەكە. ئەردۆغان و عەبادی پێویستیان بەوەیە كە بە خەڵكی خۆیان بڵێن ریفراندۆمەكە لە ئایندەیەكی نزیكدا نابێتەهۆی ئەوەی كورد هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵبگرێت، یان بۆ هەمیشەیی ناوچە ناكۆكی لەسەرەكان بكەنە بەشێك لە خاكەكەیان. بەو پێیە پێویستە ئەمریكا كار لەسەر ئەوە بكات كە كورد بە ئاشكرا و بەخێرایی رایبگەیەنێت كە ئەم هەنگاوانە هەڵناگرێت. رەنگە ئەوان تەنیا یەك دەرفەتیان هەبێت لەبەرامبەر ئەردۆغاندا، كەواتە دەبێت پەیامەكە روون بێت. هەروەها پێویستە ئیدارەی ترەمپ كار بۆ رێگرتن لە هەر هەنگاوێك بكات كە ببێتەهۆی وروژاندنی زیاتری ئەردۆغان، وەك ئەوەی لە لێدوانێكدا كۆنگرێس، یان ئیسرائیل گوزارشت لە پشتیوانی خۆیان بۆ سەربەخۆبوونی كورد بكەن. لەوەش زیاتر، دەبێت واشنتۆن كار بكات بۆ ئەوەی كوردی سووریا لەم كاتەدا بێدەنگ بێت.

دروستكردنی لیژنەیەكی گفتوگۆ. ئەمە دەبێتە هەنگاوێكی بنیادنەر، ئەو داواكارییانەی لەلایەن بەغداوە خرانەڕوو هەمان ئەو نیگەرانییانەن كە كورد گوزارشتی لێكردوون: گەیشتن بە رێككەوتنێكی یەكجارەكی لەبارەی كۆنترۆڵكردنی بواری ئاسمانی، هەناردەكردنی وزە، بەڕێوەبردنی ناوچە ناكۆكی لەسەرەكان و پشكی كورد لە هاوكارییە ئەمنییە نێودەوڵەتیەكاندا. كەواتە پێویستە نێردراوەكەی ئەمریكا لیژنەیەكی گفتوگۆ پێكبهێنێت كە لایەنەكانی بریتی بن لە ئەمریكا-عێراق- كوردستان بۆ ئەوەی تەركیز لەسەر ئیدارەدانی بەپەلەی قەیرانەكە بكات لە پەیوەندی بە رێوشوێنەكانی سزادان كە بۆی هەیە زیان بە شەڕی دژ بە داعش و بەرژەوەندییەكانی دیكەی ئەمریكا بگەیەنێت. لە هەمان كاتدا كاتێك دۆخەكە هێور دەبێتەوەو سیاسەتێكی ئاسایی دەستپێدەكات، دەكرێت ئەو لیژنەیە بگۆڕێت بۆ میكانیزمێك بۆ گفتوگۆكردن لەبارەی پرسە بنەڕەتییەكانی پەیوەست بە ناكۆكی نێوان بەغدا و هەرێم. ئەم پرۆسەیەش چەندین ساڵە بوونی پێویست بوو، نەبوونیشی بووە هۆی ئەوەی كە ناكۆكییە بچووكەكان تەشەنە بكەن بۆ ئەو قەیرانەی ئێستا. بە هەنگاوهەڵگرتن لە ئێستادا دەتوانین بارودۆخەكە باشتر بكەین لە عێراقدا و درێژە بە شەڕی دژ بە داعش بدەین و لە بەرامبەر تەحەددییەكانی ئێران و رووسیادا پارێزگاری لە بایەخی هاوپەیمانێتییەكە بكەین.

**كوردی عێراق دراوسێكانی تووڕە كردووە، بەڵام رێوشوێنەكانی سزادان بۆی هەیە بە رەوتێكی خێرا پێگەی ئێران بەهێز بكەن و زیان بە شەڕی دژ بە داعش بگەیەنن**

**هەمیشە كوردستان پلانی (ب) ی ئەمریكا دەبێت ئەگەر هاتوو عێراق بە تەواوەتی داخزایە نێو فەلەكی ئێرانەوە، چونكە كورد تەنیا كاراكتەری مەحەلی بوون كە بە رووی قاسم سلێمانی- فەرماندەی هێزی قودس لە سوپای پاسدارانی ئێران- وەستانەوە**



ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:

# هەموو پێکهاتەکانی کەرکووک دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوە

## بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق دژی کەرکووک تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزە و جێبەجێ ناکرێن

**کەرکووك لە پرۆسەی ریفراندۆمدا تاجی کوردستانیبوونی لەسەرنا و بە بەشداری تێکڕای پێکهاتەکانی بە کورد و عەرەب و تورکمان و کلدو ئاشووری و سریانەوە دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان و کوردستانیبوونی کەرکووك دا، ئەم هەڵوێستەی کەرکووکییەکان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە هیندەی دیکە بەغدای دووچاری هیستریا کردووە، بۆیە هەڕەشە لەو شارە قارەمانە دەکرێت، بەڵام ئیرادەی پۆڵایینی خەڵکی شارەکە هەر ئەو ئیرادە لە شکان نەهاتووەیە کە ساڵی پار کاتێك چەند سەد چەکدارێکی داعش دزەیان کردە ناو کەرکووك، لێیان راپەڕین و دوای ئەوەی یەك بە یەکی چەکدارانی داعشیان بە دۆزەخ شاد کرد، کەرکووك بە سەربەرزی و سەرفرازی مایەوە، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی بەشداریی کەرکووك لە پرۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و وەڵامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك سەبارەت بە هەڕەشەو گوڕەشەکانی بەغدا، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** ئەمساڵ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دوو بڕیاری گرنگی دەرکرد؛ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە دامودەزگا فەرمییەکانی شاری کەرکوک و بڕیاری بەشداریکردنی پارێزگاکە لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا، وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەکرێت هۆکاری دەرچوونی ئەو دوو بڕیارە گرنگە بۆ خوێنەرانمان باس بکەن؟**

- خەڵکی کەرکوک لەگەڵ ئەوەی دووچاری زوڵم و ستەم و هێرش و پیلانی زۆر بوونەتەوە، بەڵام بە بەردەوام هەستی نەتەوایەتی تێیدا زیندوو بووەو خۆڕاگر بوون، هەر بۆیە خەڵکەکەی خاوەنی چەندین بڕیاری بوێرانەن، وەك هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەر دامەزراوە فەرمییەکانی شارەکە و هەروەها بڕیاردان بە بەشداریکردن لە پرۆسەی گشتپرسیدا. دیارە پێش ئەوەی بڕیاری گشتپرسی بدەین، داوامان لە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق کردبوو کە قۆناخی سێیەمی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، لە بەرامبەریشدا گوتبوومان ئەگەر جێبەجێ نەکرێت، ڕێگەی دیکەی یاسایی و دەستووری دەگرینەبەر، بەڵام بەداخەوە ئەو دەستی پێکردین، هەر لەسەر ئەم پرسە دێتەوە یادم کاتێك سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ڕاشکاوانە گوتی: (ئەگەر ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ تەکنیکییە ئەوا ئێمە ئامادەین هاوکاری حکومەتی عێراق بکەین، بەڵام ئەگەر ئاستەنگەکە سیاسی بێت، قبووڵی ناکەین)، ئەمەش هۆشدارییەکی دیکە بوو کە درایە بەغدا بەوەی چیدیکە کوردستان دەستی دەستی لەسەر ماددەی ١٤٠ قبووڵ ناکات. گومانی تێدا نییە پارێزگای کەرکوك بەپێی هەموو بەڵگە مێژووییەکان ناسنامەی کوردستانییە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا بەوە ڕازی بووین کە هەتا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ دەکرێت ئاڵای هەردوولا (عێراق و کوردستان) هەڵبدرێت. بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە بە بڕیارێکی فەرمیی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك ئەو بڕیارە پەسەندکرا کە بە فەرمی ئاڵای کوردستان لەسەر دامودەزگا فەرمییەکان هەڵبکرێت. سەبارەت بە بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمیش لە بڕیارێکی بوێرانەدا لیژنەی باڵای ریفراندۆم و سەرکردایەتی سیاسیی کورد بڕیاریدا ئەو گشتپرسییە ئەنجام بدرێت لە شاری کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، ئێمەش خستمانە بەردەم ئەنجومەنی پارێزگا و بە کۆی دەنگ پەسەندکراو دەنگی کۆتایی هێناو سوپاس بۆ خوا کەرکوك لە ریفراندۆم بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەشداری کرد.

*** وەکو ئاماژەتان پێدا بەشداریی کەرکوك لەو ریفراندۆمەدا وەرچەرخانێکی مێژوویی دروستکرد، بەتایبەتی کە کەرکوك دەنگی بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی دا، ئایا ئەم دەنگدانە لەسەر کوردستانییەتی کەرکوك چ مانایەکی هەبووە؟**

- زیاتر لە ١٠٠ ساڵە شاری کەرکوك و خەڵکەکەی مەینەتییەکی زۆریان دیوە، هەر بۆیە دەنگی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی مانایەکی گەورە دەگەیەنێت لە نزیکبوونەوەی ئەو خونە گەورەیەی کە سەربەخۆیی کوردستانە کە لە ڕابردووا هەزاران شەهیدو قوربانیمان بۆی داوەو ڕووبەڕووی تەرحیل و تەعریب و کوشتن بووینەتەوە، کەرکووکییەکان بە جیاوازی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەوە و بە ڕەنگی دەستیان لە پرۆسەیەکی دیموکراتییدا سەلماندیان بەوەی ئەو شارە کوردستانییەو ئەو مافەیان بۆ خەڵکی شاری کەرکوك گەڕاندەوە، ئەمە لەکاتێکدا عێراق و وڵاتانی دراوسێ گرەویان لەسەر ئەوە کردبوو کە ریفراندۆم لەم شارەدا جێبەجێ ناکرێت و بگرە پیلان و کاری دوژمنکارانەشیان بۆ کرد.

*** وەکو باستانکرد لەم پرۆسەیەدا هەموو پێکهاتەکانی کەرکوك بەجیاوازی ئایینی و نەتەوەییەوە بەشدارییان کرد، ئایا ئەمە تاچەند وەکو ڕێزو وەفایەکی ئەو پێکهاتانەیە بۆ قوربانییەکانی پێشمەرگە کە هەموو پێکهاتەکانی بێ جیاوازی لە کەرکوك پاراستووە؟**

- ئەوەی جێگای دڵخۆشی بوو دەنگێکی زۆری عەرەبەکان و تورکمانان و کریستیانەکانمان لە شارەکە دەستکەوتەوە، ئێمە گوتمان لەوانەیە تەنیا نەتەوەی کورد لە کەرکوك بەجۆش و خرۆش بێت و باوەڕمان نەدەکرد کە عەرەبەکان ئەوەندە تامەزرۆی ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، عەرەبەکان بە ڕێژەیەکی زۆر بەشداربوون و دەنگێکی زۆریان بە بەڵێ بۆ کوردستانییەتی کەرکوك و سەربەخۆیی دابوو، هەر بۆ نموونە گەڕەکمان لە کەرکوك هەیە هەر هەمووی عەرەبن، بە ژمارەو ڕێژەکی باش دەنگیان دابوو. هەموو نەتەوەو ئایینزاکان لە کەرکوك وەفادارییان بۆ پێشمەرگە هەیە کە توانییان سەروماڵی هاووڵاتیان بپارێزن. لە ٢١ی١٠ی ساڵی ڕابردوو ٢٠٠ تیرۆریستی داعش خۆیان خزاندە ناو شاری کەرکوك لە شەوێکی ترسناکدا وا بۆی چووبوون کە چۆن بە ٥٠کەس شاری موسڵیان گرت و حکومەت و سوپای عێراقی چۆڵیکرد، شاری کەرکوك بە ٢٠٠داعش زۆر ئاسان دەگیرێت، بەڵام نەیانزانی کە هەموو نەتەوەو پێکهاتەکانی شارەکە بەیەکەوە بە یەك دەست و بە یەکڕەنگ بەرەنگاربوونەوەیەکی جددی

**مەلا مستەفا لە دانوستانەکانی لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ ڕژێمی ئەو کاتی بەعس ڕێکنەکەوت، چونکە تەنیا نیوەی ئیدارەی کەرکووکیان پێدابوو، ئەو پێیوابوو بۆ مێژوو شەرمەزارییەکی گەورەیە بەبێ کەرکووک دانوستاندن بکات و ڕازی بێت بە مەرجەکانی سەدام حوسێن، چونکە لەلای ئەو سەرکردەیەی کورد کەرکووک دڵی کوردستان و شارێکی کوردستانی بووە**

**گەلی کوردستانە زۆرترین ئاوارەو لێقەوماوی عەرەبی سوننەو شیعەی لەخۆگرتووەو خزمەتی کردوون و تا ئێستاش بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز لە هەرێمی کوردستانەدان و سەرەڕای هەرەشەی داخستنی سنوور و برسیکردنی خەڵکی کوردستان، بەڵام هێشتا ئێرەیان لا سەلامەتتر و پارێزراوترە بۆیە ناگەڕێنەوە**

**هەندێك عەرەبی سوننەی بەکرێگیراو هەن لەلایەن مالیکی و چەند پارتێکی شیعەوە تەجنید کراون، دەیانەوێت لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو تۆمەت بەخشینەوە ڕاستییەکان بشارنەوەو تۆمەتبارمان بکەن**

**هەرگیز ئەو خەیاڵەی عەبادی و حەشدی شەعبی و سوپای مەزهەبی عێراق نایەتەدی و خەڵکی کەرکووک بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بەهیچ شێوەیەک قبووڵیان نییە سوپای عێراق بێتە شاری کەرکووک، ئەم هەڵسوکەوت و بڕیارە توندانەی بەغداش بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیسەلمێنێت کە ئێمە مافی خۆمانە لە دەرەوەی ئەم توندڕۆیی و مەزهەبگەراییە بژین و خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بین**

و باشیان کرد کە نەیانهێشت لەماوەی ٢٤کاتژمێر ئەو مەرامە خراپەیان جێبەجێ بکەن، تەنانەت یەك داعش نەیتوانی لە کەرکووك رزگاری بێت و هەر هەموویان کوژران، ئەوە وەفاو هەڵوێستی پێکهاتەکانی کەرکووکە بەرامبەر بەهێزی پێشمەرگەو شەهیدبوون و بەرگریکردنی پێشمەرگە کە هەر هەموو پێکهاتەکانی لە کەرکووك پاراستووە، نەتەوەو پێکهاتەکانی کەرکووك ئەوە لەبیر ناکەن و ئەوەی نەتەوەکان لە کەرکووك دەستیان دەکەوێت، لەبەغدا دەستیان ناکەوێت، چونکە حکومەتەکەی بەغدا سەد لەسەد مەزهەبگەرای عەرەبییە، بەپێچەوانەوە کەرکووك شارێکی فرەنەتەوەو ئاینییە و شاری پێکەوەژیانەو هەموو نەتەوەکان بە ئازادی و سەربەستی توانیویانە راوبۆچوون و هەڵویستیان دەرببڕن.

*** رۆژی پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم ؛ ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم دیکۆمێنتی سیاسیی دەوڵەتی کوردستانی پەسەند کرد. بەوەی کوردستان دەوڵەتێکی فیدراڵی دەبێت و کەرکووکیش لەناو ئەم دەوڵەتەدا هەرێمێکی فیدراڵی دەبێت، پرسیار ئەوەیە ئایا تاچەند ئەم شێوازەی دەوڵەت دڵنیایی بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکووك دروست کردووە؟**

- ئەمە سەرەتا سوپاسی دەوێت بۆ ئەو بیرکردنەوەی کە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان کردوویەتی کە رەچاوی بارودۆخی شاری کەرکووکی کردووە، چونکە پێکهاتەی زۆری تێدایەو کێشەی زۆریشی هەیە، بۆیە ئەمە جێگای دڵخۆشییە کە لە واقیعی کەرکووك دەگەن و بەهەند وەردەگیرێت، کە کەرکووك هەرێمێکی سەربەخۆ بێت، ئەوەشی دژایەتی پرۆسەی گشتپرسی کرد کە بەرەی تورکمانی بوو، کە پارتێك بوو بە تەنیا، بەڵام لە رووی هەرێمە سەربەخۆیەکەو پێکهاتە تایبەتەکەی هاوڕاو هاوبیرە لەگەڵ کورد لەشاری کەرکووك و ئەوان دوو بژاردەیان لەپێشە، ئەو هەرێمە لەسنووری عێراق بێت یان لەسنووری دەوڵەتی کوردستان بێت، ئەو دوو بژاردەیە کە بۆچوونی جیاوازی تێدایە لەگەڵ ئێمەدا وەکو پارتە سیاسییە کوردستانییەکان و خەڵکی کەرکووك لەگەڵ چەند حزبێکی تورکمانی ئێستا ئەوان لەگەڵ دەرچوونی دەرئەنجامی ریفراندۆم دەڵێن، ئەگەر ئێمە ئیعترافمان بەوەش نەکردبێت، بەڵام ئێمە بەردەوامین لە پڕۆژە هاوبەشەکەمان کە کەرکووك هەرێمێکی سەربەخۆ بێت و ئێمە بە ئامادەبوونی لیژنەی باڵای ریفراندۆم و سەرکردایەتی سیاسیی کورد بەردەوام پێمان گوتوون ئەگەر ئێمە پێگەیەکی تایبەتمان نەبێت بۆ ئەوەی دڵنیایی بدەین بەو پێکهاتەو نەتەوانەی کە ئەو جۆرە بارودۆخەی کە کەرکووکی تێدایە لەبواری ئابووری و نەوت و...تاد، ئەوانیش بە خۆشحاڵییەوە گوتوویانە هیچ لارییەکمان نییەو ئەو پێگە تایبەتیەی خۆتان وەربگرن لە دەوڵەتی کوردستان.

*** پەرلەمانی عێراق و حکومەتەکەی بەغدا دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم و راگەیاندنی ئەنجامەکانی تووشی هێستریایەکی گەورە بوون و چەندین بڕیاری سەیروسەمەرەیان دژی کوردستان دەرکردووە، پێشتریش دادگای ئیداریی بەغدا ئێوەیان تاوانبار کردووەو دوای ئەویش ئیقالەی پارێزگاری کەرکووکیان کردووە، ئایا ئەم بڕیارانەی پەرلەمان و حکومەتی بەغدا چی کاریگەریی لەسەر کەرکووك و کوردستان دەبێت؟**

- خۆشبەختانە هیچ بڕیارێکی بەغدا بەسەر شاری کەرکووك بڕی نەکردووە، بە بیرتان دەهێنمەوە کە ئۆپەراسیۆنی دیجلە کە دەسەڵاتێکی سیادییە ویستیان بێنە سنووری کەرکووکەوە، ئەو کاتە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بەکۆی دەنگ رەتیان کردەوە و نەیانتوانی نزیکی شاری کەرکووك بێتەوە، ئەگەر لە کەرکووك نزیك ببووایە و کەرکووکیان لەژێر دەست بووایە، ئەوە حاڵی ئێمە لە کەرکووك وەکو موسڵ دەبوو، کەرکووکییەکان هەرگیز رێگەنادەن ئەو مێژووە رەشەی سوپای عێراق و دەسەڵاتە سەرکوتکارەکەی بێتەوە شاری کەرکووك. هەروەها بەدەیان بڕیاری سیادی لەلایەن وەزارەتی نەوت و جۆری تر لەسەر کەرکووك دەدرا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، ئێمە رەتمان دەکردەوە و نەدەچووە سەر، مانای ئەوەیە ئەو بڕیارانەی لە حکومەتی ئیتیحادی دەردەچێت، پێکەوە بە پەرلەمانەکەشیانەوە کە دژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بوون لە کەرکووك و دژی گشتپرسیش بوون ئەوە لەشاری کەرکووك بڕناکات و بە تەئکید لەکوردستانیش بڕناکات و تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزن، لەکاتی ئاساییەوە بڕیارەکانی ئەوانمان قبوڵ نەبووە نەك ئێستاکە کە لەو بارودۆخە خۆش و سەرکەوتووەداین.

*** یەکێك لە بڕیارەکانی حەیدەر عەبادی گێڕانەوەی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەیە بۆ سەر عێراق بە زەبری هێز ؛ ئایا ئەم هەڕەشەو گوڕەشانە بەڕای ئێوە بۆی دەچێتەسەر؟**

- لەبیرتان دێت پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم زۆر گرەو کرا بەوەی کەرکووك ناچێتە ناو پرۆسەی ریفراندۆمەوە، تەنانەت بۆ رێگریکردن لەبەشداریکردنی کەرکووکییەکان لە پرۆسەی ریفراندۆم پیلان و راگەیاندنی دوژمنکارییانەی زۆری بۆ کرا، ئەم فشارو پاڵەپەستۆیانەش تا دەهات زیاتر دەبوو، بەتایبەتی لە رۆژێك پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو ترس و دڵەڕاوکێ و پیلانە

**بۆ رێگریکردن لەبەشداریکردنی کەرکووکییەکان لە پرۆسەی ریفراندۆم پیلان و راگەیاندنی دوژمنکارییانەی زۆری بۆ کرا، ئەم فشارو پاڵەپەستۆیانەش تا دەهات زیاتر دەبوو، بەتایبەتی لە رۆژێک پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو ترس و دڵەڕاوکێ و پیلانە جۆراوجۆرانەی ئەجیندەی عێراقی و ئێرانی و تورکی کەرکووکییەکان بەشدارییان لەو پرۆسە مێژووییە گرنگە کرد**

جۆراوجۆرانەی ئەجیندەی عێراقی و ئێرانی و تورکی کەرکووکییەکان بەشدارییان لەو پرۆسە مێژووییە گرنگە کرد، ئەوان دەیانویست بەمە پرۆسەی ریفراندۆم کرچ و کاڵ بکرێت و زیانی بەرکەوێت، چونکە هەروەکو چۆن لە مێژوودا هەموو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و شۆڕش و راپەڕینەکان بەبێ کەرکووک بەڕێوە نەچووە، مەلا مستەفا لە دانوستانەکانی لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ رژێمی ئەو کاتی بەعس رێکنەکەوت، چونکە تەنیا نیوەی ئیدارەی کەرکووکیان پێدابوو، ئەو پێیوابوو بۆ مێژوو شەرمەزارییەکی گەورەیە بەبێ کەرکووک دانوستاندن بکات و رازی بێت بە مەرجەکانی سەدام حوسێن، چونکە لەلای ئەو سەرکردەیەی کورد کەرکووک دڵی کوردستان و شارێکی کوردستانی بووە. لە کۆبوونەوەکانی لێژنەی باڵای ریفراندۆمیشدا بەتایبەتی لە دانیشتنە مێژووییەکەیاندا کە بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمیان دا، وتیان: دەبێت کەرکووک لەناو پرۆسەی ریفراندۆمدا بێت، تەنانەت چەند حزبێکی کوردستانی کە جێگای داخە نەهاتنە ناو پرۆسەی سەربەخۆییەوە، وتیان کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی تێدابێت، بەشداری ریفراندۆم ناکەین، ئەوان وایاندەزانی لێژنەی باڵای ریفراندۆم و سەربەخۆیی دژی بەشداریکردنی کەرکووک لە پرۆسەی ریفراندۆم رادەوەستێت، کاتێکیش هەموو حزب و قەوارە سیاسییەکانی قبووڵیان کرد کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان لە پرۆسەی ریفراندۆمدا بەشدار بن، بەداخەوە ئەو کات ئەو چەند حزبە بەشدارییان لەو پرۆسە مێژوویی و نەتەوەییەکەدا نەکرد. هەربۆیە هەرگیز ئەو خەیاڵەی عەبادی و حەشدی شەعبی و سوپای مەزهەبی عێراق نایەتەدی و خەڵکی کەرکووک بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بەهیچ شێوەیەك قبووڵیان نییە سوپای عێراق بێتە شاری کەرکووک، ئەم هەڵسوکەوت و بڕیارە توندانەی بەغداش بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیسەلمێنێت کە ئێمە مافی خۆمانە لە دەرەوەی ئەم توندڕۆیی و مەزهەبگەراییە بژین و خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بین.

*** کەواتە پێداگریی سەرۆك بارزانی و یەکڕیزیی پارتە کوردستانییەکان رۆڵێکی گرنگی لە سەرکەوتنی ریفراندۆم و بەشداری شاری کەرکووك لە ریفراندۆم دا هەبوو؛ ئایا تاچەند پاراستنی ئەو یەکڕیزییە بۆ ئێوەی کەرکووکییەکان و تەواوی ناوچە کوردستانییەکان بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە گرنگ بوو؟**

- هەمیشە یەکڕیزی و یەکدەنگیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ کەرکووکییەکان و تەواوی ناوچە کوردستانییەکان گرنگە، هەربۆیە پێش چەند کاتژمێرێکی کەم لە دەستپێکردنی پرۆسەی ریفراندۆم پەیامی یەکڕیزی و یەکدەنگی لەلایەن دڵسۆزانی گەلەکەمانەوە گەیەندرایە شاری کەرکووك و هەموو ئەو دەنگۆیانەیان رەتکردەوە کە باس لە بەشدارینەکردنی شاری کەرکووك دەکرا لەو پرۆسە مێژووییەدا، تەنانەت یەکڕیزی و یەکدەنگیی دڵسۆزانی گەلەکەمان بوو وایکرد شاری کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان بە جۆش و خرۆشیەکی زۆرەوە بەشداری لە پرۆسەی ریفراندۆم بکەن.

*** یەکێك لەو تۆمەتانەی ئاراستەی پارێزگای کەرکووك و کوردستان دەکرێت ئەوەیە گوایە ژمارەیەکی زۆری خێزانی لە پێکهاتەی عەرەب دەرکردووە؛ ئەمە لەکاتێکدا هەمووان دەزانن پارێزگای کەرکووك یەکێکە لەو پارێزگایانەی زۆرترین ژمارەی ئاوارە عەرەبەکانی لەخۆ گرتووە، لەو بارەیەوە وەڵامتان چییە؟**

- جێگای داخە کە هەندێك عەرەبی سوننەی بەکرێگیراو هەن لەلایەن مالیکی و چەند پارتێکی شیعەوە تەجنید کراون، دەیانەوێت لە رێگەی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو تۆمەت بەخشینەوە راستییەکان بشارنەوەو تۆمەتبارمان بکەن؛ بۆ نموونە لەم ماوەیەدا ٢٥٠ خێزانی ئاوارەی عەرەبی شیعە هەنساڵانە داوامان لێدەکەن وەکو دامودەزگای فەرمی رێگایان پێبدرێت لە مەراسیمی موحەڕەمدا زیارەتی خۆیان بکەن، ئێمەش مۆڵەتمان پێداون و بە قافڵە وبە ویستی خۆیان چوون بۆ ئەو مەراسیمە ئایینییە، کاتێکیش گەیشتوونەتە بازگە مەزهەبییەکانی حەشدی شیعەوە پێیان وتراوە ئێوە دەبێت و بە کەناڵە عەرەبی و بیانییەکان بڵێن ئێمە دەرکراوین، لەکاتێکدا دەرکردنی عەرەبی شیعە، یاخود عەرەبی سوننە و بگرە هیچ پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئایینی لەکەرکووك و کوردستان بوونی نییە، جوانترین بەڵگەش دوای تەواوبوونی مەراسیمی موحەڕەم ئەو خێزانانە دەگەڕێنەوە و کەناڵەکانی راگەیاندن دەتوانن دیمانەیان لەگەڵ بکەن بۆ دەرخستنی راستییەکان. جێگای داخە پارتە توندڕەوە شیعەکان و دەست و تاقمەکانیان هەڵمەتێکی چڕی پروپاگەندەو راگەیاندنی شۆڤێنی و مەزهەبی دژ بە گەلی کوردستان راگەیاندووەو رۆژانە هەواڵی ناڕاست و درۆ بۆ شەقامی عەرەبی بڵاودەکەنەوە، ئەمەش هەمووی لە پێناو ئەجیندەی دەرەکی و مەزهەبی و دژایەتیکردنی گەلی کوردستانە، گەلی کوردستانە زۆرترین ئاوارەو لێقەوماوی عەرەبی سوننەو شیعەی لەخۆگرتووەو خزمەتی کردوون و تا ئێستاش بە رێژەیەکی زۆر بەرز لە هەرێمی کوردستاندان و سەرەڕای هەڕەشەی داخستنی سنوور و برسیکردنی خەڵکی کوردستان، بەڵام هێشتا ئێرەیان لا سەلامەتتر و پارێزراوترە بۆیە ناگەڕێنەوە.

**ئۆپەراسیۆنی دیجلە کە دەسەڵاتێکی سیادییە ویستیان بێنە سنووری کەرکووکەوە، ئەو کاتە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بەکۆی دەنگ رەتیان کردەوە و نەیانتوانی نزیکی شاری کەرکووک بێتەوە، ئەگەر لە کەرکووک نزیک ببووایە و کەرکووکیان لەژێر دەست بووایە، ئەوە حاڵی ئێمە لە کەرکووک وەکو موسڵ دەبوو**

**ئەوەی نەتەوەکان لە کەرکووک دەستیان دەکەوێت، لەبەغدا دەستیان ناکەوێت، چونکە حکومەتەکەی بەغدا سەد لەسەد مەزهەبگەرای عەرەبییە، بەپێچەوانەوە کەرکووک شارێکی فرەنەتەوەو ئایینییە و شاری پێکەوەژیانەو هەموو نەتەوەکان بە ئازادی و سەربەستی توانیویانە راوبۆچوون و هەڵویستیان دەرببڕن**

**پێش ئەوەی بڕیاری گشتپرسی بدەین، داوامان لە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق کردبوو کە قۆناخی سێیەمی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، لە بەرامبەریشدا گوتبوومان ئەگەر جێبەجێ نەکرێت، ریگەی دیکەی یاسایی و دەستووری دەگرینەبەر**



**پرۆفیسۆر ستیڤن بلانك شارەزایەكی نێودەوڵەتیی كاروباری رووسیا و یەكێتی سۆڤیەتی پێشووە لە ئەنجومەنی ئەمریكی بۆ سیاسەتی دەرەوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٩-٢٠١٣ پرۆفیسۆری دیراساتی ئاسایشی نەتەوەیی بووە لە ئامۆژگای دیراساتی ستراتیژی لە كۆلێژی سەربازی سەر بە سوپای ئەمریكا، پێشتریش وانەبێژ بووە لە چەند زانكۆیەك وەك كالیفۆڕنیا، تەكساس، سان ئەنتۆنیو. بۆ تاوتوێكردنی ئەو مشتومڕەی لەبارەی رۆڵی رووسیاوە لە كێشە و ناكۆكییەكاندا دەكرێت، هەروەها بۆ گفتوگۆكردن لەبارەی پەیوەندییەكانی رووسیا لەگەڵ ئەمریكا و چەند پرس و بابەتێكی دیاریكراو، گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە.**

*** زۆر باس لە رۆڵی مشتومڕئامێز و بگرە گرفتئامێزی رووسیا دەكرێت، بەتایبەتی دوای داگیركردن و لكاندنی كریمیا بە وڵاتەكەی و هەروەها دوای دەستتێوەردانە سەربازییەكەی لە سووریادا، دیدوبۆچوونی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- بە گوێرەی سەرچاوە رووسییەكان- ئەگەرچی كریملین نكۆڵی لێدەكات- حكومەتی رووسیا پێیوایە كە لە راستیدا ئەمە شەڕە لەگەڵ رۆژئاوادا، ئەگەرچی ئەمە شەڕێك نییە بە مانای تەقلیدییەكەی كە تانك و فڕۆكەی تێدا بەكار بێت، بەڵكو ئەمە شەڕێكی سیاسییە، شەڕی زانیاری و هەڕەشەی سەربازییە. رووسیا ئۆكرانیا بە بەشێك لە وڵاتەكەی دەزانێت و پێیوایە مافی سەربەخۆبوونی نییە، هەروەها شۆڕشی ئۆكرانی بە پیلانێكی ئەورووپی، یان ئەمریكی لە دژی خۆیان لە قەڵەم دەدات، كە سەرلەبەری ئەم قسەیەش ناڕاستە. لە دوای شەڕەكەوە ئێمە شایەتحاڵی دەستتێوەردانی

## ستیڤن بلانک

شارەزای کاروباری سیاسیی رووسیا بۆ گوڵان:

# خواستی راستەقینەی رووسیا لاوازکردنی پەیوەندیی تورکیایە بە ناتۆ و رۆژئاواوە

رووسیا بووین لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەوروپا و ئەمریکا، هەروەها ئەمەش یەکێك بوو لە هۆکارەکانی دەستتێوەردانی لە سووریادا، واتە بۆ بەرهەڵستیکردنی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین رووسیا وای دەبینێت لە شەڕدایە لەگەڵ رۆژئاوا و لەسەر ئەو بنەمایەش رەفتار دەکات. کەواتە ئەمە شێوازێکی شەڕ و ناکۆکییە کە زانیاری و کاری تێکدەرانەی تێدا بەکار دەهێنرێت، کە دەبنەهۆی گەندەڵکردنی پرۆسە سیاسییەکە، بە هەمان شێوە بەکارهێنانی هێزی سەربازیش.

*** بەڵام پاڵنەرەکانی گرتنەبەری ئەم چەشنە سیاسەتە چین؟**

- لە راستیدا چەند شتێك هەن کە بوونەتە پاڵنەری ئەم سیاسەتانە، پوتین هەمیشە پێیوایە کە دەبێت رووسیا وەك هێزێکی مەزن لێی بڕوانرێت، چونکە ئەگەر بێتو وەك هێزێکی مەزن لێی نەڕوانرێت، ئەوا لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا هەڕەشەی لەسەر دروست دەبێت، کەواتە ئەمە بەشێکە لە هەوڵەکانی ناچارکردنی جیهان بۆ ئەوەی بەو شێوەیە لە رووسیا بڕوانن. چونکە ئەمە دەبێتە هۆی زیاتربوونی شەرعییەت و دەسەڵاتی لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا. بەو پێیە ئەگەر وەك هێزێکی مەزن سەیر نەکرێت، ئەوا پێگەی لە ناوخۆدا لاواز دەبێت، لەم پێناوەشدا هەڵدەستێت بە درووستکردنی پشێوی و ئاژاوە، هەروەها سوود لە کێشە و ئاژاوەی شوێنەکانی دیکەش وەردەگرێت، وەك ئەوەی لە سووریا و ئۆکرانیا لەئارادایە.

*** بەڵام هەروەك دەزانن لەبەرامبەر ئەم سیاسەتانەدا سزا بەسەر رووسیادا سەپێندراوە، ئایا پێتوایە ئەو سزایانە هیچ کاریگەری و دەرئەنجامێکیان لێدەکەوێتەوە؟**

- سەپاندنی سزاکان بە تەنیا بەس نین، بەڵکو دەبێت ستراتیژیەتێکی گشتگیر و هەمەلایەنە هەبێت لە بەرامبەر ئەو کارانەی رووسیا ئەنجامیان دەدات، واتە دەبێت لە پاڵ سزاکاندا، کردەوەی سیاسی و بەهێزکردنی ناتۆ

لە رووی سەربازییەوە لەبەرچاو بگیرێت، لە ئێستادا ئێمە ستراتیژییەتێکمان نییە کە هەموو توخمەکانی هێز لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، وەك لایەنی دیپلۆماسی، زانیاری، هێزی سەربازی، سزای ئابووری لە دژی رووسیا. ئەگەر ستراتیژیەتێکی لەم شێوەیە نەگرنەبەر ئەوا هیچ هۆکارێك لەئارادا نابێت کە رووسیا پاشەکشە بکات و دەست لە سیاسەتەکانی هەڵگرێت، لەوەش زیاتر حکومەتی رووسیا لە چەندین گەندەڵییەوە تێوەگلاوە لە سایەی ئەو سزایانەدا، ئەمە لە کاتێکدا کە نرخی نەوتیش دابەزیوە.

*** بەڵام ئایا دەقاودەق ئامانجەکانی رووسیا لە دەستتێوەردان لە دۆخی ئۆکرانیا و سووریا چی بوون و ئایا رووسیا توانیویەتی ئەو ئامانجانەی بەدی بهێنێت؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە ئۆکرانیاوە هەبێت، ئەوا ئامانجی رووسیا ئەوە بوو کە دۆخێك بخولقێنێت کە مەحاڵ بێت ئۆکرانیا وەك وڵاتێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوت بکات، هەروەها ویستی پرۆسەی بە دیموکراتیبوون لە ئۆکرانیا لە رەوتی خۆی بترازێنێت و گوزرێك لە رۆژئاوا بدات و رێگە نەدات ئۆکرانیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا یان ناتۆ. ئێمە دەزانین بۆ ماوەیەکی دیکەش ئۆکرانیا نابێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا یان ناتۆ، لەگەڵ ئەوەشدا رووسیا هەوڵ دەدات بەو شێوەیە وێنای ئەو وڵاتە بکات کە بە تەواوەتی لەگەڵ رۆژئاوایە و دژی رووسیایە. کەواتە دەتوانین بڵێین لە ئۆکرانیادا تا رادەیەك سەرکەوتوو بووە. ئەوەی پەیوەست بێت بە سووریاوە، ئەوا رووسیا دەیەوێت وەك هێزێکی مەزن لەبەرامبەر ئەمریکادا دەربکەوێت، لەبەر ئەوەی باوەڕی وایە ئەمریکا لە پشت شۆڕشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوەیە. لە رووی مێژووییشەوە هەمیشە رووسیا ویستوویەتی کاریگەری و دەسترۆیشتوویی هەبێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەبەر ئەوە کارێکی زۆریان کرد لە سووریا، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەسەد شەڕەکە بباتەوە، ئەگەرچی هێشتا روون نییە ئایا دەتوانن دەوڵەتێکی کارا بنیاد بنێنەوە لە سووریادا، چونکە دەبێت رووسیاش بە نێو دۆخی پڕ لە پشێوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەنگاو بنێت، کەواتە ئەمە کار و ئەرکێکی درێژخایەنە لەبەردەم رووسیادا.

*** پێتوایە پەیوەندییەکیانی رووسیا و ئەمریکا لە ئێستادا لە چ ئاستێکدان؟ ئایا پەیوەندییەکی پڕ لە دژایەتین، یاخود هێشتا بوار و دەرفەت بۆ هاوکاری لە نێوانیاندا ماوە؟**

- پێموایە پەیوەندییەکی پڕ لە دژایەتیکردنە، هیچ گفتوگۆیەك لە ئارادا نییە و پەیوەندییەکە زۆر خراپە. هیچ بوارێکی هاوکاری لە نێوانیاندا نییە، جگە لەوەی لە سووریادا هەیە، کە ئەویش هاوکارییەکی گرفتئامێزە. کەواتە لە ئێستادا پەیوەندییەکی خراپ لە ئارادایە لە نێوانیاندا.

*** باشە ئاکامەکانی ئەم پەیوەندییە خراپە چین؟**

- لە راستیدا نەبوونی هاوکاری لە نێوان ئەمریکا و رووسیا بە مانای ئەوە دێت کە هەر ناکۆکییەکی ئیقلیمی کە ئەو دوو وڵاتە بەرژەوەندییان تێیدا هەبێت، دەبێتە گۆڕەپانی کێبڕکێیەکی سیاسی لە نێوانیاندا، نەك تەنیا لە سووریا، بگرە لە کوردستان و لە فەلەستین و هەروەها لە کۆریای باکوور و ئەفغانستان، هەروەها ئەمە لە ئەوروپاشدا بەدی دەکرێت. لەبەر ئەوە ئێستا پەیوەندییەکی خراپ لە ئارادایە و هەڕەشە سەربازییەکان لە هەڵکشاندان، ئەگەرچی من پێشبینی شەڕێکی سەربازیی راستەقینە ناکەم، بەڵام ئەوەی لە ئارادایە شەڕی زانیاری و ئابوورییە و بە دڵنیاییەوە هیچ کاتێك کاروباری نێودەوڵەتیی لە جیهاندا بێ ململانێی دیپلۆماسی نەبوون.

*** ئایا دەکرێت بڵێین لە ئێستادا جۆرێك لە شەڕی سارد باڵی بەسەر دۆخەکەدا کێشاوە؟**

- من دوودڵم لە بەکارهێنانی دەستەواژەی شەڕی سارد، لەبەر ئەوەی رووسیا ئەو هێزە نییە کە لە رابردودا هەبوو، هەروەها کاراکتەری دیکە هەن کە تەنانەت هەندێکیان لە رووسیا بەهێزترن. لە ئێستادا ئێمە لە جیهانێکی دوو جەمسەریدا ناژین، بەڵکو ئەمە جیهانێکی فرە جەمسەرە. کەواتە بە تەواوی پەیوەندییەکە لەگەڵ رووسیادا جیاوازە، راستە رکابەریی دیپلۆماتی هەیە لە نێوان ئەمریکا و رووسیا، بەڵام رکابەریی دیپلۆماسی بەشێکی دانەبڕاو

**رووسیا بەو شێوەیە وێنای خۆی دەکات کە ناکرێت رۆڵی نادیدە بگیرێت، بەڵام تاوەکو رووسیا بەم شێوەیە رەفتار بکات، ئەوا وەک بەشێك لە کێشەکە دەمێنێتەوە نەک چارەسەر**

**تاوەکو ئەمریکا لەو سیاسەتەی ئێستای بەردەوام بێت و بەو شێوەیە ئێستا مامەڵە لەگەڵ ئێراندا بکات، ئەوا ناتوانێت ئێران و رووسیا لێک دووربخاتەوە**

**کاراکتەری دیکە هەن کە تەنانەت هەندێکیان لە رووسیا بەهێزترن. لە ئێستادا ئێمە لە جیهانێکی دوو جەمسەریدا ناژین، بەڵکو ئەمە جیهانێکی فرە جەمسەرە**

بووە لە کاروباری جیهان، بەڵام دۆخەکەی بۆ دۆخی شەڕی سارد نەگۆڕیوە.

*** باشە با بێینەسەر پەیوەندییەکانی رووسیا و ئێران، پێتوایە ئەم دوو وڵاتە هاوپەیمانێکی سروشتیی یەکتر بن، یاخود مەسەلەکە هەر تەنیا ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی کاتی بەرژەوەندییەکانیان یەکی گرتووە، وەك ئەوەی هەردووکیان هەوڵی پاراستنی رژێمی ئەسەد دەدەن؟**

- من پێموانییە ئەو دوو وڵاتە هاوپەیمانی سروشتی بن، راستە ئەوان پێکەوە هاوکاری دەکەن، بەڵام زیادەڕەوییەکی زۆری تێدایە ئەگەر وەك هاوپەیمانی سروشتی وەسفیان بکەین. لە هەندێ بواریشدا بەرژەوەندییەکانیان جیاوازە، بۆ نموونە ئێران دەیەوێت خودی ئەسەد – وەك هاوپەیمانێکی گرنگ- لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی رووسیا مەبەستێتی، مانەوەی رژێمەکەیە وەك سیستم نەك وەك تاکەکەس، ئەگەرچی ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە هاوکاری یەکتر دەکەن، بەڵام پەیوەندییەکی بەتین لە نێوانیاندا نییە و خۆ ئەگەر ئەمەش بە هاوسەرگیری ناو ببەین، ئەوا هاوسەرگیری بەرژەوەندییە.

*** بەڵام ئایا رۆژئاوا، یان ئەمریکا دەتوانێت ئێران و رووسیا لێك دووربخاتەوە؟**

- تاوەکو ئەمریکا لەو سیاسەتەی ئێستای بەردەوام بێت و بەو شێوەیە ئێستا مامەڵە لەگەڵ ئێراندا بکات، ئەوا ناتوانێت ئێران و رووسیا لێك دووربخاتەوە. خۆ ئەگەر ئەمریکا باوەڕی وایە دەبێت ئەم کارە بکات، ئەوا دەبێت گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانیدا بکات، بەڵام من نابینم ئەمە رووبدات.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین لە ئێستادا رووسیا و ئێران براوەن لە سووریادا، ئایا ئەوە راستە؟**

- بەڵێ، لەم ساتەوەختەدا ئەمە وایە.

*** باسی هاوسەرگیری بەرژەوەندیت کرد، ئایا ئەم وەسفکردنە بەسەر پەیوەندی نێوان رووسیا و تورکیاشدا جێبەجێ دەبێت؟**

- من پێموانییە بەسەر پەیوەندی نێوان تورکیا و رووسیادا جێبەجێ بێت، رووسیا دەیەوێت تورکیا بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەڵسوکەوت نەکات، هەروەها لە ژێر رواڵەتی پەیوەندییەکانی نێوانیاندا گرژییەکی زۆر هەیە. راستە لە هەندێ بواردا هاوکاری یەکتر دەکەن، ئێمە ئەمەمان لە سووریادا بینی، بەڵام خواستی راستەقینەی رووسیا لاوازکردنی پەیوەندی تورکیایە بە ناتۆ و رۆژئاواوە. لەبەر ئەوە دەکرێت بڵێین ئەمە جۆرە گەمەیەکە نەك هاوسەرگیری.

*** ئاماژەت بە ناتۆ کرد، هەندێ جار دەبینین گرژی لە نێوان رووسیا و ناتۆدا دروست دەبێت و لەم رووەوە هەڕەشە و مەترسی دەکەوێتەسەر چەند وڵاتێکی ئەوروپی کە نزیکن لە رووسیا، وەك وڵاتانی بەڵتیك، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمانە تا چەند هەڕەشە و مەترسیی راستەقینەن؟**

- لە راستیدا ئەو وڵاتانە ترسێکی زۆریان هەیە لە رووسیا، رووسیا بە بەردەوامی تەحەددی و هەڕەشە لەو وڵاتانە دەکات. ئەم وڵاتانەش پێشتر سەر بە یەکێتی سۆڤییەت بوون و بەشێك بوون لە بلۆکی رۆژهەڵات لە سەردەمی شەڕی سارددا، کە رووسیاش هەست بە ئاسوودەیی ناکات کە دەبینێت سەربەخۆن.

*** ئایا باوەڕت وایە رۆڵی رووسیا بە چەشنێکە کە نایێت نادیدە بگیرێت لە چارەسەرکردنی زۆرێك لە تەحەددییە جیهانییەکاندا، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یاخود پێتوایە رووسیا بەشێکە لە کێشەکە، نەك لە چارەسەر؟**

- پێموایە رووسیا بەو شێوەیە وێنای خۆی دەکات کە ناکرێت رۆڵی نادیدە بگیرێت، بەڵام تاوەکو رووسیا بەم شێوەیە رەفتار بکات، ئەوا وەك بەشێك لە کێشەکە دەمێنێتەوە نەك چارەسەر. ئەوەی پەیوەندی بە رۆژهەڵاتیشەوە هەبێت، رووسیا سوودی لە کێشە و ناکۆکییەکان وەرگرتووە، هەروەها هیچ شتێکیش نییە بیبەخشێت کە ببێتەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکان. رەنگە لە سووریا دۆخەکە جیاواز بێت، چونکە ئەگەر رووسیا بیەوێت دەستکەوتەکانی بچەسپێنێت، دەبێت چارەسەرێك بۆ دۆخەکە بدۆزێتەوە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی رووسیا خۆی کێشە دروست دەکات، یان سوود لەو کێشانە وەردەگرێت کە لەئارادان. کەواتە تاوەکو ئەمە سیاسەتەکەی بێت، ئەوا دەبێتە بەشێك لە کێشە، نەك چارەسەر.

**نەبوونی هاوکاری لە نێوان ئەمریکا و رووسیا بە مانای ئەوە دێت کە هەر ناکۆکییەکی ئیقلیمی کە ئەو دوو وڵاتە بەرژەوەندییان تێیدا هەبێت، دەبێتە گۆڕەپانی کێبڕکێیەکی سیاسی لە نێوانیاندا**

**سەپاندنی سزاکان بە تەنیا بەس نین، بەڵکو دەبێت ستراتیژیەتێکی گشتگیر و هەمەلایەنە هەبێت لە بەرامبەر ئەو کارانەی رووسیا ئەنجامیان دەدات**

**پوتین هەمیشە پێیوایە کە دەبێت رووسیا وەک هێزێکی مەزن لێی بڕوانرێت، چونکە ئەگەر بێتو وەک هێزێکی مەزن لێی نەڕوانرێت، ئەوا لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا هەڕەشەی لەسەر دروست دەبێت**

## کورد پێکهاتەیەکی ڕەسەنە لە ناوچەکەدا...

# دەوڵەتی کوردی ئیسرائیلی دووەم نییە

پێشتر و لە مێژووی تازەشدا قەد وەك ئەو هاوپەیمانییە نەبووە کە لەم چەند هەفتەی رابردوودا لەنێوان ئێران و تورکیاو عێراق هاتەئاراوە. بناغەی ئەو هاوپەیمانییە بریتییە لە دژایەتیکردنی بیرۆکەی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی کوردی لە ناوچەکەدا، هەروەها ترسی تورکیا و ئێران نەبادا ئەو ریفراندۆمەی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ببێتە ئاگرێکی بەجۆشی حەزو ئارەزووی کوردی دیکەی ئەو دوو وڵاتە و سوریا بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی، لەکاتێکدا ئەم دەوڵەتانە زۆر بە ستەمیی و ناحەقیی بە (جیابوونەوە) ناوی دەبەن.

ئەو بناغەیە مۆرکێکی نەرێنی هەیە، چونکە پشت بە قەناعەتی ئەوانە نابەستێت بەوەی کە هاوپەیمانییەکە لەپێناو بەرژەوەندیی گەلەکانیانە، بەڵکو هاوپەیمانییەکە دژی خواستی گەلێکی دیکە کە گەلی کوردە، ئەمەش وایکردووە کە بۆن و وێنەیەکی تەڵخی ناشیرین و توانایەکی نەرێنی بڵاوبکاتەوە کە کەشوهەواکە لێڵ بکات.

پێش ئەو نزیکبوونەوەیەی ئێستای تورکیاو عێراق و ئێران و دەستکردن بە پێکهێنانی ئەو هاویەیمانییەیان کە تائێستا جێی خۆی نەگرتووەو بە دووریشی دەزانم سەربکەوێت و زۆریش بەردەوام بێت، بەریتانیا بە پشتیوانیی ئەمریکاو ناتۆ،لە نیوەی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا، هەوڵیدا هاوپەیمانییەك دروستبکات کە هەر سێ وڵات لەسەر یەك سەرین کۆبکاتەوەو ناوی (پەیمانی بەغدا)یشی بۆ داهێنا، بناغەی ئەو هاوپەیمانییەش هەر نەرێنی بوو، ئامانجی بنەڕەتیی وەستان بوو بە ڕووی هەڵکشانی رزگاریخوازیی و سەربەخۆیی نەتەوەیی عەرەبی بە سەرۆکایەتی میسری عەبدولناسر، هەروەها بلۆکی رۆژهەڵات بە سەرۆکایەتیی مۆسکۆ. هیچ سووربوون و بەتەنگەوەهاتنێکی بەریتانیا و غەیری بەریتانیاش لەنێو ئامانجەکانی دروستکردنی (هاوپەیمانیی بەغدا) بۆ بەرژەوەندی و پەرەپێدان و پێشکەوتنی گەلانی ئێران و عێراق و تورکیادا بەدی نەدەکرا، بەرژەوەندیی ئەو گەلانە زۆر دوورتربوو لە ئەولەویاتی شا لە ئێران و نوری سەعید لە عێراق و جەنەراڵەکانی هەموو کودەتاکانی تورکیا، بۆ نموونەش کودەتاکەی بەغدا لە ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ کە حکومەتی نوری سەعیدی رووخاندو رژێمی پاشایەتیی لەو وڵاتە سەرەونگومکرد، بەمەش ئەو هاوپەیمانییەی لەگۆڕنا، دوای ئەوە هیچ نزیکبوونەوەیەك لەنێوان ئەو سێ لایەنە ڕووینەدا تا ئەوەی بەر لە چەند رۆژێك راگەیانرا، لەوەش زیاتر، دروستبوونی شەڕی خوێناوی لەنێوان میراتگرانی هەردوو رژێم لە بەغداو تاران، لەپاڵ شەڕی بە وەکالەتی نێوان تاران و ئەنکەرا لەسەر خاکی سوریا، با دوورتر نەڕۆین

> هەموو هەوڵی نووسەر، شرۆڤەکار، یان بەرپرسێکی عارەب بۆ ئەوەیە کە دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق، یان هەر ناوچەیەکی دیکەی کورد بەو وەسف بکات کە گوایە (ئیسرائیلێکی دیکەیە) لەناو جەرگەی عەرەبیدا، ئەوا وەسفکردنێکی ستەمکارانەو هەڵەیە، چونکە کورد مافی سەربەخۆییان لە نیشتمانی خۆیان هەیە، لەو خاکەی کە هەزاران ساڵە لەسەری دەژین، ئەوان لە شوێنێکی دیکەوە نەهاتوون، یان کۆچییان بۆی کردبێت



عیماد شاقور

لە سایتی (القدس العربي) وەرگیراوە

لەو مێژووەوە، تەنانەت بۆ چەند ساڵێك یان چەند مانگێکی رابردوو، ئەوەندە بەسە کە ئەو دەمەقاڵێیەی نێوان بەرپرسان لە بەغداو ئەنقەرە لەبەرچاو بگرین تەنیا پێش سێ هەفتە، وەك هەڕەشەی حەیدەر عەبادی سەرۆکی حکومەتی عێراق کە دەیگوت (تەرمی ئەو سەربازانەی تورکیا کە لە خاکی عێراقدان بە تابووت بۆ وڵاتەکەیان دەنێرێتەوە)، وەڵامی سوکایەتی پێکردنی تەیب ئۆردوغانی سەرۆکی تورکیاش بە عەبادی کە دەیگوت ( عەبادی قەبارەو ئاستی خۆی نازانێت).

بەرژەوەندیی راستەقینەی گەلانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا لەوەدا نییە کە دوژمنایەتیی خواستە رەواکانی گەلی کورد بکەن بۆ سەربەخۆیی (نەك جیابوونەوە)، هەروەها بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کە هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد کۆبکاتەوە، لە چوارچێوەی سنووری ناوچە کوردییەکاندا، هاوکات گفتوگۆکردن لەسەر سنووری ناوچە جێناکۆکەکان، بە مەبەستی چارەسەرکردن لە رێی دیالۆگەوە یان لەرێی ناوبژیکردنی نێودەوڵەتییەوە، تەنانەت ئەگەر لە قۆناخەکانی یەکەمیشدا یەك دەوڵەتی کوردی درووست نەبوو، ئەوا چارەسەری لۆژیکی ئەوەیە چەند دەوڵەتێکی کوردی درووست بکرێت کە کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن و سیاسەت و ئاییندەی خۆیان بە دەستی خۆیان دیاریبکەن.

لە هیچ ناوچەیەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە درێژایی مێژووی تازە هیچ هاوپەیمانییەك بەردەوام نەبووە لە نێوان گەلانی ئەو ناوچانە (لەنێو یەك نەتەوەدا ) یان لەنێو چوار نەتەوە رەسەنەکەیاندا: عارەب و تورك و فارس و کورد، ئەوەش ئەگەر ئەزموونی کەنداوی عەرەبی لێدەربکەین کە لەم رۆژگارەدا بەرەوڕووی لەرزینێکی بەهێز دەبێتەوە، بە بڕوای منیش هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەموویان پشتیان بە بناغەیەکی نەرێنی بەستووە، کە تەنیا جەخت دەکاتەوەو تایبەتە بە دوژمنایەتیکردن و رەتکردنەوەی لایەنێك یان لایەنگەلی دەرەکیی دەوروبەر. ئەم بڕوایەشم لەوەدایە کاتێ سەرنج لە ئەنجامە ئەرێنییەکانی ئەو هاوپەیمانییانە دەدەین کە لەسەر بنەماگەلێکی ئەرێنی بنیادنراوە، گرنگترینان تەواوکاری و پێکەوەژیان و مامەڵەکردنی ئەرێنی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی ئەو هاوپەیمانییانە، هەروەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها لەم رۆژگارەدا هەندێ پەرەسەندنی ئەرێنی روون و ئاشکرا لە ئەورووپای رۆژئاوا بە چاوی خۆمان دەبینین، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێ کەس باسی ئەو پەرەسەندنە نەرێنییانە ناکات وەك جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا.

هەر چی ئیسرائیلە، پێکهاتەی لەناکاوی رۆژهەڵاتە، هەروەها رۆڵی ئەو لە هەرێمدا، ئەمە پێویستی بە دیراسەو وردبوونەوە هەیە بە

**رۆژی دووشەممەی هەفتەی رابردوو ئاهەنگی ریفراندۆمی کورد لە عێراق کۆتایی هات، بەڵام یەکەم قۆناخ نییە، بەڵکو کورد کاری زۆری لەپێش ماوە کە دەبێ تەواوبکرێن، هاوکات هەوڵی زۆرو بەردەوامیشی پێویستە بە مەبەستی بەجێهێنانی ئامانجە رەواکە ئەویش سەربەخۆییە. ئا لێرەدا تاقیکردنەوەی دووەمی سەرکردایەتیی کورد لە عێراق دەست پێدەکات، هیوادەخوازین ئەو سەرکردایەتییە لە ئاستی تەحەدداکردندا بێت و لەو مەعدەنە درووستکرابێت کە بە حەق پێی بگوترێت سەرکردایەتیی مێژوویی**



پێوانەی جیاواز، لەبەر ئەوەی خودی ئیسرائیل (کارێکی نەرێنییە)، ئەوەی لەسەر ئیسرائیل جێبەجێ دەکرێت لەسەر هیچ پێکهاتەیەکی رەسەنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێبەجێ ناکرێت، روونترین نموونەش ئەو بناغەیە کە ئەندازیاری دەوڵەتی عیبری داڤید بن غوریۆن داینـاوە، لەوەتەی دامەزراندنی ئیسرائیل، کە بناغەی (هاوپەیمانی لەگەڵ هەموو موسڵمانێکی غەیری عارەب، هەروەها لەگەڵ هەموو عارەبێکی غەیرە موسڵمان).

دیارە ئامانجی ئەو هاوپەیمانییانەی ئیسرائیل پێشتر هەوڵی پێکهانانی بۆ دان، یان ئێستا هەوڵیان بۆ دەدات، بریتین لە هاوپەیمانیگەلێك کە مەرامی نەرێنییان لەپشتەوەیە: زەوتکردنی فەلەستین و دەرکردنی گەلەکەی و جێگیربوون لە شوێنەکەی، هەروەها شەڕکردن لەگەڵ ئەوانەی دژایەتیی دەکەن، هاوکات رەفتارکردن بە لۆژیکی ئەوەی کە بەشێکە لە رۆژئاوا، نەك بەشێك بێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر ئەم بناغەیەش بوو کە هاوپەیمانیی لەگەڵ تورکیای موسڵمانی لەسەر بنیادنرا کە ئەندامی رەسەنی ناتۆیە و جەنەڕاڵەکان حوکمی دەکەن و دژایەتیی عارەب دەکەن، هەروەها هاوپەیمانیی لەگەڵ ئێرانی شا کە موسڵمانی غەیرە عارەبە و دژایەتیی عارەبیش دەکات، ئەو سیاسەتەی کە شا گوزارشتی لێکرد لەمیانی ئاهەنگی تێپەڕبوونی ٢٥٠٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی فارسیدا.

لەم سۆنگەیەوە بن غۆریۆن ئەو کارەی درێژە پێدا کە زایۆنیزم پێشتر دەستپێکردبوو، ئەویش بە ئامادەکاریی بۆ هاوپەیمانیی لەگەڵ کوردی عێراق، نەك لەگەڵ کوردی تورکیاو ئێران، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە دەبێ سەرلەنوێ و جارێکی دیکە ئاگاداربین لەوەی کە هەموو هاوپەیمانییەکانی ئیسرائیل بە هەموو شێوەیەك مەرام و ئامانجی نەرێنییان لەپشتەوەیە، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە هەموو دەرگایەك واڵایە بۆ پێکهاتە رەسەنەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تاکو هاوپەیمانیی ئەرێنی بنیاتبنێن، جا ئەگەر هاوپەیمانیی عارەبیش سەری نەگرت، کە لەبنەڕەتدا عارەبی عێراق و سوریان، لەگەڵ پێکهاتەی رەسەنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا بەرژەوەندیی یەکەمی نەتەوەیی و نیشتمانییان لەوەدایە کە هاوپەیمانیی بکەن لەگەڵ پێکهاتەی رەسەنی کورددا، ئەوەیش بە پێدانی ئازادیی رەهاو رەوا لە دیاریکردنی بژاردەکانی خۆیان، هەروەها هەوڵدان بۆ هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان رۆڵ و بەرژەوەندییەکانی هەردوو نەتەوەی عارەب و کورددا، بۆیە ئەگەر خواستە رەواکانی کورد لە سەربەخۆییدا وەك پشکۆی سووتێنەر بن، ئەوا با لە ئامێزی تورکیا یان ئێراندا بمێنێتەوە کە سەربەخۆبوونی نەتەوەی کورد رەتدەکەنەوە.

هەموو هەوڵێکی نووسەرێك، یان شرۆڤەکارێك، یان بەرپرسێکی عارەب بۆ ئەوە بێت کە دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق، یان هەر ناوچەیەکی دیکەی کورد وەسف بکات کە گوایە (ئیسرائیلێکی دیکەیە) لەناو جەرگەی عەرەبیدا، ئەوا وەسفکردنێکی ستەمکارانەو هەڵەیە، ستەمکارە چونکە کورد

■ سەبارەت بە گەمارۆدەرانی هەرێمی کوردستان لە چوار لاوە، هاوکات لە لای پێنجەمیشەوە کە گەمارۆی ئاسمانییە، هەروەها سەبارەت بە گەمارۆدراوانیش لە هەرێمدا، چاکتر وایە ئەوە بزانن کە ئەو گەمارۆیە چەند بەهێز و درێژخایەن بێت، هیچی لێ شین نابێت، بە درێژایی مێژووش هەر وا بووە

■ ئەوەندە بەسە کە ئەو دەمەقاڵێیەی نێوان بەرپرسان لە بەغداو ئەنقەرە لەبەرچاو بگرین، کە تەنیا پێش سێ هەفتە، وەک هەڕەشەی حەیدەر عەبادی سەرۆکی حکومەتی عێراق کە دەیگوت: (تەرمی ئەو سەربازانەی تورکیا کە لە خاکی عێراقدان بە تابووت بۆ وڵاتەکەیان دەنێرێتەوە)، وەڵامی سووکایەتی پێکردنی تەیب ئۆردوغانی سەرۆکی تورکیاش بە عەبادی کە دەیگوت: (عەبادی قەبارەو ئاستی خۆی نازانێت)



مافی سەربەخۆییان لە نیشتمانی خۆیان هەیە، لەو خاکەی کە هەزاران ساڵە لەسەری دەژین، ئەوان لە شوێنێکی دیکەوە نەهاتوون یان کۆچییان بۆی کردبێت، هەروەها هەڵەیە چونکە ئاستی مافی بزووتنەوەی زایۆنیزم بەرزدەکاتەوە لە دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ جوو لە فەلەستین، لە سفرەوە بۆ ئاستی مافی کورد لە سەربەخۆییدا کە مافێکە بە ئاستی ١٠٠٪.

سەبارەت بە گەمارۆدەرانی هەرێمی کوردستان لە چوار لاوە، هاوکات لە لای پێنجەمیشەوە کە گەمارۆی ئاسمانییە، هەروەها سەبارەت بە گەمارۆدراوانیش لە هەرێمدا، چاکتر وایە ئەوە بزانن کە ئەو گەمارۆیە چەند بەهێز و درێژخایەن بێت، هیچی لێ شین نابێت، بە درێژایی مێژووش هەر وا بووە، تەنیا یەك جار نەبێت، ئەویش ئەزموونی گەمارۆی رژێمی ئابارتهاید بوو لە باشووری ئەفریقیا، هۆکاری سەرکەوتنیشی ئەوە بوو کە ئامانجی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە بوو، ئەویش چینی سوودمەند بوو لە سپیپێستانی رەگەزپەرست، هیچ زیانێك بە رەشپێستانی ئەفریقیا نەگەیشت کە لە بنەڕەتدا بە هەژاری و جیاخوازیی گەمارۆدراون، بۆیە هیچ ترس و مەترسییەك لەسەر کوردی عێراق نییە کە لە بنەڕەتدا بە جیاخوازی و برسیکردن گەمارۆدراون.

رۆژی دووشەممەی هەفتەی رابردوو ئاهەنگی ریفراندۆمی کورد لە عێراق کۆتایی هات، بەڵام یەکەم قۆناخ نییە، بەڵکو کورد کاری زۆری لەپێش ماوە کە دەبێ تەواوبکرێن، هاوکات هەوڵی زۆرو بەردەوامیش پێویستە بە مەبەستی بەجێهێنانی ئامانجە رەواکە ئەویش سەربەخۆییە. ئا لێرەدا تاقیکردنەوەی دووەمی سەرکردایەتیی کورد لە عێراق دەست پێدەکات، هیوادەخوازین ئەو سەرکردایەتییە لە ئاستی تەحەدداکردندا بێت و لەو مەعدەنە درووستکرابێت کە بە حەق پێی بگوترێت سەرکردایەتیی مێژوویی.



پیتەر فیڤەر خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری زانستی سیاسی کە لە زانکۆی هارڤارد بەدەستی هێناوەو لەئێستادا پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی دیوك. لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٧ راوێژکاری تایبەتی بووە بۆ پلاندانانی ستراتیژی و چاکسازیی دامەزراوەیی لە ستافی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی. چەندین وتارو نووسینی هەیە لەبارەی سیاسەتی دەرەوەو ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکانی ئەم ناوچەیەو چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

## پیتەر فیڤەر پسپۆڕی کاروباری زانستی بۆ گوڵان:

# داعش دەرهاویشتەی سیاسەتە هەڵەکانی نوری مالیکی بوو

*** سەرەتا دەمانەوێت بپرسین چۆن لە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت؟**

- ئەوەی ئاشکرایە بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گۆڕانکاریدایەو لە هەمان کاتدا ئەمە بارودۆخێکی درێژخایەنیشە، مەبەستم ئەوەیە ئەو کێشانەی لەئێستادا باسی دەکەین، هەمان ئەو کێشانەیە کە ١٠ ساڵ و بگرە ٢٠ ساڵ پێش ئێستا باسمان لێوە دەکرد، کەواتە دۆخەکە لە گۆڕانکاریەکی بەردەوامدایە، ئێمەش ئاشناین بەو رەوتی گۆڕانکارییە.

*** باشە بۆچی ئەم ناوچەیە ئەوەندە گرفتاری ناسەقامگیری و تەنگژەو نائارامییە، هۆکارە ریشەییەکانی چین؟**

- لە راستیدا ئەمە پەیوەندی بە هۆکارە بنەڕەتییەکانی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە، وەك داڕووخانی توانای حوکمڕانی و بێتوانایی سەرکردە حوکمڕانەکان بۆ دەستەبەرکردنی خواستی کۆمەڵگە فرەڕەنگەکانیان کە لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەدا حوکمڕانییان دەکەن. دۆخەکە بۆ چەندین دەیە بەم شێوەیە درێژەی کێشاوەو هەروەها شەڕ و خوێنڕشتنیش بەرپا بووە، بەڵام کێشە بنەڕەتییەکان بەرەوپێشچوونیان تێدا بەدی نەهاتووە.

*** ئەی پێتوایە ئەمریکا دەتوانێت چ رۆڵێك ببینێت و ئایا دەتوانێت بەشدارییەکی بنیادنەر و ئیجابی بکات لە چارەسەرکردن، یاخود بەلای کەمەوە لە هێورکردنەوەی دۆخەکەدا؟**

- بەڵێ، من پێموایە ئەمریکا دەتوانێت و پێویستە رۆڵیش ببینێت، چونکە ناکرێت ئەمریکا دۆخی ئەم ناوچەیە فەرامۆش بکات، وتەیەك هەیە دەڵێت: ئەوەی لە فیگاس روودەدات هەر لەوێدا دەمێنێتەوە، ئەمە بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێبەجێ نابێت، چونکە دەرهاویشتەی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەلدەکێشێت بۆ ئەمریکا و ناوچەکانی دیکەش جیهانیش

کە ئەمریکا بایەخیان پێدەدات، کە بە دڵنیاییەوە ئەمریکا گرنگی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەدات، چونکە بەرژەوەندیی گەورەی هەیە لەم ناوچەیەدا کە ناتوانێت نادیدەیان بگرێت.

*** باشە پێتوایە بەپەلەترین و لەپێشترین ئەولەوییەت چییە کە دەبێت ئەمریکا لەبەرچاوی بگرێت و کاری لەسەر بکات لەم ناوچەیەدا؟**

- پێموایە بەپەلەترین ئەولەویەت جێگیرکردنی ئەو بەرەوپێشچوونەیە کە لە شەڕی داعشدا بەدەستهاتووە، بەتایبەتی لە عێراقدا، ئەویش بۆ کارکردن لەسەر گەڕاندنەوەی سەقامگیری کە لە سەرەتادا بەهۆی رژێمەکەی مالیکی و دواتر بەهۆی داعشەوە لەناوچوو. ئەگەرچی ئەم دووانە تا رادەیەك لێکدراون، مەبەستم ئەوەیە دروستبوونی داعش تا رادەیەك دەرهاویشتەی بڕیار و بڕیارە خراپەکانی مالیکی بوو. بەڵام لە ئێستادا سەرکردایەتییەکی دیکە لە عێراقدا هەیە کە تا رادەیەك ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت حوکمڕانییەکی باشتر بکات. کەواتە پێموایە دەبێت هاوکاری عێراق بکەین بۆ چەسپاندنی ئەو بەرەوپێشچوونانەی بەدەستهاتوون.

*** بەڵام زۆرێك لە چاودێران و شرۆڤەکارانی دۆخی عێراق باس لە شکستخواردنی ئەزموونەکانی رابردوو دەکەن و ئاماژە بەوە دەکەن کە هەوڵەکانی دووبارەداڕشتنەوەی بونیادی حوکمڕانی لە عێراقدا بێ ئاکام بوون و دەرئەنجامی خوازراویان لێنەکەوتۆتەوە، راوبۆچوونی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- ئەو ئەزموونانە شکستیان هێناوە، بەڵام بە چەشنێك نییە کە قابیلی پێچەوانەکردنەوە نەبن، مەبەستم ئەوەیە ئەو کاتە شکستەکە قابیلی پێچەوانەکردنەوە نەدەبوو کە عێراق دابەش بووایە و دەوڵەتی کوردی دروست بووایە، کە ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو دۆخە. پێموایە هێشتا جۆرێك لە کۆنفیدراڵی لە عێراقدا مومکینە، ئەمەش دۆخێکی باشتر و بەدیلێکی زۆر باشتر دەبێت وەك ئەوەی لە سووریادا روودەدات، هەروەها زۆر باشتر دەبێت لەوەی تا ئێستا لە عێراقدا روویداوە، لەبەر ئەوە من دەڵێم شکستهێنانەکە بە چەشنێك نییە کە پێچەوانە نەکرێتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو هەوڵانەش سەرکەوتوو نەبوون کە بۆ باشترکردنی بونیادی حوکمڕانی دراون.

*** ئاماژەتان بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی کرد، بەڵام ئەوەتا کوردی عێراق ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجام دا، ئەم پەرەسەندنە چۆن لێکدەدەیتەوەو چۆن لەم بڕیارە دەڕوانیت؟**

- من لە خواستی کورد بۆ سەربەخۆیی تێدەگەم، کە ئەمە خەونی چەندین نەوە و سەرکردەکانی کورد بووە، بەڵام پێموایە جۆرێك لە کۆنفیدراڵی دەرئەنجامێکی باشتری لە سەربەخۆیی دەبێت و تەنانەت لە بەرژەوەندیی کوردیشدا دەبێت، کە بوار بەوە دەدات کورد جۆرێك لە خۆبەڕێوبەری هەبێت، بۆ نموونە لە رووی کەلتووری و بوارەکانی دیکەوە.

*** لە وەڵامەکەتدا وا دیارە کە هێشتا پێتوانییە ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بە بنبەست گەیشتبن؟**

- من دەزانم کە جیاوازیی و ناکۆکی قووڵ هەیە لە نێوان خواست و ویستی کورد و سەرکردایەتی کورد و خواست و ویستی باقی خەڵکی عێراق و سەرکردایەتی عێراقدا، دووبارەی دەکەمەوە کە جیاوازیی قووڵ هەن، بەڵام پێموانییە کە بتوانرێت بە هێنانەئارای ناسەقامگیری زیاتر لە ناوچەکەدا ئیدارەی ئەم جیاوازییانە بکرێت.

*** کێشەیەکی دیکەی عێراق بریتییە لە گروپە میلیشیاکان، بەتایبەتی هێزەکانی حەشدی شەعبی کە زۆرینەی میلیشای شیعەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك لە ئایندەدا ئەمانە کێشە بۆ عێراق دروست دەکەن و تا چ رادەیەك ئێران دەتوانێت بیانکاتە ئامرازێك بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراقدا؟**

- لە راستیدا دروستبوونی میلیشاکان لە عێراق دەرئەنجام و دەرهاویشتەی داڕووخانی دەسەڵات و هەڵکشانی گروپە توندوتیژ و تیرۆریستییەکان بوو، وەك داعش کە ئەمەش ناسەقامگیری بەدوای خۆیدا هێنا. ئێستاش من پێموایە رێگاچارەی باش ئەوەیە کە ئاوێتەی سوپای عێراق و هێزی پۆلیس بکرێن.

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران دەڕوانیت؟ ئایا پێتوایە پەیوەندییەکانی نێوانیان زیاتر بەرەو بارگرژی و هەڵکشان دەچن، یاخود ئەگەری جۆرێك لە لێکتێگەیشتن و لێکنزیکبوونەوە لە نێوانیاندا هەیە؟**

- ئاشکرایە چەندین خاڵی ناکۆکی هەیە لەنێوان حکومەتی ئەمریکا و حکومەتی ئێراندا. بەڵام ناکۆییەکی کەمتر هەیە لە نێوان هەردوو گەلی ئەمریکا و ئێراندا. کەواتە لە مەودای دووردا من بواری و پانتایی بەرچاو بەدی دەکەم بۆ دروستبوونی هاوکاری لە نێوان هەردوو گەلی ئەمریکا و ئێراندا. واتە کێشەکە لە سەرکردایەتی ئێراندایە کە سەرسەختانە دژی ئەمریکایەو سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەشیان بە جۆرێك بەکار دەهێنن کە لە بەرژەوەندی خەڵکی ئێراندا نییە، بەڵکو بۆ ئەو ئەجێندایەی تەرخان دەکەن کە بەرتەسك و توندوتیژن، کەواتە کێشەکە لە رژێمەکەدایە و پێموایە دۆخەکەش لەم رووەوە خراپتر دەبێت، نەك باشتر.

**من لە خواستی کورد بۆ سەربەخۆیی تێدەگەم، کە ئەمە خەونی چەندین نەوە و سەرکردەکانی کورد بووە، بەڵام پێموایە جۆرێک لە کۆنفیدراڵی دەرئەنجامێکی باشتری لە سەربەخۆیی دەبێت و تەنانەت لە بەرژەوەندی کوردیشدا دەبێت**

**کێشەکە لە سەرکردایەتی ئێراندایە کە سەرسەختانە دژی ئەمریکایەو سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەشیان بە جۆرێک بەکار دەهێنن کە لە بەرژەوەندی خەڵکی ئێراندا نییە، بەڵکو بۆ ئەو ئەجێندایەی تەرخان دەکەن کە بەرتەسک و توندوتیژن**

**چەندین خاڵی ناکۆکی هەیە لەنێوان حکومەتی ئەمریکا و حکومەتی ئێراندا. بەڵام ناکۆییەکی کەمتر هەیە لە نێوان هەردوو گەلی ئەمریکا و ئێراندا. کەواتە لە مەودای دووردا من بواری و پانتایی بەرچاو بەدی دەکەم بۆ دروستبوونی هاوکاری لە نێوان هەردوو گەلی ئەمریکا و ئێراندا**

### دیپاک گوپتا پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# گەورەترین کێشەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبوونی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەهێزە

**دیپاك گوپتا پڕۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە (San Diego State University) بەڕێوەبەر و دامەزرێنەری پرۆگرامی ئاسایشی نێودەوڵەتی و چارەسەرکردنی ناکۆکییە. بە شێوەیەکی سەرەکی توێژینەوە لە چەند بوارێکی گرنگدا دەکات، وەك هۆکارەکانی تیرۆریزم، ناکۆکیی ئیتنی و کاریگەریی ناسەقامگیری سیاسی لەسەر گەشەکردنی ئابووری. بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو ناسەقامگیری و نائارامییەی لەم ناوچەیەدا لەئارادایە، هەروەها بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێکی دیکە گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** چۆن لە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بەرامبەر ئەم ناوچەیە دەڕوانیت؟**

- لە ڕاستیدا و بە لەبەرچاوگرتنی هەل و مەرجی ناوچەکە، ئەوا زەحمەتە ئیدارەی ترەمپ، -ئەمە بۆ ئیدارەی ئۆباماش ڕاست بوو- بتوانێت پەرە بە سیاسەتێکی لۆژێکی و تۆکمە بدات لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە چەندین کێشە هەن لە ناوچەکەدا، وەك کێشەی تایفەگەری، کێشەی تورکیا، ئایا لە دژی ئێمە کاردەکات، یان لەگەڵ هاوپەیمانەکانماندا. لەبەر ئەوە زەحمەتە بتوانین پەرە بە سیاسەتێکی گشتگیر و تۆکمە بدەین. تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ئێمە کۆمەڵێك ئامانجی سەرەکی و بەربڵاوی سیاسەتی دەرەوە بخەینە لاوە، وەك خۆلادان لە کوشتنی خەڵکانی مەدەنی و پاراستنی مافی کەمینەکان و پەرەپێدانی دیموکراسی، کە ئەمانە ئامانجی بەربڵاوی سیاسەتی دەرەوەن، بەڵام هەمیشە ئەم پرسانە دووچاری بەریەك کەوتن دەبنەوە لەگەڵ ئەوەی لە ژیانی ڕاستەقینەدا دەگوزەرێت. ئایا ئێمە هاوپەیمانێتی لەگەڵ تورکیا ببەستین، یان لەگەڵ بەحرەین، یان لەگەڵ سعودیە؟ لەلایەکی دیکەوە پێناچێت دۆناڵد ترەمپ بایەخ بەوە بدات پەند و ئەزموون لە مێژوو وەربگرێت، لەبەر ئەوە سەختە بزانین سیاسەتی دەرەوەی بە چ شێوەیەك دەبێت. لەلایەکی دیکەوە هێشتا لە ناوخۆدا تیمی سیاسەتی دەرەوە تەواو نەکراوە، واتە هێشتا —لە نێو وەزارەتی دەرەوەدا- چەندین پۆست بە بەتاڵی ماونەتەوە. کەواتە کەلێنی گەورە بەدی دەکەین لە تێگەیشتن لەوەی لەسەر ئەرزی واقیع و لە ناوچەکەدا ڕوودەدات، لەبەر ئەوە بۆشاییەك هەیە لە

**ناسنامەیەکی بەهێزی نەتەوەیی هەیە لە هیندستاندا. لەبەر ئەمانە و بەهۆی تەرکیزی هیندستان لەسەر پەروەردە و بایەخدان بە مەعریفە هیندستان سەرکەوتوو بووە لەسەر شانۆی جیهانی**



بواری سیاسەتی دەرەوە و بە چەشنی فڕۆکەیەکە کە بە بێ ئەوەی ئاڕاستەکەی دیاربێت، دەفڕێت.

*** باشە کاریگەریی ئەو بۆشاییەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا چی دەبێت لەسەر ناوچەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە پشێوی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- لە راستیدا بۆ ماوەیەکی زۆر ئەمریکا بە بێ پلانێکی گشتگیر و هەمەلایەن کاری کردووە، ئەوەی زیاتر من نیگەران دەکات، ئەگەری قووڵبونەوەی ئەو قەیرانانەیە کە لە ناوچەکەدا لەئارادان. ئایا تورکیا چۆن هەڵسوکەوت دەکات؟ مەبەستم ئەوەیە بە چاوپۆشین لەوەی ئەمریکا چ سیاسەتێك دەگرێتەبەر، ئایا ئەردۆغان چۆن هەنگاو هەڵدەگرێت؟ ئەی سعودیە چۆن هەنگاو دەنێت؟ ئەمانە بە شێوەیەکی سەربەخۆ جووڵە و بزاوت دەکەن کە ئەمریکا کۆنترۆڵێکی کەمی هەیە بەسەریانەوە. ئەوەی پەیوەندی بە شەڕی دژ بە داعشیشەوە هەبێت، ئەوا دیارە لە رووی سەربازییەوە داعش لە تێکشکاندایە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چارەنووسی هێزێکی وەك پێشمەرگە چی دەبێت؟ ئایا هێزەکانی دیکەی ناوچەکە چ کاردانەوەیەکیان دەبێت؟ بەڵام من دووپاتی دەکەمەوە سیاسەتێکی لۆژیکی و تۆکمە بەدی ناکەم لەلایەن ئەمریکاوە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، کە ئێمە لەلایەکەوە کارمەندی پێویستمان نییە بۆ تێگەیشتن لە واقیعەکە، لەلایەکی دیکەوە من هەر ئەگەری گەڵاڵەبوونی سیاسەتێکی لەم چەشنە بەدی ناکەم. لەم روانگەیەوە من دەڵێم ئێمە تەنیا کاروبارەکان بەڕێ دەکەین، بە بێ ئەوەی سەرمەشقێکمان هەبێت و ئاڕاستەی هەنگاوەکانمان دیاری بکەین، کە ترسی ئەوەم هەیە-هەرچەندە هیوادارم کە ئەمە روونەدات-ئەمە ببێتە هۆی زیاتر ناسەقامگیرکردنی بارودۆخی ناوچەکە. چونکە دەبینین ئەوەتا ئەسەد جڵەو نەکراوەو لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە، ئێرانیش بەردەوامی بە کار و سیاسەتەکانی خۆی دەدات و لەو باوەڕەدانیم ئەمریکا بتوانێت تاکلایەنە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێتەوە. هەروەها پێدەچێت حکومەتی ئێستای عێراقیش هەوڵی جێگیرکردنی پێگەی خۆی بدات، بە چەشنی ئەوەی ئەردۆغان دەسەڵاتی خۆی چەسپاندووە. کە من نیگەرانم لەوەی بارودۆخەکە بگەڕێتەوە ئەو رۆژگارەی کە پێش بەهاری عەرەبی لە ئارادا بوو.

*** لە کۆتایی وەڵامەکەتاندا ئاماژەتان بە بەهاری عەرەبی کرد، کە نووسینیشتان هەیە لەم بارەیەوە، بۆچی بەهاری عەرەبی نەیتوانی سەقامگیری و ئاڵوگۆڕێکی ئاشتییانە بەدوای خۆیدا بهێنێت؟**

**ئەگەر لە بەرهەمە سینەماییەکانی بۆلیود بڕوانن، ئەوا دەبینن سەرجەمیان باس لە خۆشەویستی نێوان هیندۆس و موسڵمان دەکەن و هەرگیز کەسێکی موسڵمان وەک شەڕانگێز پیشان نادەن تەنیا لەبەر ئەوەی موسڵمانە**

- لە راستیدا ئەگەر لە بەهاری عەرەبی بڕوانین، ئەوا جگە لە تونس لە چ وڵاتێکدا کەمترین جیاوازی هێناوەتەئاراوە؟ بەپێچەوانەوە هەموو وڵاتانی ناوچەکە رەوشەکەیان گەڕاندۆتەوە بۆ دواوە. کەواتە تەنانەت ئەوانەی لەنێو ئیدارەی ئۆباماشدا کاریان دەکرد، متمانەیان بە پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ — لەم ناوچەیەدا- لەدەست دەدا. لە راستیدا دیموکراسی مەسەلەیەك نییە بتوانیت خەڵکی پێوە پابەند بکەیت بە چەشنێك هەڵبژاردنێك رێکبخەیت و خەڵکی ریزبگرن و پەنجەیان لە مەرەکەبی مۆر هەڵکێشن و ئیدی بتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە دیموکراسی لەئارادایە. چونکە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دواتر چی روودەدات؟ لەبەر ئەوەی سەرجەم حزبە بەشداربووەکان هەوڵدەدەن دیموکراسی لاواز بکەن، چونکە دەیانەوێت هەموو ئاستەکانی دەسەڵات خزمەت بەوان بکات، ئیدی دادوەرەکان بن، یان دەستووری وڵاتەکە بێت. تۆ بڕوانە ئەزموونی ئیخوان لە میسر، کە راستەوخۆ دوای گرتنەدەستی دەسەڵات ویستیان دیموکراسی لەبار ببەن. کەوابێت ئەم مەسەلانە لە دەرەوەی توانای هەر ئیدارەیەکی ئەمریکاوەن.

*** لەم چەند رۆژانەی رابردوودا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا راپۆرتی پەیوەست بە کەمینە ئایینییەکانی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە پاراستنی ئەو کەمینانە دەبنە ئەولەوییەتی پەیوەست بە پرسی مافەکانی مرۆڤەوە لەلای ئیدارەی ترەمپ، ئێوە چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن؟**

- لە راستیدا پشتیوانییەکی گەورە هەیە لە کەمینەکان، مەبەستم ئەوەیە لەسەر ئاستی گوفتارو گوتار گوزارشت لە پشتیوانییەکی گەورە دەکرێت لە ئێزیدییەکان و لە مەسیحییەکان، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کەمینەکانی کێن و چین؟ مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەوانەی لە ئەمریکان تێدەگەن کە کەمینەی دیکە هەن لە ناوچەکەدا؟ ئایا لە دابەشبوونی شیعە و سوننە تێدەگەن؟ ئایا تێدەگەن کە کەمینەی دیکەی وەك کورد هەن؟ ئەی چی دەربارەی عەلەوییەکان دەزانن؟ خۆ ئەوانیش کەمینەن. کەواتە ناکرێت لە سیاقی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باس لە کەمینە بکەیت، بۆ نموونە ئەگەر باسی شیعە بکەیت، ئەوا لە وڵاتێکی وەك بەحرەیندا زۆرینەن کە لەلایەن سوننەوە دەچەوسێندرێنەوە، بەڵام لە سعودیە شیعەکان کەمینەن، لە کاتێکدا لە عێراقدا سوننەکان نارازین. کەواتە زۆر زەحمەتە بتوانین پێناسەی ئەوە بکەین ئایا کەمینەکان چین، ئایا عەلەوییەکان لە سووریادا کەمینەن؟ لە رووی تیۆرییەوە بەڵێ، بەڵام ئایا تا چەند وەسفکردنیان بەم شێوەیە سوودی هەیە؟

*** ئێمە دەزانین ئەم ناوچەیە بۆ رۆژگارێکی دوورودرێژە پشێوی و تەنگژە باڵادەستە بەسەریدا، بەم دواییەش گروپە تیرۆریستییەکان دەستیان دایە وێرانکاری و کوشتارێکی بەربڵاو، ئێوە چ شرۆڤەیەکتان بۆ ئەم رەوشە هەیە؟**

- من لە بنەڕەتدا خەڵکی هیندستانم و دەزانم هەڵنان و هاندانی خەڵك بە ناوی ئایینەوە چی لێدەکەوێتەوە. رۆژی ١٥ی ئاب رۆژی سەربەخۆیی هیندستان بوو، کە لەم وڵاتەدا نزیکەی ٢ ملیۆن کەس کوژران لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا بە ناوی ئایینەوە. جێی دڵتەنگییە کاتێك سیستمی سیاسیی ناوچەکە تێکدەشکێت، دەبینیت ناسنامەی تایفەگەری جێی دەگرێتەوە، دواتر ناسنامەی خێڵەکی و ئینجا ئیتنی جێی دەگرنەوە، واتە ناسنامەیەکی نەتەوەیی گشتگیر بوونی نییە. ئایا عێراقییەکان سەرەتا خۆیان بە عێراقی دەزانن ئەمە لە کاتێکدا لە وڵاتێکی وەك ئەمریکا هەستێکی بەهێزی ناسنامەی نەتەوەیی بوونی هەیە، واتە راستە جیاوازی هەیە، بەڵام هەموومان خۆمان بە ئەمریکی دەزانین. هەروەها لە وڵاتە سەقامگیرەکانیشدا بوونی ئەم ناسنامە نەتەوەییە دەبینین. بەڵام بەهۆی هۆکارە مێژووییەکانەوە زەحمەت بووە گەلانی ناوچەکە بتوانن پەرە بە ناسنامەیەکی نەتەوەیی بدەن. ناسنامەی نەتەوەیی ئەوەیە کە کەسێکی عێراقی بڵێ من عێراقییەکی شیعەم، نەك ئێرانی. بەڵام پێدەچێت شانازیکردن بە عێراقیبوون یان سووریبوون چیتر لە ئارادا نەمابێت، ئەمەش بەلای منەوە گەورەترین کێشەیە.

*** هەروەك دەزانن هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە، وەك عێراق و سووریا بەدەست دابەشبوونێکی قووڵەوە گرفتارن، هەروەها پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی ئەم وڵاتانە، بەتایبەتی لە عێراقدا بریتییە لە گومان و بێ متمانەیی، بە چەشنێك ئێستا کورد پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە تاکە رێگاچارەی**

**ئەگەر ئێوە وڵاتی خۆتان دروست بکەن، دەبێت خۆتان بۆ ئەگەر و تەحەددداکان ئامادەبکەن، لێرەشدا گرنگی بوونی ناسنامەی نەتەوەی دێتە پێشەوە، چونکە ئەگەر ئەم ناسنامەیە هەبوو، ئەوا دەتوانین دەست بە بنیادنانی دیموکراسی بکەین**

**ناسنامەی نەتەوەیی ئەوەیە کە کەسێکی عێراقی بڵێ من عێراقییەکی شیعەم، نەک ئێرانی. بەڵام پێدەچێت شانازیکردن بە عێراقیبوون یان سووریبوون چیتر لە ئارادا نەمابێت، ئەمەش بەلای منەوە گەورەترین کێشەیە**

**جێی دڵتەنگییە کاتێک سیستمی سیاسیی ناوچەکە تێکدەشکێت، دەبینیت ناسنامەی تایفەگەری جێی دەگرێتەوە، دواتر ناسنامەی خێڵەکی و ئینجا ئیتنی جێی دەگرنەوە، واتە ناسنامەیەکی نەتەوەیی گشتگیر بوونی نییە**

**بەردەمی بریتییە لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە عێراقدا، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ڕەنگە لە بیرتان بێت کە چەند ساڵێك پێش ئێستا جۆ بایدن باسی لەوە کرد کە پێویستە عێراق بۆ سێ بەش دابەش بێت، ئەمەش کارێکی ئاسان نابێت. تۆ بڕوانە لە ئێستادا چین و هیندستان نزیك بوو لەوەی شەڕ هەڵبگیرسێت لە نێوانیاندا بەهۆی ئەوەی چین داوای خاوەندارێتی خاکێکی دەکرد لەسەر ئەو بنەمایەی کە پێشتر بەشێك بووە لە سنووری سیاسیی وڵاتەکەی. کەواتە ئێوە پرسیارێکم لێدەکەن کە بەداخەوە من وەڵامێکی ئاسانم نییە بۆی. ڕاستە من هاوسۆزم و من هەندێ مێژووم خوێندۆتەوە لەبارەی ئەوەی چی بەسەر کورددا هاتووە و چۆن بە باشی بەشێکی خاکی وڵاتەکەیان بەڕێوەبردووە و تا چەند دەتوانن گەشەکردن بەدەست بهێنن ئەگەر بێتو سەربەخۆ بن، بەڵام من نازانم شێوەی حکومەت و شێوەی وڵاتەکەیان چۆن دەبێت. هەروەها ئەگەر ئێوە وڵاتی خۆتان دروست بکەن، دەبێت خۆتان بۆ ئەگەر و تەحەددداکان ئامادەبکەن، لێرەدا گرنگی بوونی ناسنامەی نەتەوەی دێتەپێشەوە، چونکە ئەگەر ئەم ناسنامەیە هەبوو، ئەوا دەتوانین دەست بە بنیادنانی دیموکراسی بکەین، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی مێژوو ئەوا دەبێت ئەمە پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاو بێت.

*** کێشەیەکی دیکەی ئەم ناوچەیە بریتییە لە رکابەریی نێوان شیعە و سوننە، چۆن لەم پرسە دەڕوانیت و ئایا پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکرێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە کێشەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی کەربەلا، ئیتر چۆن چاوەڕوان دەکەن وا بە ئاسانی ریشەکێش بکرێت؟ من هیچ بیرۆکەیەکم نییە لەم بارەیەوە، ئەمە کێشەیەکە کەس ناتوانێت پێشبینی بکات، یان چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر چارەسەرێك بۆ ئەم پرسە بخرێتەڕوو، دەبێت لەنێو کۆمەڵگە ئیسلامییەکانەوە سەرچاوە بگرێت.

*** لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا خەڵکی هیندستانن، دەمانەوێت بپرسین بۆچی وەك دیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو ئاماژە بە هیندستان دەکرێت و لەلایەکی دیکەوە باس لەوە دەکرێت ئەم وڵاتە هێزێکی هەڵکشاوە، ئایا پێشبینی دەکەن چ ڕۆڵێکی هەبێت لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی لە ئایندەدا؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە زۆر خۆشحاڵم ئەم پرسیارە لە من دەکەن. ئینجا با بێینەسەر ئەوەی بۆچی هیندستان وڵاتێکی دیموکراسییە، لە ڕاستیدا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتیی ئەم وڵاتە کە باوەڕیان بە دیموکراسیەتێکی عەلمانی هەبوو، واتە بەهۆی سەرکردایەتی مۆراڵی (نەهرۆ و گاندی)یەوە کە پێداگرییان لەسەر ئەوە کرد کە دەبێت عەلمانییەت و جیاکردنەوەی ئایین لە حکومەت هەبێت. ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم ئەوەیە کە سەرجەم سەرکردەکانی دواتر- جگە لە ئەندێرا گاندی- هەموویان باوەڕیان بە دیموکراسی هەبوو. دواتر ئەگەر ئێوە لە بەرهەمە سینەماییەکانی بۆلیود بڕوانن، ئەوا دەبینن سەرجەمیان باس لە خۆشەویستی نێوان هیندۆس و موسڵمان دەکەن و هەرگیز بۆ یەك جاریش کەسێکی موسڵمان وەك شەڕانگێز پیشان نادەن تەنیا لەبەر ئەوەی موسڵمانە. هەروەها سەرجەم خەڵکی دەست بە گریان دەکەن کاتێك گوێیان لەو گۆرانییانە دەبێت کە پەیوەستن بە خۆشەویستی نێوان هیندۆس و موسڵمان و لە نێوان ئەندامانی چینی باڵا و چینی خوارەوەی کۆمەڵگەی هیندستاندان، کەواتە سەرکەوتنەکە پەیوەستە بەمانەوە. لەلایەکی دیکەوە و لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا سەرکردەکان کارێکیان کرد کە ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات مومکین بێت. هەروەها لە هیندستاندا پەروەردەکردنی خەڵك بە چەشنێکە کە خۆیان داکۆکی لە دیموکراسی دەکەن. دواتر ناسنامەیەکی بەهێزی نەتەوەیی هەیە لە هیندستاندا. لەبەر ئەمانە و بەهۆی تەرکیزی هیندستان لەسەر پەروەردە و بایەخدان بە مەعریفە هیندستان سەرکەوتوو بووە لەسەر شانۆی جیهانی، هەموو ئەمانەش بۆتەهۆی ئەوەی هیندستان ببێتە هێزێکی هەڵکشاو. دواتر هیندستان وڵاتێکی گەورەیە و پشت بە بەشەکانی دیکەی جیهان نابەستێت بۆ بەدیهێنانی گەشەی ئابووری، چونکە بازاڕێکی زۆر گەورەی هەیەو دەتوانێت سەرجەم کاڵاکانی لە بازاڕەکانی خۆیدا ساغ بکاتەوە. هەموو ئەم فاکتەرانە کاریگەرییان هەبووە، بەڵام من هۆکاری سەرەکی گەشەکردنی هیندستان بۆ سەرکردایەتییەکەی دەگەڕێنمەوە.

**پشتیوانییەکی گەورە هەیە لە کەمینەکان، مەبەستم ئەوەیە لەسەر ئاستی گوفتارو گوتار گوزارشت لە پشتیوانییەکی گەورە دەکرێت لە ئێزیدییەکان و لە مەسیحییەکان**

**سەرجەم حزبە بەشداربووەکان هەوڵدەدەن دیموکراسی لاواز بکەن، چونکە دەیانەوێت هەموو ئاستەکانی دەسەڵات خزمەت بەوان بکات، ئیدی دادوەرەکان بن، یان دەستووری وڵاتەکە بێت**

**ئێران بەردەوامی بە کار و سیاسەتەکانی خۆی دەدات و لەو باوەڕەدانیم ئەمریکا بتوانێت تاکلایەنە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێتەوە. هەروەها پێدەچێت حکومەتی ئێستای عێراقیش هەوڵی جێگیرکردنی پێگەی خۆی بدات**